# پەرداخی تەمەن

شیعر

بەندی عەلی

٢٠١١ - ٢٠١٤

ناوی کتێب / پەرداخی تەمەن
بابەت /دیوانە شیعر
ناوی نووسەر/بەندی عەلی
ساڵی نووسین / ٢٠١١ - ٢٠١٤
شوێنی چاپ / سلێمانی – چاپخانەی کارۆ
تیراژ/ ١٠٠٠
لە بەڕێوبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن (١٤٤٩) ی ساڵی ٢٠١٧ ی پێدراوە .

## پێشەکیەکی کورت

بۆ دەنووسین ، هەرکەسێک قامکی کردە گەردنی پێنووس ، لەگەڵ یەکەم هەناسەی نووسیندا قوڵفی چەمەی ئەم پرسیارە یەخەی دەگرێ بۆ دەنووسم ..

دوورلەڕۆچوون بەرەو قوڵایی وەڵامێکی فەلسەفی بۆ ئەم پرسیارە .. هەرچوونە ژوانێکی نووسین بەتایبەتی شیعر، بەدەرنییە لەتامەزرۆیی و پەرێشانیی خودی مرۆڤ بۆ ژیان و بەها پیرۆزەکانی لەجوانی و عیشق و ئازادی و یەکسانی .. هەروەها بەدەرنییە لەژان و حەسرەت و ئازارەکانیش .. ڕەنگە لای هەندێک نووسین ، تەنیا دەربیجەیە بێ بۆ گوزەری کڵاو ڕۆژنەیکی خۆرەتاو بۆ ژێرزەمینی تاروونسرمی ناخی خودێکی سیخناخ بەحەسرەت .. ڕەنگە لای هەندێکی تر، ئاوێنەیەکی بێگەرد بێ بۆ خوێندنەوەی شفرەکانی خودێکی پەنهان .ڕەنگە لای هەندێکیش ،کۆترێکی تەتەری نامەهەڵگر بێت بەرەو حەبیبەو لای هەندێکی تریش ،چەکێک بێ بۆ بەرەنگاری و داکۆکی کردن لەمافی بەشخوراوان ،

دەشێ نووسین ببێتە مۆتەکەو کۆت و زەنجیرو شمشێری
دەستی جەللادێکی بێ بەزەیی و مشتێ تلیاکی باخەڵی
بازرگانێکی هزرو لەوەش زیاتر دەشێ ببێتە بارەشی فیتنەو
وشکەداری شەڕو ئاشووب ، یاخود فریاد ڕەسی والیەکی
زۆردار.. وەلێ من هەمیشە خوازیاربووم و دەبم لەبەرەی
یەکەمدا بم ، هیواداریشم ئەم بەرهەمە نوێیەم میوانێکی
روح سوکی ماڵی دڵتان بێت .. لەگەڵ ڕێزو سوپاسم بۆ
خوێندنەوەتان.
بەندی عەلی .. شوباتی ٢٠١١

## شانزەی سێ

هەموو ساڵێک . لەم ڕۆژەیا
لەش ولاری بەتاجەگوڵ دائەپۆشن
ئەو هەربۆنی سێوی لێدێ و
هەربۆنێکی ترلەوێدا ، نا .. مەحاڵە
هەموو ساڵێ ، لەم ڕۆژەیا
گیرفانەکانی پڕ ئەکەن لەنوقڵ و مێوژی مژدەو
ئەو هەرچاوەڕێی بەراتەو.. دەمی تاڵە
هەموو ساڵێک ، لەم ڕۆژەیا
ئەیدەنە بەرڕەهێڵەبارانی بەڵێن
ئەو هەنوکەش بوکەبەبارانێ ئەکات
ئاخرگوڵم ، توفلی قەڵەمڕەویی والی
خەریکی دارە دارەیەووەعدەکانی .. گڕوگاڵە.

## باخەکەی ئێمە

لەم باخە سەیرەی ئێمەیا
کەگوڵە هەنارەکان ئەوەرەن
ڕەشەباکان خەڵات  دەکرێن
دارهەناریش ئەدرێتە بەرلۆمەی بەدکار
کەپەپوولەکانیش ئەسوتێن
ئافەرینی گڕئەکرێت وزەمی ڕەنگەکانی بەهار
کەقەلەڕەشکەکانی دەهریش
بەرسیلەکانی خۆشنوودی
لەڕەزی خەیاڵ ئەفڕێنن
روتبەکانیان بەرزترئەکرێ بۆڕوتبەی داڵ
قوفڵێکی ئاوریشمیی ئەدرێ
لەئەڵقەڕێزی پەنجەرەی ژووری خەیاڵ
کەڕاوچییەکی بەوەفاش
ڕەنگاڵەکانی شارئەکا بەنیشانە
میداڵی زێڕئەکرێتە ملی تفەنگ و
ئەوەی لەخەویشا بفڕێ
سەرتاسەری گوڵستانی
لێ ئەکرێتە .. بەندیخانە .. !

## من و ئەنفال و ئەو

بۆ من ، خەوێکی تاڵترە لەژەقنەبووت
لەقەتر انی ترین شەوی بێ چرپەیا
هەمووگوڵە ئەستێرەکانی ملکەچن
مرۆڤەکانی بێ روخسار..
گەڕیدەکانی بێ هەوار,
هەموودڕندەکانیشی لەیەک ئەچن
بۆ ئەوی شارەزاو لێزان
بەگشت جۆرەکانی قومار
سەر مێزی کازینۆیەکەو
سواڵکەر انی سیاسەتی
تێدا ئەبن بەملیاردێر
ملیاردێرەکانی عیشقیش ,..
ئەبنە سواڵکار..!

بۆ من ، ئەنفال
لەنێوان پوش و پەڵاشی کات و شوێنا
تەنیا بن دەوەنێک نیە
لەجوگر افیای دورگەیەکی
بەخت سیاچەمانەیا ،
هەرخۆی بۆ خۆی
کیشوەرێکە لەزریکەو
ئۆقیانوسێکە لەگریەو
هەسارەیەکە لەبرین ..
بۆ ئەو ، بەشێکە لە لەزەت
لەزەتی با بەلەرزی دارە رووتەکان ,
لەزەتی ڕێژنەو ڕەهێڵە بەزەلیلی
پەڕەندە هەڵکوڕماوەکانی وەرزی زریان
ئاخ .. تۆ ئەنفال
چەند لەزریانی روح ئەچیت!؟

**ئازادی**

**لەهەواری نێوان دووڕووبارا**

**لاشەیەکی زێدە قورسەو**
**بەسەرشانی ڕیش سپێکانی هەوارەوە**
**کۆڵان کۆڵان .. جادە جادە**
**دەیگێڕن و ئەوەندەش ئازیزە لایان**
**دیدەیان بەرایی نایە**
**دواجار، بەخاکی بسپێرن ..**

**...................**

**بەستەیەکی داواکراوی دووبارەیەو**
**هەموو سوبحێ**
**لەڕادیۆی نێو پاسە سیخناخەکانی شارا**
**دەیبیستین و باوەجو هەرکەدابەزین**
**گیانمان شەڵای ئارەقەو**
**کەسمان دڵنیا نین لەوەی**
**لەشەرمانە یان لەگەرمان ..!!**

زینده خەوێکی شیرینی پەشمەکیەو
هەرچاوڕێین ,
پەرییەکی ژێرسنگ سپیی باڵ پەمەیی
بمانداتێ .. وەلێ حەیفێ
ناگاتە کازیوەی سبەی
تا هەڵئەسین لەبن زارا ئەتوێتەوە
.......................
سێوێکی خڕو خەپانی بریقەدارەو
لەدارستانەکەی والیا ،
زۆر دوورە دەست
بەدرەختێکی بەرزەوە هەڵواسراوە
ڕەونەق و بۆن و بەرامی
نیگاکارانی مەست ئەکاو
بەخەتێکی کوفیش لەسەری نووسراوە
بەتەنیا هەربۆ بینینەو
لەڕۆژانی ئادەمەوە
دەست تێوەردانی حەرامە !

بنێشتێکی خۆماڵیە
لەژێردانی زۆرزانەکانی هەوارا
ئەوانەی کە .. ژمارەیان
لەمێرووولەکان زیاد ترو
هەریەکەشیان وبەڕەنگێ
بۆیاخی زیندەگی ئەکەن
بەمەرجێ لەگەڵ مەزاجی
فیلەکانیشدا بگونجێ
..............................
تابلۆیاکی گران بەهای دانسقەیەو
لەیەک ساتاو
لەگشت گەلەریەکانی شارا
دانراوە ، هەرکتومت مناڵدوانەی
مۆنالیزای داڤینشیەو
ئەوەندەی دڵگیرو ڕەندە
ئەوەندەش سەیرە نهێنیی ،
بزەی لێوی .. !

ڕۆمانێکەولەجوانیا
لەچۆلەکەی بەهەشت ئەچێ
وەلێ هەرلەفڕیندایەو
لەسەرچڵێکی درەختی بەختی ئێمە
هەڵناکورمێ

..............................

ئاسکە مێیەکی بەنازەونەرم نەرم
لەدەشت ودەر
بەبەرچاوی شێرەکانی هەوارەوە
دێت ودەچێ و
چاوەڕێی میهرە لەقەدەر

شانۆیەکەو بەعینو انی
دەستی  هەردەم لەسەر
سکی تێرە
کەلەبچە ڕۆڵی بازنگی تیا ئەبینێ و
چاوی سوور، سومبلی غەزەل
نیشتمانیش
زیندانێکی پێج ئەستێرە
.........................
ئازادیەکەی لەمەڕئێمە
شیڕەی زوڕنایەکی کۆن و
گرمەی دەهۆلێکی بۆشە
چەند بیژەنن ، چەند بیکوتن
سەدای نەوای لەدوورخۆشە..

## بەفر

لەڕەنگا ، لەشەکری خەوی
مناڵێکی کۆرپە دەچێ و لەسیحرا
لەدونیای خەیاڵ
لەنەرمیا لەپاودەری روحی دایک و
لەلەنجەیا ، لەسەمای بارینی پەریی
دواهەمین شەوی سەری ساڵ
لەتوڕە بوونا لەزیکری موریدان و
لەمیهریشا ، لەهەناسەکانی شەماڵ
لەتاما ، لەماچی تەڕی
کچە قەرەجێکی کۆچەری
لەبۆنا، بۆنی باخەڵ و
سنگ و گەردنێکی بەخاڵ
وەلی عومری
هەر ئەوەندەی عومری هەنگ و
پەپوولەیەو ساڵی جارێک
وەکو میو انێکی روح سوک دێتە لامان
ساتێ دەچێ ، نەشوێن پێەک جێدەهێڵێ
نەناونیشان و نەهەواڵ ..

## دار

ئەشێ وەستایەکی نەجاڕ
بێشکەیەکی لێ دروستکا
کەشتیەکی بێ چارۆکەی ئەفسوناوی
لەئۆقیانووسە ڕوونەکەی منداڵیدا
بۆ ئەو خەونە بێگەردانەی
لێو انلێون لەبەر ائەت
هەرواش ئەشێ ، گۆچانێ بێ
لەپاییزی تەمەنماناو لەو ڕۆژانەی
گەڵای زەردی یادگاریمان لێ ئەوەرێ
وەک هاوڕێیەکی بەئەمەک
کێوی هەزاربەهەزاری خەمەکانمان بۆ هەڵگرێ
هەرواش ئەشێ ، مێزو کورسی و
تەختەی ڕەشی ئەو پۆلە بێ
کەلەیەکەم بەربەیانی مەعریفەوە
لەوڕۆژەوەی کەدارا .. دوو دارەکەی دی
هاوسەفەری گەشەی هەست و هزرمانەو
تائەو ڕۆژەی زەنگی کۆتایی دوا و انەی
قوتابخانەی ژین لێ ئەدا ..

هەرواش ، ئەشێ ، هاوڕێیەکی
لەخۆبوردووی بەجورئەت بێ و
لەشەوێکی بێپایانی زستانێکا
کەددانی فریشتەکانی یەزدانیش
لەسەرمانا جێڕەیان دێ
ئەوگڕلەبەدەنی خۆی بەردا
تا چەقەڵە فرسەت پەرستەکانی کزەو
زوقم وشەختە
زەفەربەروحی لەرزیوی ئێمە نەبەن
دار، لەهەمووئەم تابلۆیانەدا جوانە
تەنیا لەوساتەیا نەبێ
ئەبێ بەتووڵی قەفەس ولەنێویدا
مەلێکی مەئیووسی ئەسیر
چریکەی بێدادی ئەچڕێ

**بەرد**

**ئەشێ وەستایەکی نەققاڕ**
**دیواری ماڵێکی ڕەندی پێ هەڵچنێ**
**هێلانەیەک .. کەهەرتێیدا گوێت لەجریوەی**
**ئەوینێ دووپاساری نێرو مێ بێ و**
**زیوەزیوی زەڕنەقوتە تازە تروکاوەکانیان..**
**یان هونەرمەندێکی شێوەکار**
**پەیکەری ز اتێکی بەرزی لێ دروستکا**
**جەنگاوەرێکی قارەمان ، شاعیرێکی جو انی پەرست ،**
**هونەرمەندێکی بەهرەداریان داهێنەرێکی مەزن**
**ئەشێ مناڵێکی تورەش**
**بیگرێتە شوشەی پەنجەرەی کۆشکی والیەکی زۆردار**
**یان دارەتووی حەزێکی دوورلەدەستی پێ هەڵوەرێنی**
**بەرد لەهەموو ئەم تابلۆیانەدا جو انە**
**تەنیا لەو ساتەیا نەبێ ، کەگوڵدانی**
**دڵی چەن دوعایەک ئەکا .. بەنیشانە !**

## لەشەقامی سالمەوە .. نامەیەک بۆ سالم

سالم ئەی پیری ڕیش چەرموو
هەستە وا شارخرۆشاوە
ڕێ ژوانی عیشق ئەمڕۆ
پڕگوڵی سووری ژاکاوە

ئەگەرسودفەی بێکەست کرد
پێی بڵێ هەربەخوێن ئەدرێ
ئاوی دارە پیرەکەی تۆ
وەلێ هەرخاری خەم ئەگرێ

ئەگەرڕێت کەوتە سەیوانیش
بۆگەواهی ئەم بەهارە
چەپکێ گوڵی ژاکاوی شار
بەرە بۆلای مامەیارە

بە پیری موغانیش بڵێ
مێژووئەمڕۆئاژاوهەیە
ئاگری نەورۆزناکەینەوە
زوحاک لەخوێنی کاوەیە

سالم مەحوی لەبیرنەکەی
هەواڵێکیش بە بەوزاتە
تا بزانێ ئەوی ووشیار
دونیا هێشتا خەراباتە

بەگۆرانیش بڵێ دیسان
باخی پاشا لەوبەرئاوە
وەلێ ئەمڕۆ لەجێی دوژمن
برای بەدکاردەوری داوە

سالم ئەی عاشقی ماندوو
جوابێ بنێرە بۆکوردی
بڵێ ئەمڕۆش گوڵێکی تر
بارەشی بێدادی بردی

ئەگەرڕێبوارێکی شامیش
گەڕایەوە بۆلای نالی
پێی بڵی بێ نازە شارو
بێ هەست وویژدانە والی

**بۆ برایم خەیات**

تێکەڵێ بوو، لەشەونمی
سەرگەڵا ریحانەکان وشەکرە بەفری
کۆسارەکانی موحیبەت
هەربۆیە ئەو، تامی بەفرو
بۆنی ریحانەی لێ ئەهات
لەپاش هەموو سەفەرێکی
رێبوارە ڕیش سپیەکەی زستان
وەک پەڕەندەیەکی ئازاد
بەچریکەی نەورۆزەکەی
مژدەی بەهاری پێ ئەداین
هەربۆیە ئەو، هەموو ساڵێ
گرەوی لەنێرگز ئەبردەوە
لەبێستانەکانی عیشقا
وەک شنەبایەکی سەرکەش
بەناو چڵی درەختەکانا ئەگەڕاو
نهێنیەکانی گوڵانی ئەگواستەوە

لەم کارەیا ، هیچ تەتەرێ
دەستی نەئەگەیشتە دامەنی
چۆغەکەی ئەو
لەژێر ئاسمانی شینیشدا
ئەو دەریایەک بوو لەئاواز
هەڵچوون و داچوونی بەستەو مەقاماتی
دەشتی دێمی دەروونمانی نغرۆ ئەکرد
هەربۆیە باران هەمیشە
ئیرەیی بەدەنگی ئەبرد
هەر ئەویش بوو
ئہێنی دوو چاوی مەستی فاتیمەی بۆ
ئەدرکانین
هەربۆیە لەو ڕۆژەوەی ئەو
بۆ ئاسمانی نەمری فڕی
ئیتر ئێمەش
نەلەسڕی زەردەخەنەی لێو تێئەگەین
نەشەرابی ، جوانی لەدوو چاوی مەستا
ئەخۆینەوە

## <u>چرپەکانی شەوێک</u>

### تەنیایی

کزەبایەکی بێ شەرمی سرکەو
ئەگەرژیان
جەنگەڵێکی بەیەکاچووی زۆر چڕپش بێ
بەنێو لاقی
درەختەکانی ڕۆژگارا دزە ئەکاو
ژێر کراسی نهێنیەکان ئەپشکنێ
لەو ساتەداو
لەئاوێنەی چاوی خەڵکا
واهەست ئەکەم .. ڕووت و قووتم

## غەریبی

هەرئەوەندەی بووە هاوڕێت
ئیترئەبێتە سێبەرولێت ناگەڕێت
لای ئەو، گرنگ نیە لەکوێی
ڕەدوشی کەوی نایگری و
ناتوانی لەدەستی هەڵدێی
شکۆی سێبەری ئاسایی
لەژێرخۆرا خۆی ئەنوێنی
ئەم سێبەرێکی بێ عارەوشەوان زیاتر
خۆی بەروحەوە ئەلکێنێ

## غرور

کێوە بەفرێکی لوت بەرزو لەخۆبایی
لەسەرپشتی زەریایەکە نەرم ، بەڵام
بێ متمانەو ناخ وروژاو
تا لەباوەشی تەما بێ ، سەربازێکە
بەغیرەت و لەگەڵ ڕێژنە بارانیشا
سازشکارێکی زۆر عەییار
کەچی ئەژنۆی دێتە لەرزین
بەدزە نیگایەکی گەرمی
دییەی هەتاو

## یادگاری

هەندێ هێڵی پچڕپچڕ
ئەمانەوێ بەیەکیانی بگەیەنین
هەندێ تولەڕێی تەماوی ، گەرەکمانە
بەهیمەتی مۆمێکەوە بەسەریانا بڕۆینەوە
هەندێ پەڵە خەوی گەواڵ
ئارەزوومانە بای شەماڵ ، بەلوتفی خۆی
لەیەکتریان گرێ بداو
ببن بەزیندەخەوێکی هەمیشەکەسک
مەر اقێکی زەردی پایزی تەمەنیش ، بۆ
کۆکردنەوەی دەنکە هەڵوەریوەکانی
هەناری مێخۆشی لاوی ،
وەلێ .. حەیفێ

## خەمۆکی

کەتاری دڵ هەرمیلۆدیی ناڵە لێدا
دەروون هەرجامێکی پڕبێ
دییەش هەرسەیلی جوێباری لەبەربڕوا
گەڵای لێو موحتاجی ماچی کوڵمی دڕک و
ئەوەی سینەش هەڵیدەمژێ گڕی ئاخ و
ئەوەی ئەیداتەوە ، بۆسۆی
خەڵوزی قەقنەسی ناخ و
کەروح تەنیا بەهەڵفڕین ئاسوودە بێ
کەللەش هەربەکۆنە بادەی
بیرچوونەوە ئالوودە بێ
کەگوڵ لەداڵانی دڵدا کرێچی بێ
ئیترتامی شەربەتی عیشق ، ئەبێ چی بێ

## هیوا

دەنکە یاقوتێکی ووردی
نێو سەدەفێ ..
ڕەقترلەبەرد ، دێرزەمانە
لەقوڵایی زەریایەکی ترسناکا
ماسیەکی ئەفسووناوی قووتی داوە
ئەم دڵە سەرکەشەی منیش ،
لەکەناری هەموو خەمەکانی ژینا
وەک پیرە ڕاوچیەکی بێ عار
عومرێکە سەرقاڵی ڕاوە ..

## <u>دەهرێک لەخەیاڵ</u>

-1-

دەهرێکە سێبەری تەرمێ ڕاومان ئەنێ
ڕیش سپیەکانی نیشتمان
لێیان کردووین بەمۆتەکەو
پێمان ناڵێن ، کەی و چۆن و لەکوێوە دێ
پەیکەرێکی کەڵەگەتی قینج و قیتیش
لەدوورەوە سەیرمان ئەکاو
ئێمە وەک خوا ئەی پەرستین
ئەویش بستێ جوڵە ناکاو
بەم هزرە کاڵ و کرچەمان پێئەکەنێ

-2-

دەهرێکە پەروانەکانی

باخە وێرانەکەی ئێمە ، ژوانی عیشق

هەرلەگەڵ ئاگرا ئەگرن

ئاخر پێیان وایە ، وەفا

لەبەخشینی تەمەندایە بەڕەونەقی

ڕوخسارە بریقەدارەکان

بۆیە دەهرێکە سوڵتانی ،

گڕحوکمڕانیمان ئەکا ..

-3-

دەهرێکە گوڵ لەگەڵ خارا

لەسەر چڵی درەختی نیشتمانێک ئەژین

بەڵام هەرگیز وەکو ئێمە

درۆ لەگەڵ یەکا ناکەن

ئەویان ژیان عەترپرژێنی عیشق ئەکاو

ئەمیان خوێنی پەنجە ئەڕژێ

بەڵام هەرگیز ئەوان ناڵێن

هاودەنگ وهاوڕەنگی یەکین

-4-

لەم دارستانی مێژووەیا

هەندێ جاربایەکی وەرزی ئەگوزەرێ

خۆڵ لەخشڵ و تۆز لەگەڵاو

دەمامک لەڕوخسارەکان ڕائەماڵێ

هەرلەو ساتە وەختانەدا

چاوە کزەکانی ئێمەش

جوان لەدێزو خێرلەشەڕو

مەرد لەدز.. جیا ئەکەنەوە

هەرلەو ساتە وەختانەدا

ڕەنگی هاوخوێنی کاڵترو

قیژەقیژی هاوزمانیش .. کزتر دەبێ

# دوا شەوی ساڵ

بەدوای سێبەری دەهرا ڕائەکەم ..
هەناسەسوارو شەکەت و ماندوو
نەمن چمکێکی یەخەی ئەو ئەگرم ..
نەئەو ساتمەیەک ئەکا بۆ پشوو

لەڕێتمی ڕەوتا لەئاسک ئەچێ
ئەو چوستوچالاک ، سرکو گورجوگۆڵ
من خلیچکو خاو ، بەڕەوتی کیسەڵ
بەردی سیزیفم هەڵگرتووە بەکۆڵ

ئەی تەمی حەسرەت لا لەبەرچاوم
من خۆم لەبەفری عومرا چەقیوم
لەجەنگی نێوان ئاسک و کیسەڵا
بێگومان هەرمن ، تەنیا بەزیوم

ئەگەرمن و ئەو سەیری خۆمان
کەین لەبەرئاوێنەی چاوی قەدەردا
مەعلومە کێمان شەنی عومرئەکاو
کێمان خەرمانی گشت بەهەدەردا

دیسان وا شەوی کۆتاییساڵەو
دەهرهەرجوان و نویٚ ئەبێتەوە
باوەجو کێوی عومری سپی من
چنگیٚ لەبەفری لیٚ ئەتوێتەوە

وەلیٚ وێڕای خەم ، وێڕای ژانی دڵ
ئەی دەهری بێباک ، من هەربەهیوام
ئەم دواشەوەی ساڵ دەروازەیەک بیٚ
بۆ دەهرێکی نوێی خۆشنوودو ئارام

## فڕین

ئەوشەوانەی
مانگ لەبەرتاڤگەی شەبەنگا
خۆی ئەشوات وئەستێرەکان ،
بریسکە بارانم ئەکەن بەپەنهانی
ئەوشەوانەی
خەم ئەبێ بەساقیەکی بەسەلیقەو
پیاڵەی دڵم سەرلێو ئەکات
لەشەرابی جاویدانی
ئەوشەوانەی ،
پەنجە نەرمەکانی خەیاڵ ، دەڤی دڵم
دەخەنە سەرسەمای زیکری میهرەبانی
ئەوشەوانەی ، بەفربەربینایی ئەکا
بەپەڕەی نۆتەی موسیقاو
نیگاکانم ئەبنە شیعرێ بۆگۆرانی
ئەوشەوانە .. بێ پرس وڕا
پەڕەسوێلکە مەحزونەکەی روحم ئەفڕێ
بەرەوکۆنە هێلانەکەی موحیبەت و
مەعبەدی عیشق .. سلێمانی

## عەیامی هیچ

لەسێبەری جەستەکانا
بۆ جیاوازیەکان دەگەڕێین
لەژێر عەبای شەوەزەنگا
بۆ دەرزیلەکانی لێکچوون
زریانی پرس وگلەییش ئەکەین بەگژ
پەیکەرە خەمبارەکانی ڕابردووا
پیاوە سەرابیەکانی ئەمڕۆش
دەخەینە سەرشان و دەڕۆین
ڕوولەخەراباتی عەدەم
لەوێش وەک نەریتێکی کۆن
لەئاهەنگی سەرکەوتنا
پێکێ لەشەرابی وەهم هەڵئەدەین و
گیرفانەکان پڕپڕئەکەین لەنوقڵی .. هیچ

کەدێینەوە
بۆ خاڵی سفری دەستپێکیش
شەکەت ، ماندوو ، هەناسەسوار
وەک ئەوەی پیرەمەگروونمان
هەربەکۆڵ گواستبێتەوە ..
لەسەرگازی پشت ڕادەکشێین
بۆ سەرخەوێکی کورت و کوێر
بەرلەخولێکی تری نوێی مەراسۆنی
گەڕان بەشوێن مانای هیچا
لەنێو بازنە بەتاڵەکەی نیشتمانێک
پڕپڕ لەکاوێژی درۆو
نیگارە بێ ڕەنگەکانی خۆشخەیاڵی
نیشتمانێک .. پڕپڕ لەهیچ

## جریوەی ئازادی

پاساریەکان هەرگیزلەجریوە ناکەون
تا دڵە گچکۆلەکانیان
زەنگی زیندەگیان تیا بێ
چونکە ئەوان ، بەئازادی ئەتروکێن و
کام درەختیشیان بەدڵ بوو
ئەیکەن بەنیشتمانی عیشق ،
بەگۆڕەپانی ئازادی ..
دەسا ئەی ڕاوچیی مەرگباز، لەوەزیاتر
خەون بەدواهەڵفڕینی پاساریەکانی هەوارو
دواچڕینی جریوەیانەوە مەبینە
تۆ هەرڕەنج خەساری ، ڕاوچی
ئەم دوا تیری کەوانەشت بێ بەهایە
پاساریەکان هەرگیزلەجریوە ناکەون
هەرسروشتی خۆیان وایە !

## لێکۆڵینەوە

لەباخی میرا
گوڵە مێخەکێ لەتوپەت کرا
ووتیان ، ئەو بۆ خۆی ماخۆلانی بوو
دەستبازی لەگەڵ دڕکی پیر ئەکرد

لەئاسمانەکەی ماڵی پاشایا
ڕەنگاڵەیەکی باڵ ئەرخەوانی
درایە بەرتیر
ووتیان ، ئەو بۆ خۆی هارولاساربوو
ڕەدووی کەوان وڕێی لەتیر ئەگرت

لەکارێزەکەی ماڵی کوێخایا
سوورە ماسیەکی عاشق ڕاوکرا
ووتیان .. ئەو بۆ خۆی غەریب مەزاج بوو
لێوی لەقوڵفی قولاپ گیر ئەکرد

ڕۆژێ  میرو شاو کوێخا فەنا بوون
ووتم .. بەدۆزەخ
مووەیەک لەجەستەم نەنگە ببزوێ
ئەوان بۆ خۆیان گێل و نەفام بوون
دەست و پەنجەیان تێکەڵ بەکاری
عیزرەئیل ئەکرد ..

# ملوانکە

چ بەخشندەیە ئەم دادە
چ میهرەبانە ئاسمان
هەردەمەو ملوانکەیەکمان لەمل ئەکەن
لەزێڕی عەیارە ڕەهاو تێزابی بێگەردی یاسا
ئەویاسایەی وەکو نوشتە
دەست وپێی ئێمەی شێت وهار
شەتەک ئەدا ،
تاکو خۆمان زامدارنەکەین
ئەوان خۆیان باش دەزانن
ئێمەی لاسارو ماخۆلان ، ڕەنگە ڕۆژێ
لەبرسانا یەکتر بخۆین ..
ئەوان خۆیان باش ئەزانن
ئێمەی لەدەشتەوە هاتوو
چەنێ تینوی کانیلەیەکی فرسەتین !

بۆیە دەبێ ، بۆ قومێ ئاوی سکاڵاو
بۆ لەتێ نانەڕەقەی حەق ، پێشترتکای
مۆڵەت بکەین لەوفریشتە بەڕەحمانەی
شەوان ، پرخەی ناخی ئێمە
خەولەچاویان ئەتۆرێنێ
چیت گەرەکە لەوەزیاتر، ئەی دڵ شنەی
ئەم بەهەشتە .. بۆت بهێنێ ؟

**نامۆیەکی هەزارەی دووەم**

-1-

حاڵی نەبوون ، بەخشینی خودایە بۆ بەرد

تەنیایی سەرمەدی ، بۆ مانگ

هەتوانی بێ عاریش بۆ زام

لەم زەمینە ئاپۆڕەیا

چ بەڵایەکی گەورەی ، ئەی فام

-2-

نابینایی ، قەدەرێکی میهرەبانە

بۆ ئەوانەی پەڕەی دڵیان

لەباڵەکانی پەپوولە ناسکترە

کەئەم دەهرە نیگارێکی لێواولێو بێ

لەبێ ڕەنگی ، لەدێوەزمە ، لەقێزەوەن

لەم زەمینە ئاپۆڕەیا

چ بارێکی قورس و پڕخاری ئەی تەمەن

-3-

کەرو لاڵی

خۆشبەختیە لەسەردەمی ژاوەژاوا

کەزیندەگی درەختێکی

هەمیشە ڕوتەڵی ووشک و پڕ چۆلەکەی

چەنەبازو هەموو پێکەوەش بخوێنن

هیچیان گوێ لەوی تر نەگرێ

لەم زەمینە ئاپۆڕەیا ، بەخوێنی یەک

چەنێ تینوون .. ئەی زارو گوێ !؟

-4-

خۆ ئەگەر گوڵ متمانەی بەمیهری ڕۆژگاربکردایە

ئەبەد خاری بەپاسەوان ڕا نەدەگرت

گەرچی منیش نەسلی گوڵ نیم

بریا بم تو انیایە جارجار دڵم بتەنیایە بەخار

بۆ دەست و پەنجەی هەندێ دۆست ،

بەرلەئەغیار..

-5-

خۆ ئەگەر با

متمانەی بەبستێ خاکی نیشتیمانێک بکردایە

ئەبەد نەدەبووە موشتەرِی

هەمیشەیی کۆچ و فرِین

لەم خووە شێتانەیەدا

من و ئەو زۆر لەیەک دەچین

-6-

خۆ ئەگەر ئاو

متمانەی بەکۆشی زەریا بکردایە

ئەبەد رِەدووی هەور نەدەکەوت

ئەگەر متمانەی بەهەوریش بکردایە

کۆشی لۆکەیی ئەویشی جێ نەدەهێشت

دەشێ حیکمەتی مانەوەی ئەویش هەر لەئەوەدا بێ

بێ ئۆقرە بێ ، تاکو نەمرێ

بریا منیش وەک ئاو بێ ئۆقرە بوومایە

بێ ناو نیشان و بێ شوێن پێ

تاهیچ خەمێ نەتوانێ سان یەخەم بگرێ

لەم هەزارەی دووهەمەدا

زیندەگی هەر.. درِک دەگرێ

## <u>نەوارێ بۆ هەوارێ</u>

بەربەتیشکی هەتاو مەگرن .. با تەم هەوارداگیرنەکا
دیوارەکان بەرزتر مەکەن .. با خەم نیگاریەخسیرنەکا

پەنجەرەکان ئاوەڵاکەن .. هەمووکاس وڕەنگ پەڕپوین
هەوای ئەم هەوارە پەنگەوخۆڵی حەسرەت دای پۆشیوین

فەرشی گڕمان بۆڕامەخەن .. پریشکی گڕبێ ئامانە
لەخاچی ئاسنمان مەدەن .. ئاسن بێ هەست وویژدانە

بەرد مەگرنە شوشەی دڵمان .. کۆشکی ئێوەش بلوورینە
گوللەبارانی گوڵ مەکەن .. باخی خۆتان بێ پەرژینە

بەژنی کورسی چەند بڵند بێ .. ناگاتە بنکی گوڵدانێ
پڕلەیاسەمینی عیشق و.. ئاوی روحی میهرەبانێ

ڕەونەقی تاجی هیچ عەرشێ .. ناگا بەپرشنگی چاوێ
سەیلی سۆزی لەبەرئەڕواو نیگای نەرمی نازئەهاوێ

گەرقەرارە چڵی دارێ .. نیشتمان بێ بۆهەمووما‌ن
گەڵاکانی مەرجە وەک یەک .. ببنە سێبەربۆپشووما‌ن

داری تفەنگ نایەتە بەر.. گوڵلە قەت نابێ بەقەڵەم
چی بەحیبری خوێن بنووسرێ .. چیترنیە غەیری ستەم

ئەی موسافیرئەگەرپێت نا بەخاکێکداو.. زریکانی
بزانە میوانی لەوێ .. لەشارەکەی سلێمانی

## سەردان

لەچاوەڕوانیتا ڕووام
گەڵاکانی دییەم سەوزو شکۆفەم گرت ،
هەرنەهاتی ..
لقوپۆپی هەردوو دەستم
کردە ئاسمان بۆنزایەک ،
قەدی پشتم بوو بەگۆچان .. هەرنەهاتی
لەجەنگی باڕەشی عومرا کەنەفت و
ئوفتادەتەن بووم
هەڵوەریم و بووم بەدەروێشێکی خەزان ،
هەرنەهاتی ..
هەناری خۆزگەم ووشک بوو
لیمۆی ڕازم ، چرچ و گوشراو
ترێ ڕەشکەی نیگاکانم بوون بەمێووژ
دڵم ، بەقەڵایەکی روخاو.. هەرنەهاتی
زۆرئەترسم ئەوکاتە بێی
جەستەم قەفەزێکە ، چۆڵ و ساردو تەزیو
پەڕەندەی ڕوحی ڕەوانیش .. تازە فڕیو

## گومان

کرمی گومان دەوری سێوی دڵمی داوە
تێناگەم بۆ گوڵەباخەکانی نیشتمان
ئەگەرچی لەڕەنگا زەقن
وەلێ بێ بۆن و بەرام و بێ ڕەونەقن
لەم باخەدا ، گومان بۆتە سێبەری گیان
گومان ، سیگارێکە لەسەر لێوی ووشکی
ئێمەی ئاڵوودە بەسوتان
گومانی گوڵ لەماچی هەنگ
گومانی گەڵا لەشنەبا
گومانی جەستە لەروحی
هەمیشە خۆبەمیوان زان
گومانی بینایی ، لەڕەنگ
گومانی پێ ، لەبێهوودەیی هاتوچۆی
گومانی گومانیش لەخۆی
گومان لەڕووبار، لەباران
گومان و گومان و گومان ..

## سوپاس

سوپاس بۆ ژن کەخۆمانی پێناسانین
سوپاس بۆ ژن . تێیگەیانین
کەبێ باوەشی میهری ئەو
چەن پەڕەندەیەکی گێل و بەسەزمانین
سوپاس بۆژن ،فێری کردین
کەیاخی بین لەفرمانی
نەخواردنی سێوی عیشق
دەنا ئەبو ایە تا ئەمرۆش لەوێکانێ
بەدیارعیشوەی سێوەکانی بەهەشتەوە
هەرچاوان زەقەمان بو ایە
لەعیشاوە .. تا شێو انێ
سوپاس بۆ ژن ..
کەهەمیشە وەبیرمانی دێنێتەوە
ئێمە لەدەرسی ئەمەکدا، چەند نەفامین
گەرچی لەبیردۆزی لافوگەز افیشدا
شۆڕەسواری نەبەزیوی گۆڕەپانین
سوپاس بۆ ژن ، کەخۆمانی پێناسانین !

## سیاسەت

-1-

ئارایشگایەکی گەورەی جوانکاریە

ئەهریمەنی تیایا ئەکەن بەفریشتەو

پڵنگ بەپشیلەیەکی ماڵی

فیل بەئاسکەکێویەکی کەمەرتەنگ و

داڵ .. بەسوێسکەوکەمتیاریش بەسمۆرەو

ڕێوی بەئەسپێکی باڵداری خەیاڵی

شەمشەمەکوێرە بەپەپوولەی پایزو

قەل .. بەتاووس

هەندێ مرۆڤیش بەتوتی و

ژیژک بەماسیی تاس ولووس ..

-2-

سێبەرێکی بێ جەستەیەو
باکی نیە لەکات و شوێن
لەئاهەنگا ، سەرچۆپی نادا بەکەس و
لەپرسەیا ، ئاو دەگێڕێ
لەباخچە گشتیەکانیشا
سیخوڕی بەسەر درەخت و
گوڵ و دڵدارانەوە ئەکاو ، لەبازاڕا
لەبازرگانی ڤینیسیا ناودارترەو
تەنانەت جوابی سڵاویش بەسوو ، ئەدا
شەویش لەژوورەکانی خەوا
کەکوورەی توانەوەی دووگیان
لەیەکترا .. جۆشی گەرمە
لەئەودیوی پەردەوە خۆی حەشارداوەو
نیگا ئەدزێ ، ئەو بێ شەرمە ..

-3-

کورتترین ماوەی نێو انی هەردوو خاڵی

سفری دەسپێکی خەیاڵ و

ترۆپکی گەیشتنی دەستە

بەئەستێرەکانی شوهرەت ،

ئەگەر بڕوات بەگرتنەوەی هێلی دەست و

خوێندنەوەی فنجانی قاوەو

نووسینی فاڵ و نوشتە بێ ..

زۆرترین ماوەی نێو انی

چاو و زمانیشە ، ساتێ

روخساری قەبیحی ناحەق ئەبینیت و

ئارەزووتە ڕەجمی بکەی ..

ئەگەر بەتلیاکی ڕەشی

ئەو بەڵایە ئالوودە بی ..

-4-

کەیفی بەبۆنی بەیبوون و

مێخەک وریحانە نایە..

مەیلی لەبینینی سەمای

هەنگ و هەڵاڵەو پەپوولەو

کۆترو پاساری نییەو

میزاجیشی ، بەتریفەی مانگەشەوو

بەتریقەی قەڵبەزەی سەرکەشی تاڤگەو

بەکەروێشکەی قژی خاوی دەشتی گەنم

تێک ئەچێت و

حەزیش ناکا گوێبیستی تۆنی ورشە بێ !

## بۆ مەرگی گوڵێ

عیزرەئیل پێی شەرمە ئەمشەو
توخنی ئەم شارە بکەوێ
لەهەرکوچەوکۆڵانێکا
تفەنگێکی نابینایە ..
ئەهریمەن ناوێرێ ئەم شەو
سەردانی ئەم شارە بکا ..
هێندە فیتنەبازی زیت و
بەردوگوللەی گێلی تیایە ..
لەئەمڕۆوە ئیتر باسی
چیرۆکی هاوخوێنی مەکەن
لەم گوڵزارە زامدارەیا
گوڵم ، هەرزانترین کاڵا
خوێن من وخوێنی تۆیە
لەئەمڕۆوە ئیتر باسی
نوکتەی هاوزمانی مەکەن ،
لەم هەوارە بێزارەیا
گوڵم ، دیسان لوولەی تفەنگ
زمانحاڵی .. گفتوگۆیە ..

ببوورن ئەگەر بێزارم کردن ..
ئەم سپێدەیەش لەهەمان
سپێدەکانی تر دەچێ ..
بەزرینگەی زەنگی هەمان
کاتژمێری قورمیشکراو
لەهەمان سەری کاژمێراو
لەسەرهەمان جێخەوی لوولی دەق گرتوو
بەهەمان پەیکەری گیانەوە
لەخەوڕادەچڵەکی و چاوت
هەربەهەمان دیکۆری دووبارەی نێوان
هەمان درزی پەنجەرەی نیوە داخراوی
سەرهەمان تاقی تاقانەی
دیواری بێزاری هەمان ژووری نیوەتاروڕونی
هەمان ئەپارتمانەوە هەڵدێ ،
پاشان هەمان کەوشی نێوماڵ لەپێ دەکەی،
هەربەهەمان لەنجە دەڕۆی،
لەبەردەم هەمان ئاوێنەی لێڵی هەمان توالێتا
هەربەهەمان جۆری سابون
دەم و چاوی خوماری پاش هەمان خەونی
مۆتەکەیی شەوێ دەشۆری ،

بەهەمان گوێزانی کولیش
ڕیشی چەرموت دەتاشیت و
بەهەمان فڵچەی ددانیش
لەسەرهەمان کێشی پەنجە ،
سەروخواری ددان دەشوێ ..
لەسەرهەمان مێزوکورسی
هەمان جۆری چا دەنۆشی و
هەرهەمان بەرچایی دەخۆی ..
ئەوجا کەوڵی هەمان بەرخی
نێو هەمان ڕان دەپۆشیت و
هەربەهەمان تولەڕێدا
بەهەمان پاسی سیخناخیش
بەرەو هەمان دەباخانەی
ڕەنگ کردنی دۆزەخی ژین
بەبۆیاخی بەهەشت ، دەڕۆی ..
لەوێش هەمان ڕوخسارەکان دەبینیت و
لەگەڵ هەمان ئامێری کوێردەکەویتە زۆرانبازی
کەماندووبووی هەمان تانجیی
هەمان ڕاوچی پێت دەوەڕێ و

دەستەو یەخەیت
تا دواهەمین گەڵای هەمان
چڵی تو انات هەڵدەوەرێ ،
ئەوجا گەردن ئازاد دەبی و
دیسان هەمان ڕوخسارەکان جێدەهێڵی و
هەر بەهەمان تولەڕێداو
بەهەمان پاسی سیخناخیش
بەرەو هەمان ئەپارتمان و
لەسەر هەمان مێزو کورسی و
بەهەمان کەچک و چەتاڵ و
لەهەمان قاپی بێ دەنگا
هەمان خو انی ئێوار انی دوێنێ دەخۆی ..
ئەوجا کەمێ سەیری هەمان پرۆگرامی
هەمان تەلەفیزیۆن دەکەی ..
بەرلەوەی هەمان مۆتەکەی
هەمان خەون سوارت بێ و
هەربەهەمان فلچەی ددان
لەسەر هەمان کێشی پەنجە
سەروخواری ددان دەشۆی

پاشان لەسەر
هەمان جێخەوی دەق گرتوو
بەهەمان پەیکەری گیان ،
هەمان گڵۆپ خامۆش دەکەی
تاکو سپێدەیەکی کەی
کەلەهەمان سپێدەکانی تردەچێ !!

## سەرابەکان

ڕەشەباکان لەیەک ئەچن
هەنێکیان هاروبێ عاروئاژاوەچین
هەنێکیان سەرکزوشەرمن
بەڵام ، هەردوو
خۆڵ ئەکەنە چاوە شینەکانی ئاسمان
هەردووکیشیان
ڕەوشتی قەلەڕەشکەیان هەیەو
ئالوودەن بەبەزمی دزی ..
دووپشکەکان
لەکلتووری پێوەدانا لەیەک ئەچن ..
ئەگەرچی هەنێکیان سوورن
یان قاوەییەکی زەردباویاخود .. ڕەشن
بەڵام تەبعی خۆیان وایە
بێ نمەک وفرسەت پەرست
لەداب ونەریتی غەدرا
هەمووڕەنگەکان ، هاوبەشن ..

ئێمەش هەموو لەیەک ئەچین
ئێمەی ماندوو لەهەڵزنان بەکەمەری
کێوە لووسەکانی هزرا
ئێمەی عەوداڵ بەدەست مناڵە لاسارەکانی سۆزەوە
ئێمەی سەرقاڵ بەخوێندنەوەی نامە باڵدارەکانی خەیاڵ
ئێمەی نغرۆ تاکو بینەقاقای مێژوو
لەگۆمە مەنگەکانی وەهما
ئێمەی مرۆڤە سادەکان .. !
ئێوەش هەموو لەیەک ئەچن ،
لەپێچانەوەی سیگارە بۆندارەکانی درۆیا
لەپێدانی گوڵە نایلۆنەکانی وەفا
بەحەبیبە ڕەش پۆشەکانی نیشتمان ..
لەبەخشینەوەی نانە سوورەکان بەخوێنی
فەرهادە گیان بازەکانی ڕێبازی عیشق
لەهەڵدانی نوقڵە تاڵەکانی بەرات بۆ
زەڕنەقوتەکانی گەڕەک
کەباو انیان بەسەرداری ئازادیەوە ،
هەربەبەرچاوی ئێوەوە بەساچمەی ڕاوچیان کوژران
بەڵێ ئێوەش لەیەک ئەچن ..
ئێوەی مرۆڤە شازەکان ..!

## ڕاپەڕین

چەند بەهارە
هەڵاڵەی خەونەکانی ئێمە
ئێمەی پیادەو
پووشی بەڵێنەکانی ئێوە
ئێوەی سوارچاک
لەباهۆزی یادەکانی ڕاپەڕینا
ئەخولێنەوەو ناگەڕێنەوە سەرزەوی
ئاخر گوڵم
هەموویان بوون بەکۆلارە..

## شەوێکی پاییز

شاربەقژی پەخشانی شەو خۆی داپۆشی
درەختەکان ڕووت و قووتن ،
هەناسەیان ئەبێ بەتەم
گەڵا زەردە وەریوەکان ڕەدووی ڕەشەبا ئەکەون
هەوریەخەی خۆی دائەدڕێ و بەخوڕ ئەگری
ئەهلی گەڕەک لەکەنار دەریاچەی شەوا
ڕاوی سوورە ماسیەکانی خەون ئەکەن
ژوورەکەم ، کپ و خامۆشەو
شەقام لەودیو پەنجەرەوە هەڵدەلەرزێ
سێبەری موسافیرێکیش لەسەر شانۆی
دیوارەکان نمایشی
کورتە مۆنۆدرامایەکی کردو گوزەشت
قژی شەو قەتر انی خەمی لێ ئەچۆڕێ
پشیلەی ماڵە هاوسێکەی بەرامبەرمان

ئەویش لەپشت پەنجەرەوە تێم ئەڕوانێ و
بەبزەی سەرلێوی زەردی گڵۆپەکان
چاوەکانی بریسکەیان دێ
من لەنێو دەفتەری روحا
شیعرێک بۆ غوربەت ئەنووسم
ئەویش پەڕەی تەنیایم ئەخوێنێتەوە
ئای .. خودایە
ئەگریجە ڕەشماریەکانی
شەوی غربەت چەند درێژن ؟

## سوێی عیشق

ئالوودەم ئەکا چاوی بەتلیاکی ئەشکی ڕوون
ئاسوودەم ئەکا ناوی کاتێ ئەگاتە بەرگوێم
ئەمیان شەرابی روحە ساتەوەختی فەنا بوون
ئەویان زایەڵەی زەنگی زەنگوڵەی دڵی بەسوێم
پەیوەستم ئەکا دەستی بەهەستی یەزدانەوە
هەیهاتە کەئەوزاتە سەربەنەسلی بەشەربێ
پێم وایە لەپەریانە بەبەرگی ئینسانەوە
کەی دادە پەریزادە بەرگی ئینسی لەبەربێ
ئازارم ئەدا زاری بەندی لەداوی شەرما
بێزارم ئەکا ئاخی ناخی تێری لەئازار
پڕنازم ئەکا ڕازی هەڵوەریوی بەسەرما
بەنیازم ئەکا لێوی بەماچی مزری هەنار
حەیرانم ئەکا ڕەوتی بەلەنجەی کێشی سەرپێ
فێری گەڕیانم ئەکا بەکەروێشکەی قژی خاو

پڕمەیلم ئەکا سەیلی ئارەقەی کوڵم و لاگوێ
وێرانم بەتۆرانی .. بەردی دڵ ئەکا بەئاو
بیمارم ئەکا خاری بێ قەراری موژانی
کاتێ لەساتی خەوا ئەبنە پاسەوانی ڕێ
خۆشبەختم وەلێ وەختێ سپیدەی دەم بەیانی
ئەو دەمەی چرۆی چاوی کەدووبارە دەپشکوێ

## <u>تەرازوو</u>

پڕبەدڵ منیش تامەزرۆم
تەنهاو تەنها
چیرۆکە پەمەییەکانی عیشقتان بۆبگێڕمەوەو
لەگەڵ هەڵاڵەکانا سەفەربکەم
لەم گوڵەوە بۆ ئەوگوڵ و
لەپەپوولە مەستەکانیشەوە فێری
هونەری سەما ببم
ئەی چی لەباسی روحە خەڵوزیەکانی
نێو تەنوورە ساردەوەبووەکەی شەرەف و
باڕەشە فیتنە بازەکانی داب و
غەدرە سەرمەدیەکەی چرا بکەم
پڕبەدڵ منیش تامەزرۆم
هەمووشەوێ تاسپێدە
تەنهاو تەنها شیعربۆچاوی کەژاڵ و
لێوی ئاڵ وپەنجە نەرم ونۆڵەکانی
حەبیبەکەم بنووسم و
لەکەناری ڕووبارە شەرابێکی بەهەشتا
بەڕووی خۆشبەختیا ، دەم دەم
پێکی جاویدانی هەڵدەم ..

ئەی چی لەدۆزەخە ئاپۆڕەکەی زیندەگی و
دڕکە تینووەکانی بازاڕبەخوێنی جەستەم و
حەزە بێ کۆتاییەکانی
خونچە خنجیلانەکەم کەم
کەدەڵێی سێبەری خۆمن
هەردەڕۆم و.. پێیان ناگەم ..
پڕبەدڵ منیش تامەزرۆم
تەنهاو تەنها ، نزیک لەکەنارەکانی دڵنیایی
لەگەڵ نەورەسەکانی خۆشیا بفڕم و
مژدەی گەیشتن بەووشکایی بدەم
بەو کەشتیەو انانەی
گێژاوەکانی زەریا گێژی کردوون
ئەوجا لەپەلکەزێڕینەیەکدا نغرۆ بم و
تێر تێر ببم لەڕەنگەکان
ئەی چی لەم هێزی جەزبە کەم بەئەرزەوە
کەدەڵێی قولاپی دەستی ڕاوچیەکەو
تامردنیش لەلێوم نابێتەوە

پڕ بەدڵ منیش تامەزرۆم
کامێرا دیگیتاڵەکەی چاوەکانم
تەنهاو تەنها
وێنەی ڕوخسارێکی شەنگ و
نیگارە دڵ فڕێنەکان و
ئاهەنگی ژوانی کۆترە عاشقەکان و
گوڵەڕەنگاوڕەنگەکانی بەهاربگرێ
ئەی چی لەدێوەزمەکانی
شەوانی بێ تروسکایی غەدرو
خەراباتەکانی نەفسی لەحەسرەتا نغرۆو
زێرابی ویژدانە بۆگەنەکان و
کەلاوە خاپوورەکانی نیشتمان و
دارە ڕوتوقوتەکانی پاییزی ئازادی بکەم
پێم بڵێ ، یارۆ
بۆ کێ بەجێیان بهێڵم ؟

## شەوێک پێش ڤەلەنتاین

ئەی هەناسە شپرزەکەی
سینگی قانگدراوی عومرم بەدوکەڵی
جگەرە تاڵەکانی ڕۆژگار
ئەی بزە تاقانەکەی سەرلێوی ووشکم
کچم ، ئەم شەو.. هەربەتەنیا
بەگمەی کۆترەکانی ڕازو
باڵەفرێی پەپوولەکانی بەهەشت و
بەگوڵە هەمەڕەنگەکانی
باخە هەڵواسراوەکانی موحیبەت و
بەبریسکەی چاو انی ئەستێرەکان و
بەتنۆکی عارەقە بەفراویەکانی لاملی مانگی ئێشکچی و
بەتانگۆی ماسیەکانی دەریاو
بەتریقەی پەریەکانی ئاسمانی عیشقەوە خەوببینە
لێگەڕێ لەخەمی ئەمڕۆو
گەمە لەگەڵ قەرەقۆزە قۆشمەکانی
سێرکی ئەم دەهرەیا مەکەو
لەخێوو جنۆکاکانی هزری کۆنیش باکت نەبێ و
تەنیا بۆ خۆشەیستی بژی ..
ئاخرسبەی ڤەلەنتاینە !!

## واژۆ

تەورکەدارزامدارئەکا
گەڵا داوای مۆڵەت ناکا بۆفڕین و
گوڵ چاوەڕێی ڕوخسەت نیە بۆهەڵوەرین
کەگابەردێک ڕێ لەتانگۆی ڕووبارئەگرێ
شەپۆل داوای ڕەزامەندی
لەکەس ناکا بۆیاخی بوون
ماسیش گوێ نادا بەداب وعورفی دەریا
ئەودەمەی جامی بێدەنگی پڕلەبادەی حەسرەت ئەبێ
زریانی ئاخ هەرپرسە گورگانێیەکیش
ناکا بەناخ ، تاکوبڕژێ
کەنیشتیمان ئەبێت بەقەفەزێکی مەزن
باڵندە دەنگ زوڵاڵەکان
تکای ڕێگە پێدان ناکەن لەپاسەوان
بۆچڕینی چریکەکانی ئازادی
باوەجو.. سا ئەم غەزەلنامە نامۆیە
چ پێویستی بەواژۆیە ؟

## زاخاوی دڵ

دڵم لیمۆیەکی چرچ وگوشراوی دەستی ڕۆژگارە
تکەی روحی لێ بچۆڕێ دیارە هەربۆ چاوەزارە

تۆزی حەسرەت دای پۆشیوم هەڵمی سەبرم لێ هەڵدەسێ
نغرۆم لەخومخانەی خەما ئاخ بۆ دستی فریاد ڕەسێ

دیەم دوو ڕیشۆڵەی بەندن لەقەفەسی چاویلکەیا
نیگارلێڵ وسەرنجم وێڵ لەخەوێکی ساویلکەیا

پەنجەکانم لقی کووڕی شۆڕەبیەکی خەمبارن
کەمێ یادی تیاماوە هۆش ، ئەو انیش سرک ولاسارن

حیکمەتی تۆیە ئەی تەمەن بەهزری کرچ وکاڵەوە
ئەڵێی بوکەشوشەم بەدەست کەنیشکێکی مناڵەوە

## (ئیتربەس)

پڕین لەشەربەتی روحی
هەنارە هەڵوەریوەکانی خۆنەویستیی
ئەوانەی باڕەشی فیتنەی گیانبازی بۆشەرەفی باخ
لەباسکی ئارامی داری دایکی کردن
دەسا ئەی بەختی پاییزان
با سەمای بێ زەوقی وەرین ئیتربەس بێ
هەگبەی سەفەرمان سیخناخە
بەپروسکی خێڵی یاران
رێی مەرامیش هەربیابانێکی ڕوتە
دەهرێکە تۆوی مێخەکی عیشق ئەچێنن
دەهرێکە پێدەشتی ژیان

بەعەتری چۆڕاو لەدڕکی خەم ئاو ئەدەین
دەسا ئەی ڕمی بێ هەستی دەستی قەدەر
با پێکانی هەمان برین .. ئیتر بەس بێ
دڵمان چەند پاساریەکی باڵکراون
ویستی خۆیان نیە ، یاران
لەبێ میهریی بازەکانی نیشتمانە
لەنێو قەفەزی سینەدا هەڵکوڕماون
دەسا ئەی دەهری بێ مروەت
باحوکمی زیندانی نیگاو کۆتی فڕین
ئیتر بەس بێ !!

## شیعر

ماسیەکی مێی ڕووت و قووتەو
لەبەرچاوە بزەکانی ئاپۆڕەیا شەرم ئەکا
بۆیە تەنیا لەخەڵوەتی تەنیاییا
فرسەت لەپاسەوانەکانی زەمەن دێنێ و
ئەبێتە میوانی شەوی لانەوازێ
(ماسیی شیعر)

هەنێ جاریش لەنامە یاساغەکانی
ڕێکخستنە نهێنیەکانی شارئەچێ
لەپشکنینی بازگەکان ئەترسێت و سڵ لەچاوی
چاودێرەکانی ئەهریمەن ئەکاتەوە
بۆیە ئاسان چمکی یەخەی
نابەخشێ بەهەموو دەستێ
(نامەی شیعر)

هەنێ جاریش ..
لەپەریەکانی ئاسمان ئەچێت و
یان فریادڕەسی خەمێکە یان کەلەبچە
ئەنێتە دەستی روحێکی داواکراو
لەدادگای میهرەبانەوە
لەهەردوو حاڵەتا ، پەرییەو
هەموو چاوێ پەی بەفڕینی ئەونابات
(پەریی شیعر)

هەنێ جاریش .. ڕەنگاڵەیەکی یاخیەو
کەیفی بەقەفەزی ئاڵتوونی والی نایە
دانی ئەڵماس و یاقووتی بۆ برژێ
ماڵی نابێ و خەو بەفڕینەوە ئەبینێ
ئاخر هەرخۆی تەبعی وایە
(تەیری شیعر)

هەنێ جاریش
کۆرپەیەیەکی لەدایک بووی ماخۆلانەو
لەسەرسنگی دایکی نەبێ ئۆقرە ناگرێ
بۆیە هەردەم ئەبێ شاعیر
دوورلەچاوی پیسی ڕەقیب
مەمکی ڕووتی ئامادە بێ بۆ شیرپێدان
تاوەکو ئەوگەورە بێ و
سەوزبێ و چرۆبکات
(توفلی شیعر)

هەنێ جاریش ، لەمل ئەکرێت
یان وەکوپەتی سێدارە
یاوەک مەدالیەی ڕێزلێنان
(ملوانکەی شیعر)

## <u>من و تۆ</u>

لەلەنجەولاری شەپۆلا
هەرمیزاجی بێ متمانەی ڕازئەبینم
دەمێ لەهەڵچوونی زیکرو
دەمێ لەداچوونی خەڵوەت
لەپرژە باریني تاڤگەی مانگەشەوا
سیحری حوسنی فریشتەیەک
نازانم بۆگیان کێشانم دابەزیوە
یان پەیامێکی یەزدانی بۆهێناوم
بەبێ ڕوخسەت ..

لەئاگردانی خۆرەوە
هەندێ کورتەنامەی عیشق
کەتۆجارجارە ئەی نێری و
هەرلەڕستە یەکتربڕەکانی گۆڤاری ژیان ئەچن
یان پڕن لەکۆدەکانی کامەرانی
یان دەرزیلەکانی حەسرەت

لەهات وچۆی
نەرم ونیانی شەماڵی ئێوارانا
بۆن وبەرامی هەناسەت هەست پێدەکەم
کەهەرلەنەفخی بەزەیی ئاسمان ئەچێ
بۆپەیکەری بەدەنی منێکی خوڵقاو
لەگڵ وئاو

لەماچی لێوی باریکی هەموو پێکە شەرابێکا
تامی شەونمی تکاولەلێوت ئەکەم
کەجورعەی ئەبەدیی خەیاڵ سەرم مەست و
روحم وەک توفلێکی ساوا ئەهێنێتە سەرگڕوگاڵ
هەموودوو چڵە نێرگزێکیش
مژدەی بەهاری نیگاتم پێ ئەدەن و
توانەوەی کێوە بەفری خەمەکانم
ئەی دورگە ئەفسوونایەکەی
نەورەسە ماندووەکەی روحم
ئەی هاوڕێی سەفەری عومری
هەمیشە ڕوولەزریانم

## زۆر ئەترسێم

گرنگ نیە کەنگێ ئەگرین ،
وەلێ کارەساتە ئەگەر
ئاونگی ئەشک
بەچلورەی بن گوێسەبانەی پێلوێ
لەبێ هوودەیی گریان و بێ مروەتیی ڕەقیبانا
زۆر ئەترسێم
لەم وەرزی کرێوەی میهرەیا
گریەمان لێ ببێ بەخوو..
..............................
گرنگ نیە لەکوێ دەجمێین
وەلێ کارەساتە ئەگەر
لەرێتمی سەما تێنەگەین
ئایا ئێمەین ، ئاسکەکەی زەمەن ڕاوئەنێن
یاخود ئەوی ماخۆلانە ڕاومان ئەنێ
زۆر ئەترسێم ،
نەزمی ڕەومان بەلەنجەولاری پەیکەر بێ !

گرنگ نیه چی ئەبینین
وەلێ کارەساتە ئەگەر
دیدەمان هێزی جیاکاری ڕەنگەکانی
لێ بزربێ و ڕەنگی خوێن و
ڕەنگی شەرابی لا یەک بێ !
زۆر ئەترسێم
لەم بادەخانەی دەهرەیا
بەدمەستەکان لەجێی شەراب
خوێنی دڵی گوشراوی یەک بخۆنەوە !

گرنگ نیە چی ئەبیستین
وەلێ کارەساتە ئەگەرئەوەی گوێ قوڵاغی ئەبین
بێ ئەوەی گوڵ بژارکەین ، لەگوڵدانی دڵمانی نێن
زۆر ئەترسێم ، لەم پاییزەی موحیبەتا
ئەوەی لەبەینمانا ئەڕوێ
هەر دڕک و داڵی کینە بێ !

گرنگ نیە چۆنی ئەمرین
وەلێ کارەساتە ئەگەرپێ نەزانین بۆچی ئەمرین
زۆرئەترسێم .. لەکەرنەڤاڵی مردنا
مەزاریشمان وەک ئەدرێسی زیندەگیمان
هەربەدەردی گۆڕی سەربازێکی وون چێ !!

## ئاوێنە

چاوەکانی ، هەموو شتێکیان ئەبینی
دەشتە سەوزەکانی گەنم
گوڵە ڕەنگاوڕەنگەکانی گوڵزاری بەخت
هەرمێ و بەهێ و هەنارو سێو
هەموو میوەهاتەکانی بێستانی چێژ
تەنانەت جۆرەها سەمای لەش ولاری
درەختە ڕووت و قووتەکان لەپاییزداو
گەلێک شەویش ، ئەوخەو انەی
گیانیان شەڵاڵی بەرامەی
ئارەقەی خۆشنوودی ئەکرد

سەرباری ئەمانەش هەموو
بریقەو باقی زیوینی ئەستێرەکانی شوهرەتیش
ئەوی شۆڕەسواری ناودار
بەسەرپشتی ئەسپەشێیەکی هەورەوە
ئەی ڕوانیە ئێمەی پیادەو
چاوەکانی هەموو شتێکیان ئەبینی
بەڵام کەدوچاری دەردی خەمۆکی بوو
پزیشکێکی دەروونناسی ، لەبری دەرمان
ئاوێنەیەکی بۆ نووسی

## بەختی شارێک

بەختی چاوڕەشی ئەم شارە
قەترانی ئەشکی لێ ئەتکێ
ساڵ نیە گوڵدانی دڵی
بەزیخی زوخاوێ نەشکێ

باوەشی پڕسۆزی واڵای
خەم وناڵەی غەریبانە
کەچی هەرتیری ئەغیارە
سنگی ئەکات بەنیشانە

کانییەکی سازگاری ڕوونە
بۆ هەموو ڕێبوارێکی ڕێ
وەلێ هەردەستی ڕێبوارە
بەردی بەدکاریی تێ ئەگرێ

ئەوەندەی خۆربەخشندەیەو
ئەوەندەی هەوریش خۆنەویست
بەڵام حەرفێکی ئینسافی
لەلەبزی ئەشرافێ نەبیست

سروەی شەماڵێکی نەرمە
روحی مناڵ ئەلاوێنێ
مەخابن هەرشازادەیەو
هەنگی روحی ئەسوتێنێ

درەختێکە هەمیشە سەوز
پڕهێلانەی میهرەبانی
وەلێ هەرچۆلەکەی هارەو
ئەیوەرێنێ .. گەڵاکانی

بەحوکمی قودرەتی قادر
تەبعی ئەم شارە هەروایە
چاوی سووری هیچ والیەک
بەبەژنی بەرزی هەڵنایە

لەبەختی چاوڕەشت ئەفسوس
تەکێی عیشقی جاویدانی
ئەی دڵی بیماری هەموو..
خەمزادەکان .. سلێمانێ

## پشکنین

گەڕامەوە ،پیرتر لەخودی پیری خۆی
خەمبارتر لەخودی خەم و
روحم سیاتر لەقەقنەس
گەڕامەوە ، جەنجاڵتر لەناخی گێژاو
تورەتر لەچاوی بارەش
ڕماوتر لەخودی هەرەس
گەڕامەوە ، شکاوتر لەدڵی ڕووبار
کەسەرچاوە بەجێدێڵێ
لەهەناوی زەریایەکدا بزر دەبێ و
مناڵێتی دەبێ بەیادگار
گەڕامەوە ، بێزارتریش لە بولبولێ
کەهەرلەکونجی قەفەزدا
هەست ئەکا بەدڵنیایی
بایی پولێک متمانەی بەئاسمان نیەو
تەنیاترە لەتەنیایی ..

گەڕامەوەو کۆڵەپشتەکەم پشکنی
شتەکانی هەموو تیابوو
کەرەستەی ڕیش تاشینەکەکەم
فڵچەو هەویری دان شۆرین
کراس و پانتۆڵەکانم ، کەتائێستاش
بۆن ئارەقەی ئەوێیان هەرلێوە دێت و
بۆنخۆشترن لەمێخەک و لالەو نەسرین
تەنیا شتێکم لەوێ لێ بەجێمابوو
زۆرگەڕام و نەم دۆزیەوە
باش دڵنیاش نەبووم چیە
وەلێ ئەمڕۆ، لەبەرژانی باڵی چەپم
سەردانی پزیشکێکم کرد
پاش پشکنین ، پێی ووتم هەی ماڵ خراو بی
کوخی چۆڵ و هۆڵی سینەت
دڵی خۆ هەرتێدا نیە..

## ئێرەیی

هەندێ جاران
من ئێرەیی بەگیانە گرمۆڵەکانی
نێو دواهەمین کیسەخەوی عەدەم ئەبەم ..
خۆ هیچ نەبێ ، ئیتر ئەوان
نەدوای تەرمی یادەوەریەکانیان ئەکەون
لەزەمەنی ڕەشەبایاو
نەشوێن پێی سێبەری خەونەکان هەڵئەگرن
لەنیشتمانەکانی بەفراو.. نەخەمیش بۆ
پەپوولە ساویلکەکانی عیشق ئەخۆن
لەنێو جێخەوی ئاگراو..
نەگوڵە نایلۆنەکانی وەفاش
لەسوزانیە جامبازەکانی سیاسەت وەرئەگرن و
نەئیتر خۆشیان بەهەوری
گەواڵ گەواڵی پاییزی متمانەیا هەڵئەواسن ،
تا بیانبات بەرەو ئاسۆی قوتاربوون و
گەردوونە سەرابیەکەی خەیاڵ ..

## بۆ گوڵە هەڵوەریوەکانی سالم

دوێنێ لەشەقامی سالم لەپاڵ دیوارێکی کەڕدا
گولێکم دی دەستەونزای دڵێک بوولەدۆخی بەردا

ئەمڕۆ دایکانی شارەکەم مۆمی خەمن و ئەتوێنەوە
ئەمڕۆ پشکۆی زامەکانم یەک بەیەکیان ئەکولێنەوە

هەموو ساڵێ لەم ڕۆژەدا چڵێ ئەمرێ و گوڵێ ئەمرێ
درەختی بەختی ئەم شارە سەدان سورکێوی تر ئەگرێ

هەموو ساڵێ لەم ڕۆژەدا یانزە جۆگەی پاکو بێگەرد
ئەبنە ڕووبارێکی سوورو نەفرەت ئەکەن لەگوللەو بەرد

ئێوەش ، برا دوژمنەکان بەیداخەکانتان داگرن
چاوەکانتان بەخۆڵ برژن ملی شمشێرکەچ ڕاگرن

لەم ڕۆژەدا ئەبێ ئێوەش ساتەوەختێ ببنە پەیکەر
ئەمرۆ نەخوێن هاوقەدەرەو نەهاوزمانیش هاوسەفەر

لەئەسپەکانتان دابەزن سەری شکۆ دانەوێنن
کەمێ سەیری ئەم خاکەکەن تابزانن چی ئەڕوێنن

دڵنیابن لەتۆوی خارخونچەی وەفا ناپشکوێ
دڵنیابن لەجامی خەم هەرتۆفانی کینە ئەڕژێ

دەلایلایە دەلایلایە کوڕم گەرمیان دەلایلایە
شەوێ دەیجووری یەڵدایە تەمەن پوشەوزەمەن بایە
خوداش لێمان بێ ئاگایە لەبەرچی تۆ خەوت نایە

دەلایلایە دەلایلایە کوڕم ڕێژوان دەلایلایە
خەزانی سۆزوویژدانە ، عەیامێکی بێ ئامانە

خاکی دڵمان بیابانە ، پڕی مارو دوپشکانە
دەلایلایە دەلایلایە کوڕم سورکێو دەلایلایە

ڕەبی حاڵی بەحاڵم بێ وەریسی کۆستی ماڵم بێ
ئەوی باعیس بەئازاری پەنجە توتەی مناڵم بێ

## بۆ ڤەلەنتاین

تکا لەئاوێنە ئەکەم
بەهەمان چاو
تەماشای هەردووکمان بکاو
تکا لەشنەبا ئەکەم
بەسەردانی ، کاتێ کەدێ
هیچ کەسێکمانی بیرنەچێ
تکا لەبارانیش ئەکەم
ئەگەر ئەمجارە هاتەوە
گەردو تۆزی
دڵی هەردکمان بەیەک تاو بشواتەوە
بۆ ڤەلانتاین
من گوڵی سوورت ئەدەمێ
تۆش نیوەی ئازارەکانت
ئەی گوڵە مێ

جووەکانی هەموو دونیا ، کۆبوونەوە
تانیشتمانێ بۆ خۆیان پێکەوەنێن
منیش لەبەرنازی ژنێ
هێرشی هیجرەتم بردو
تەلبەندی سنووری سووری
دەیان نیشتمانم بەزاند
زرادۆستیەکانی ڕۆژهەڵات
لەبەرگەرمیی باوەشی گڕ
لەبەر جوانیی
نوری چاوی هەنگوینیی گڕ
گڕدانیان کردە قیبلەی نوێژ
منیش لەبەربورکانی ئەوینی ژنێ
ژن .. پەرستم .

## یادەکانی هەور

ئەو شەوانەی
ئاسمان کەوای هەورئەپۆشێ
جاڵجاڵۆکەی خەم لەدڵما لانە ئەکاو
منیش زیاتر هەست بەچێژی شەرابی تەنیایی ئەکەم
چونکێ چیتر ئەستێرەکان ناجریوێنن
مانگەشەویش لەژێر تاڤگەی تریفەیا
بەڕوتوقوتی نابینم
ئەو شەوانە ، ئاسمان لەژنێکی پیری
قژخۆڵەمێشیی کەساس وخەمگین ئەچێ
منیش ، لەپیرە مێردێکی خەیاڵ بەشەرابی تەمەن
ئەو شەوانەی هەورئەبێت بەنیگارکێش
گوڵەسوورەکانی نزا
لەبەلەکۆنەکەی روحما ڕەش ئەبینم
زیاتر ڕەنگی ڕەش ئەگونجێ
لەگەڵ ڕەنگی خۆڵەمێشیی
پشتەوەی ئەم تابلۆیەدا ..

ئاخر گوڵەسوورەکانی خۆشەویستی
کەگڕبەرئەدەنە خۆیان
بۆنی بۆنکرۆزئەگرن و ڕەنگی قەقنەس ..
ئەو شەو انەی
هەوربەنیازی سەفەرە لەگەڵ بایا
منیش پڕ بەدڵ حەز ئەکەم
خۆم بەچمکی کۆڵو انەکەیەوە هەڵواسم
ئاخر ئەم زەویە جەنجاڵە
هەرهەموو بیابانەکانی لەیەک ئەچن
هەموو دڕکەزیەکانیشینم هەربەپێکی ئارەقی مرۆڤە سادەکان
سەرخۆش ئەبن
ئەو انەی خۆشنودی لێیان بێ بەریەو
پەڕەندەی بەخت ، بەڕێکەوتیش
لەسەر چڵە ووشکەکانی
ڕۆژەکانیان هەڵناکورمێ..

ئەو شەوانەی

هەورهەگبەی خەمی قورسەو

بەدەم قریشکەوە ئەگری , بەبێ ئەوەی بزانم بۆ

ناخی منیش لەگەڵ ئەوا هەڵئەوەرێ و

دیەم نغرۆی گۆمی ئەسرین

ئاخرمەزاجی هەردوکمان هەرلەشەوا

پڕاوپڕی حوزن ئەبن ولێیان ئەڕژێ

وەلێ ئەوبەم لێڕژانە

هەگبەی خەمی سوکترئەبێ و

روحە ئیسفنجیەکەی منیش ، تەڕوپڕتر..

## خەمی شار

ئەو دەمەی باران ئەبارێ
دڵم ئەفڕێ و چاوەکانم ئەبنە هەزار
ئەڵێی شەوی بەرلەجەژنەو
لەژێرتاڤگەی هەورەکانا
بەتاسەوە ئەڕوانمە
لەشی ڕووت و بێ نازی شار..
دوێنێ شەو شار
بەئاوی حەمامی باران خۆی تەمیزکرد
ئەمڕۆش لەگەڵ بای سەحەرا
بۆزەماوەند ، تارای سپیی دا بەسەریا
هەمووکۆتایی زستانێ لەکەژاوەی بوکێنیا
شاری نازداربەتەمایە|ڕازی دڵ بداتە بەهار
تەمەن ئەڕواو شاری خەمبار
لەچاوەڕوانیا ئەڕوێ ،
وەلێ حەیفێ .. بەهارنایە

ئەوانەی ڕۆژێ لەڕۆژان
خاکی ژینیان داگیرکردم
کەڕۆییشتن .. هەریەکەیان
بەشێوەیەک جێیان هێشتم
تاقمکێکیان کردیانم بەماڵی وێران ،
شاری خاپوور، بەکەلاوە
هەنێکیشیان باخە سوتاوەکەی دڵمیان
جەنجاڵ کرد بەگوڵی گەشاوە
ئای .. شارەکەم
بریا داگیرکەرانی تۆش
لەجۆری دووەم بوونایە

## بۆ بەنازەکانی نیشتیمان

گوناهی گڕ نیە کاتێ
پەپوولە باڵ پەشمەکیەکان ئەبنە قەقنەس
ئەوە جەوری دێوەکانی شەوەزەنگە
فێری ڕاموسانیان ئەکا لەگەڵ مەرگا
ئای .. نیشتیمان
چۆن بووی بەقەڵای دێوەکانی شەو

گوناهی ئاو نیە کاتێ
پێدەشتەکان ئەبنە سەحراو
گوڵە گەنمەکان ناگەنە تەمەنی کەروێشکە
ئەوە بێ میهریی خواوەندەکانە کەباران
هەرلەحەوزەکانی خۆیانا قەتیس ئەدەن
ئای .. نیشتیمان
چۆن بووی بەباخی عەدەنی خوداکان و
بەدۆزەخی گوڵە گەنمان

گوناهی با نیە کاتێ
هەڵاڵە مەیلی سەفەری غوربەت ئەکاو
باکی نیە گۆڕغەریب بێ
ئەوە ئەمری قەیسەرەکانی ئەمڕۆیە
ژوان حەرام ئەکەن لەگوڵان
تاسەرقاڵی عیشق نەبن
ئای .. نیشتیمانی بێ ڤەلەنتاین
تۆلەسفری وجودەوە
موڵکی جێماوی قەیسەری بۆکوڕەکانی
گوناهی خەون نیە کاتێ کچە بێ نازەکانی حەوا
قژیان لەخەنەی گڕئەنێن
ئەوان چیتر متمانەیان
بەپەلکەزێڕینەکانی خەون نیە
ئەوخەوانەی هەرلەژوورە تارەکانا
ئەبینرێن ونایەنەدی ،
ئەوە پاڵەوانەکانی شەون کەبەربەیان
لەخەوڕابوون هیچی ترنین غەیری داهۆڵ
بنوو ئازیزەکەم بنوو
ئێرە نیشتیمانی خەونی
داهۆڵەکانە .. ئەزیزم !!

## پەرداخی تەمەن

لێم زویر مەبە ئازیز گەر لەهەموو دیدارێکا
هەر چیرۆکە کۆنەکانت بۆ بگێڕمەوە
ئاخر ئێستا لەپەرداخی بەرتنۆکی تەمەن ئەچم
هێندە پڕم بەدەست خۆم نیە ، لێڕژان
لێم زویر مەبە ئازیز
گەر هەمان چیرۆکم زیاتر لەجارێک بۆ گێڕایتەوە
ئاخر لەم عومری پڕبوون و لێڕژانەیا
بەدەست دەردی بیرچوونەوەی یادەکانەوە داماوم
ئاخر ئازیز
پاش نیو سەدە لەپڕبوون و لەلێڕژان
چ پەرداخێ لەبیری دێ تنۆکەکانی سەرەتای
لەبارانی هەوری کام وەرزەوە هاتوون
دەسا زویر مەبە ئازیز لەواقی هێشتا وڕماوم
دوای نیو سەدە لەهەڵدانی پێکی بادەی
عومرێکی تفت .. خۆشم لەلام زێدە سەیرە
منی هەموو تەمەن ، پەرداخ
چۆنە هێشتاکە .. نەشکاوم

<u>خامەو خەنجەر</u>

من دەستەمۆی قەڵەمێکم
هەرساتێ مەزاجی گرتی ئەمبات بەرەو
ژوو انی مۆم و پەپوولەو هەڵاڵەو هەنگ و گوڵەباخ
لەوێ دەرسی عیشقم ئەداو
بەرەنگەکانی ژیانم ئەناسێنێ
لەو جێیانەی ، کەسفری لەدایک بوون و
رۆژهەڵاتی موحیبەتن..
تۆ ئاڵودەی پارچەیەک ئاسنی رووتی
نەخورپەی هەستێکی پیادێ ،
نەقەترەی شەرمی لێ ئەتکێ
مەزاجیشی ئەوبات بەرەو چاڵە سیاکانی حوزن و
لیوارە سامدارەکانی رق و کینەو
دوا جێ پێیەکانی سەفەر
لەو جێیانەی گەڕانەوە لێیان وەکو
هاتنەوەی موسافیرێکە
لەهەسارەی عەدەمەوە
پاش فڕینی پەڕەندەی روح

من ئارەزووی چریکەی مەلە کێویەکان و
حەیرانە بێ کۆتاییەکانی ڕووبارو
هۆرەکانی بای شەماڵ و ئۆپێراکەی تاڤگە ئەکەم
حەزیشم لەسەمای گەڵاو باڵێ ماسیە سوورەکانەو
لەگەڵ یەکەم باڵەفڕکێی
هەرزەڕنەقوتەیەکیشدا
ئەم دڵەم باڵ ئەگرێ و ئەفڕێ
تۆ، لەزەت لەزریکەی دڵ و
لەچسپەی ئەو نەرمە وەشتەی
پێچەوانەی ئەوانی تر
لەپشکۆی چاوەکانەوە دائەکات و
پاڕانەوەی روح لەڕەشەبای مەرگ ئەبینی
ڕەنگە خۆشت وەک قارەمان بێتە بەرچاو
هەرچەندە غروری نەفست
ڕێت پێنادا خۆت بناسی
گوێ بگرە ئەی پیاوی بچوک
دەبا من پێت بڵێم کەچیت
غەیری سندوقە سەرێکی چۆڵو هۆڵ و
سێبەری روحێکی زەلیل .. هیچی تر نیت.

## شاری تارماییەکان

لەگشت پەناوپەسارێکا
لەبەردەرگای هەمووماڵێ ، لەپاڵ هەمووديوارێکا
لەسەر هەمووتولەڕێیەک ، لەبن هەموودەوارێکا
لەئاپۆرەی سەرشەقام ولەکۆڵانە چۆڵەکانا
لەچایخانەولەمزگەوت ولەمەیخانەومۆڵەکانا
لەنێوبینەرانی شانۆ
لەباخچەولەهۆڵەکانا .. لەئاهەنگ وپرسەکانا
لەسەیران ولەسەرگڵکۆ
لەسێبەری هەموومانا نزیکترلەهەناسەی من و
لەچاوتروکاندنی تۆ.. ئەوان لەوێن
بۆنی تەتەرەکانی دۆزەخیان لێدێ کەدێن .. ئەوان لەوێن
کڵاوی سیحروای غەیبیان
لەسەردایە وە نابینرێن .. ئەوان لەوێن
گوێمان لەزرمەی پێی خەمە
کاتێ کەدێن .. ئەوان لەوێن ونابینرێن ..!

## دیسان گومان

کرمی گومان دەوری سێوی دڵمی داوە
تێناگەم ، بۆ گوڵەباخەکانی نیشتمان
ئەگەرچی لەڕەنگا زەقن
وەلێ بێ بۆن و بەرام و بێ ڕەونەقن
لەم باخەدا گومان بۆتە سێبەری گیان
گومان بۆتە سیگاری سەرلێوی ووشکی
ئێمەی ئالوودە بەسوتان
گومانی گوڵ لەماچی هەنگ
گومانی گەڵا لەشنەبا
گومانی جەستە لەروحی
هەمیشە خۆبەمیوان زان
گومانی بینایی ، لەڕەنگ
گومانی پێ لەبێهوودەیی هاتوچۆی
گومانی گومانیش لەخۆی
گومان لەڕووبار، لەباران
گومان و گومان و گومان .

## گەواهی بوون

ئەودەمەی ناوم بەنەغمەی دەنگی ئەگاتە بەرگوێم
ئەودەمەی لەبەرشەماڵی هەناسەی ئەوا ئەڕوێم

ئەودەمەی قۆڵی ئەکاتە|گەردانە بۆگەردنم
ئەودەمەی زولفی ئەبێتە|کۆتی باسکی شەرمنم

ئەودەمەی پرشنگی چاوی خۆی بەناخمدا ئەدا
ئەودەمەی سیحری خەنینی چۆک بەئاخم دائەدا

ئەودەمەی لەمسێکی دەستی توفلی دڵم ژیرئەکا
ئەودەمەی هەمسێکی هەستی سەراپام داگیرئەکا

ئەودەمەی شەکراوی نازی بەڕخسارما ئەپرژێ
ئەودەمەی شەونمی ڕازی بەسەرجەستەما ئەڕژێ

ئەودەمەی بۆنی ئەگاتە|سەری پڕدەردەسەریم
باوەجوهەرلەودەمەیدا هەست ئەکەم هێشتا ئەژیم

## هیچی ترمەبە جگە لەخۆت

چی ئەبێ ، گەرمەلە کۆچەریەکانی هەوار
تەنیا وەکو پۆلێ گەشتیاری بیانی
بێنەوە بۆ هێلانەکانی مناڵی و
ئالوودە بن بەکوێستانەکانی غوربەت
ئاخرکەنیشتمان پڕبێ
لەقەفەزە سەهۆڵینەکانی موحیببەت
چیترپارساوێ نامێنێ بۆگلەیی
چی ئەبێ ، گەرهەنگە نەشمیلەکانی هەوار
بەبۆن کەون وچیترتامەزرۆی بەرامی
گوڵەکانی باخی نیشتمان نەبن
ئاخرکاتێ ئەوێ ئەبێ
بەگڕدانی دۆزەخی خو اپێداوەکان
گشت ڕەنگەکان ئەبنە ڕەش و
ئاسمانیش هەربۆنکڕوزی
دڵە سوتاوەکانی لێدێ .

تکایە بهێڵە باخۆشم بوێی
من لەگەڵ ئەوەی عاشقم بەتۆ
حەزیشم لەکەمێ ئازادیە
بۆیە کاتێ کەباوەشم پێدا ئەکەی
با قۆلەکانت کەمێ شل بن ، ئاخر من
بەهەموو جۆرەکانی کۆت و تەوق
بێزاردەبم ، تەنانەت گەر
ڕاموسانیش بێ لەگەڵ تۆ
تکایە بهێڵە باخۆشم بوێی
کەیفم بەژیانی نێو قەلا نایەت
حەزلەدیوارە بەژن بەرزەکانیش ناکەم
ئەو ماڵەی باخچەی تیانەبێ
هیچی ترنیە غەیری زیندان
ناوبەناو پەنجەرەیەکش بکەرەوە
بۆ شەماڵ و گزنگی خۆر
ئاخر ئەی نیشتمانی ئازیز
هەرلەژێرزەمینە تارو نسرمەکانا
دڵمان کەڕوو ئەگرێ و
عیشقیش بۆگەن ئەکا ..

شەوی دوێنێ هەندێ هاوڕێم
کەڕۆژانی پاییزی شاخ هەڵوەری بوون
نامەیەکیان ناردبوو بۆ ئیمێڵەکەم
ئەڵێن گوایە
داوای مۆڵەتی پشوویان لەخەوی مەرگ
پێشکەش بەخودا کردوەو ئەیانەوێ
بۆ چەند ڕۆژێ بگەڕێنەوە نیشتیمان
تاپەیامی پەشیمانی لەشەهید بوون
بدەن بەجەنابی ڕابەر
ئەڵێن ، گوایە
بۆگەنی ئەوخەراباتەی
ئێوە ئەمڕۆ پێی دەبێژن نیشتمان و
ئێمە دوێنێ بۆی هەڵوەریین
گەیشتۆتە بەرلووتی خوداش

ئەوە تەرمی چ بەدبەختێکە کەوا
بەبەرچاوی ئەو هەموو حەشاماتەوە
ئەبرێ بەرەو شەوی عەدەم
کەمێ بۆستن ، منی چاوکزو ڕیش چەرموو
ناوی لەسەرتابووتەکە باش نابینم
گەنجێکی خەمبارو مەئیوس
لەچۆلەکەیەکی ژێر شەستەبارانێ ئەچوو
چرپاندی بەگوێماو ووتی .. ئەوە تەرمی کۆرپەیەکە
لەڕۆژی ڕاپەڕینەوە نیشتیمان لەباری چووە
هەموو ڕۆژی ئەینێژن و دووبارە دێتەوە دەرێ
ئەوە تەرمی ئازادیە .. مامە پیرە ..!!
ئەزانی چی شێتم ئەکا ئەی نیشتمان
پیاوە وەجاخ ڕوونەکانت
ناوی دایکت لێ ئەنێن ووەلێ هەردەم
وەک دەلاڵی سۆزانیەکان ، ئەتفرۆشن
ئاخر چ دایکێ شایەنی فرۆشتنە
ئەی نیشتمان ، تکایە مەهێڵە چیتر
وەک لەشفرۆش سەیرت بکەن
تکایە هیچی تر مەبە
ئەی نیشتمان ، جگە لەخۆت

## خەیاڵی مەلێک

ساڵی جارێ
وەک مەلێکی ماخۆلانی
سەرلێشێواوی کۆچەریی
ئەچمەوە بۆ هەواری کۆن
لەوێ هەموو هێلانەکانی منالْیی
دارتوو بەدارتوو ئەگەڕێم
بەدوی بۆنێکی بەرێکەوت جێماو لەباڵی دایکم و
شوێنەواری چەن جێ دەنوکێکی باوکم
وەلێ .. هەیهات
نەهیچ بۆنێک بۆلای ئەمیان ڕام ئەکێشێ و
نەهیچ ڕێیەک بەرەولای ئەویانم ئەبات
گەرچی زۆر هێلانە ئەوێ لەڕیشەوە هەڵکەنراون
گەرچی زۆربەی مەلەکانیش
وەک جاری جاران نەماون
وەلێ هەر بۆنی بارووتی تاپڕەکان و
چاوی زەقی ڕاوچیانە
وەک خۆیانن .. نەگۆڕاون !

## خەمی ئەمشەو

ئەمشەو خەمێ دەمخواتەوە .. تێناگەم بۆ تێر نابێ لێم
ڕەنگە پێی وابێ وەک چەمی بادەی بەهەشت هەڵدەقوڵێم

خەمێکی چەن بێ ئاگایە لەئەسراری ڕاوی نێچیر
تازە بەنیازە سەرمەست بێ بەشەرابی مێوێکی پیر

نەخێرنا ئەی خەمی ناشی .. مەحاڵە مەی لەمن بتکێ
کەچنگێ مێووژی ڕەش بم ، توینێتی تۆم چۆن پێ ئەشکێ

برۆ ئەی خەم یەخەم بەردە ، هەوای ئەمشەو ساردو سۆڵە
لەم خەراباتی عومرەدا .. روحم پەرداخێکی چۆڵە

شەڕم پێ مەفرۆشە ئەی خەم بەهیچ ناگەی ڕەنج خەساری
لەبازاڕی شەڕا ئەمشەو.. من فرۆشیار تۆ کڕیاری

## ساڵیادی 227 ی سلێمانی

سوپاس بۆ خۆر
کەبەرچاومی ڕوناک کردو
ڕەنگەکانی پێناساندم
سوپاس بۆ خاک .. کەتا بژیم
گوڵی نانم پێ ئەبەخشێ و کەمردیشم
توند توند لەباوەشم ئەگرێ
سوپاس بۆ گریانی هەور، کەناو بەناو
روح و جەستەم ئەشو اتەوەو
دەشتی ئومێدم سەوز ئەکا
سوپاس بۆ با
کەوەک دەستی نەرمی دایکم
ئارەقی هیلاکیم ئەسڕێ و
لایەلایەشم بۆ ئەکا
سوپاس بۆ گوڵ کەوا فێری عیشقی کردم
سوپاس بۆ تۆش سلێمانی
ئەی گوڵە سوورەکەی دونیام
کەسوزی هێلانەت پێدام ..

## باسی مردن

زۆربەدەگمەن ئەبێتە میوانی خەیاڵ
بەڵام کەدێ
سەعاتە جرپنەکەی زەمەن
لەسەرخاڵی سفری عەدەم ڕائەوەستێ و
دەروێشە شەیداکەی دڵیش دەف ناژەنێ
گوڵیش ڕەنگی لەبەرئەبڕێ و
پەپوولە بەبۆن ئەکەوێ
چۆلەکەکانی سەردرەختی زیندەگیش
هەڵئەکوڕمێن ولاڵ ئەبن
لەوساتەیا .. لێوم ئەبێ بەبیابان
ئەوبەقومێ شەرابی تاڵ
لەوساتەیا .. من ئەبمە میوان وئەویش
بەخاوەن ماڵ ..

# باسی ژیان

هەندێ جار ئەو لەسێبەری گیانم ئەچێ
بەڵام نازانم من ڕەدوکەوتووی ئەوم
یاخو ئەوە ، من ڕاوئەنێ
هەندێ جاریش
وەکو وەزیفەی سەردەمی مناڵیمە
هەرچەندە لێی حاڵی نابم
وەلێ ئەبێ بینوسمەوەو دەرخی بکەم
گەلێک جاریش بەدەسیەوە ئەناڵێم و
بەدەستمەوە ئەناڵێنێ
یان هەست ئەکەم هێندە کەمە
کەتەنانەت بەشی پیاسەی
ئێوارەیەکی شەقامی عیشق نەکا
یان ئەوەندە دوورو درێژ
وەک پەپوولە پاییزەیەک گوێ نادەمێ
کەی ئەمهێنێ و بۆ کوێم ئەبا ..

## باسی عیشق

سڵاو لەتۆ
ئەی تاکە حەقیقەتی ڕەها
ئەی پردە خەیاڵیەکەی نێوان
گوڵزارەکانی بەهەشت و
گڕکانەکانی سەقەر
ئەی تاڵەمووەکەی نێوان بەیان و شەو
سڵاو لەتۆ ئەی کانیە سازگارەکەی
ئەم بیابانەی ئێمە پێی ئەڵێین جیهان
سڵاو لەتۆ
ئەی سنووری نێوان کۆشکی
ژیان و سەردابی مردن
خۆ ئەگەر تۆ نەبوویتایە
بێ شک وەکو یەک بوون لەلام
بۆن و بەرامی هەردووکیان ..

## عیشق و شەراب

بەهەردووکیان کورەی دڵ گەرم ئەبێ
بەهەردووکیان گیانم شەڵاڵی شەونمی
سۆزو میهری نەرم ئەبێ
وەهەردووکیان
دەشتی دێمی ناخم ئەکەن بەبەراو
هەردووکیشیان
روحم ڕزگارئەکەن لەخەم لەزوخاو
لەهەردووکیان فێری گۆرانی ئەبم
بەهەردووکیان ئالوودەی جوانی ئەبم
بەهەردووکیان دیسان مناڵ ئەبمەوە
مەیلی ماچ و غەرقی سەیلی
هەوری خەیاڵ ئەبمەوە
بەهەردووکیان هەردوو پشکۆی
دیەم خامۆشترئەبن
هەردووکیشیان ،
تا کۆن بن خۆشترئەبن

## دیسان .. شار

دەمێ عارەق
بۆ ڕەنج خەساریی خۆت ئەڕژی
بەدەست یاری بێ بارەوە
دەمێ ، بەخەنجەری ئەغیار
لەتاڤگەی زامت ئەچۆڕێ
شەپۆلی قەڵبەزەی نەزیف
چ کۆڵەپشتێکی قورسی بەشانەوە
ئەی خەمی شار
سەد خۆزگە بەبەردی سزیف
.........................
دەنکە مورویەکی وردم
بەتاڵی ئاوریشمی یادگارهەڵواسراوم
بەگەردنی ئەم شارەوە
هەرچەندە ئەولەمێژە لەبیری کردووم
وەلێ تامقەستی مردن نەم پچڕێنی
دەست لەبوونم بەملوانکە ، هەڵناگرم ..

کەمێ هێواش پێ لەسەرئەم خاکە دانێ
کیژە بەنازەکەی بابە
ئەوەی تۆ بەسەریا دەڕۆی هەرمشتێ تۆزو خۆڵ نییە
ئەوە ئێسکی وردوخاشی مناڵیمە
پرژاوە بەروخساری شارا ..

........................

ئەگەردەردیش بی ، لەدڵمای
چۆن ئەتوانم دەرتبێنم
ئەگەرژەهریش بی ، لەخوێنما ،
ئالودەیەکی بێ شوێنم
ئەگەرخاریش بی ئەزیزم
تۆ لەسەرچاوم ڕواوی
ئەگەرماریش بی ، درەنگە
تازە چزوی قەدەری من پێوەی داوی
تۆ هەم زامی ، هەم مەرهەمی
هەم سێبەرو هەم جەستەمی
لەهەرکوێ بم لەناو من دای لەهەرکوێ بی
زەرنەقوتەی دڵم بەرەو ئەوێ ئەفڕێ
من خەمی شارێ ئەفرۆشم
کێ .. لێم ئەکڕێ

## ڕۆژهەڵات

زستانەکانی ڕۆژهەڵات
پشت چەماوەو ڕیش درێژو
بەگۆچانێکی خوارو خێچ
بەنێو کۆڵانەکانی دەهرا گوزەردەکەن
هەربۆیە چلورەکانی هزریش
بەگوێسەبانەکانی سەردا
هەرلەتوڵی قەفەس دەچن و بەگڕکانی
ئەو هەموو ناخە داخانەش
ناتوێنەوە .. تنۆک تنۆک ..
بەهارەکانی ڕۆژهەڵات ، درۆزنەن
هەرلەگورنەتەڵەکانی
حیکایەتە ئەفسوناویەکانی دەچن
درەختەکانی داهۆڵن .. گوڵەکانی ، گوڵە تلیاک
هاکا .. لەپڕ سروەبایەکانیشی ، بوون
بەگەردەلوولێکی ترسناک ..

هاوینەکانی ڕۆژهەڵات
هێندەی مەنجەنیقەکانی دۆزەخ ، گڕئامێزن
پێدەچێ لەبەختی ئێمە
خودا ڕۆژی سزادانی ئەوی دنیای
بۆ ئەم دنیا پێش خستبێ
وەلێ ئەوەندە قرچاوە جەرگی بێ عاری دایکی وەتەن
بەسەرساجی گوناهەوە
موویەک لەجەستەی سوتاوی
نابزوێنێ .. ترسی سەقەر...
پاییزەکانی ڕۆژهەڵات لێو انلێون لەهەڵوەرین
لەگەڵ گەڵا زەردەکانی ڕابردوا
چەکەرەکانی ئایندەش لەسەرەدان
تا ڤیزەی سەفەری عەدەم وەدەست بێنن
لەوێ ژیان چی تر نیە
غەیری خەونێکی قووڵی نێوشەوی مردن
لەوێ گەڕیانی هەڵوەرین تاقانە ڕێتمی سەمایە
ئەوێ ، مەملەکەتی خەونە
شای مەملەکەت .. ڕەشەبایە ..

## <u>دیسان ئاشووب</u>

دیسان گوێم لەزەنگی مەرگە ئەمشەوبەرەوئاو ایی دێ
دیسان بۆنی خاکی تەڕەوژیان زیندە بەچاڵ ئەکرێ

دیسان تەرزە بار انی ڕق زریانی خوێن هەڵدەسێنێ
دیسان پشکۆیەکی نەفرەت دۆزەخێ دادەگیرسێنێ

دیسان دەستی سڕی پیلان بەگۆهات و نەرمە ئەمشەو
بەچنینی جاجمی ئاشووبەوە سەرگەرمە ئەمشەو

دیسان هەواربووبەزەریاو ئێمەش هەمووبووین بەماسی
بەقولاپی کام قەهرەوە قەدەر دڵمان هەڵدەواسی

قەهری بێ ئینسافیی ئاسمان لەژیان و لەمردندا
یاخو قەهری غەدری ئینسان لەبەخشین و لەبردندا

شەڕتان بەڵاو گەڕتان بەڵاو غەزەلیشتان هەر بەڵایە
دەبا سەیلی فیتنە بەس بێ ، جامی دڵمان سەرقەڵایە

## ئاگر

لەشێوەدا ، سیحرێکی شێتانەی هەیە
کۆکتێلێ لەسۆزی عیشق و
شکۆی پادشایەکی دڵ ڕەق
لەلەنجەدا ، جارێ سەمای باڵێ ئەکاو
جارێ بەدەم زیکری خواوە هاتۆتە فێ و دەف ئەژەنێ
لەناخیدا ، سەدان شیعرو دەیان ڕۆمان
سەری خۆیان حەشارداوەو
بەقرچەی ژان .. بەچرپەی سوێ
هەریەکەیان ئەهێنیەک ئەدا بەگوێی شنەبادا
دەشێ ئەو لەچیرۆکێکدا فریادڕەسی ڕێبوارێ بێ
کرێوەی وەرزێکی حەسرەت ڕێی سەفەری لێگرتووەو
ئەوی پەریش بۆی دەخەنێ
یان دەشێ ئەو لەشیعرێکا
کڵپەی دڵی شاعێرێ بێ زیندانی تاریکیی بکا
بەچراخانی ئازادی و چاوەڕێی هیچ
گوڵی پاداشتێکیش نەکا ..

دەشێ ئەو لەڕۆمانێکا
پاڵەوانی داستانێ بێ
لەڕۆژانی چاخە بەردینەکانەوە
لەبەرکەوتنی دوو بەردی
گچکەوە لەدایک بووبێ و
لەئەشکەوتە نسرمەکانی مێژووا
عومری پشکۆ بەسەربەرێ
یان ئەشێ تەلیسمی نوری
خودابێ لای زرادەشت و
شەوی یەڵدای روحی بکا بەڕۆژی ڕوون
کەبوو بەپیری موغانیش
لەسەردەمی
حوکمڕانیی میری میران زادەکانا
دەشێ بەدەرلەویستی خۆی
بێ بەدارعەسای دەستی نیرۆنێکی هەوەسبازو
تەڕووشکی نیشتمان و
گوناهبارو بێ گوناهیش
بەدەردی کوپەی قەقنەسی بادەخانەو
سوتماکی ڕەشماڵەکانی نەیارانی والی بەرێ ..

## قەزاو قەدەر

-١-

چەند بێ شەرمی تۆ ئەی قەدەر
گوڵ ئەکەی بەهاوسێی جەخار
کۆتر بەهاوزمانی داڵ
نیچیر بەهاوخوێنی ڕاوچی
ڕێوی بەدەمڕاستی هەوار
چەند بێ ئابڕوی تۆش ئەی قەزا
هەرچی قەلەڕەشکە هەیە
لەئێمەت کردن بەپەری
هەرچی جاڵجاڵۆکە هەیە بەپەپوولەو
شەمشەمەکوێرە ، بەتەتەر
ئەشکەوت ، بەقەسرو قەیسەری

-٢-

بارەشێکی دڵ قەقنەسی
گوڵە مێخەکێکی وەراند
ووتی ئاخر ڕەنگ و بۆنی
تەواو هەراسانم ئەکەن
چیم لەدەست دێ .. تەبعم وایە
چەخماخەیەک
دڵی هەنگێکی خنجیلەی کردە نیشان
ووتی چ بکەم .. کاری خوایە
قولاپێکی ژەنگاویی چروکی خوێڕیش
لەسنگی سوورە ماسیەکی جەحێڵ چەقی
کەچی هێندە بێ ڕەوشت بوو
هاواری کرد .. خەڵکی دەڤەر
ئەوی ڕویدا چیتر نەبوو
غەیری کاری قەزاو قەدەر..

## ژنە پەیکەر

دڵیان بۆگرتە چوارچێوە
چاوەکانیان لەقەفەس ناو
زمانیان بەقولاپ ڕاوکرد
گوێیان پڕکرد لەژاوەژاو

باڵی کۆتری خەیاڵیان کرد
هەناسەکانیان پشکنی
لەنجەیان دا لەخاچی یەخ
سەوسەنی خەندەیان ڕنی

دەست و پلیان نا لەخەنەی
خوێنی لەدڵ چۆڕاوی خۆی
قاچو قولیان بۆگرێدا
بەداوی زوڵفی خاوی خۆی

-

خۆزگەیان زیندەبەچاڵ کرد
خەونەکانیان دایە بەرتیر
هەنگی ئارەزوویان سوتاند
حەزیان شەتەکدا بەزەنجیر

ئەوجا ئەم بوو بەپەیکەرو
ئەو انیش بوون بەپەیکەرتاش
ناویان لێنا .. ژنە پەیکەر
بەدەنگی زۆرینەی ڕەهاش

## فنجانێ قاوەی تاڵ لەگەڵ ..

ئێوارەیەکی قژزەردی دەمەوپاییز
لەقاوەخانەی شارێکی غەریبانا یەکمان بینی
ئەو ، شنەی خەیاڵ هێنابووی
من لەگەڵ باڕەشی قەهری ڕۆژێکی کەی
ژیانی گیان شەکەت هاتم
ئەوگەرم تر بوولەشەوقی خۆرهەڵات و
منیش کزرتر لەهەوری گەواڵ گەواڵ
پاش سڵاوێکی تامەزرۆ..
کەوتینە بەزمی گفتوگۆ
ئەوباسی داستانەکانی
وەختی شاخی بۆ ئەکردم ..
من کورتە چیرۆکەکانی
حەسرەتی شارم لەچاویا ئەخوێندەوە
ئەووێنەی ئەوهاوڕێیانەی نیشان ئەدام
کەمەدالیای گیانبازیان پێدرا بوو ، بەرلەفڕین
بەرەوباخە هەڵواسراوەکانی خوداو

من هەرپۆلێ ڕیشۆڵەی هەڵکوڕماوی
ژێر ڕەهێڵە بارانی مەرگم ئەبینی
ئەو سروودە
سەرکەشەکانی ئەوسای بۆ ئەووتمەوە
من حەیرانی گریانێکی پەنگم ئەبیست
لەگەروویدا
تا ئەوکاتەش ئەو هەیئەتی وا دەرئەخست
کەهەیبەت و شکۆی شاخی پێوە دیارەو
منیش هەستم
بەهاڕەی هەرسی شاخی ناخی ئەکرد
لەپشت پەردە تەنکەکانی
شەرم و عیزەتی نەفسەوە
ئەو گوڵە ڕەنگینەکانی ئەو بەهارەی
بۆ ئەژماردم ، کەلەباخی نیشتمانا
جاری جاران نەمان دیبوون
من هەر بۆنی سوتماکی پەپوولەم ئەکرد
لەناو گڕدانەکەی دڵیا
ئەو لەبەحری بەخشەندەیی
گەورەیەکدا مەلەی ئەکرد
من لەبەر بۆگەنی گۆمێک ئاوارە بووم ..

پاشان یەکێ فنجانێ قاوەمان نۆشی
ئەوەی ئەو سوێر، بەفرمێسکی پەشیمانی و
ئەوەی من تاڵ ، بەژەهری ماری حەقیقەت
کاتێ کەیەکترمان جێهێشت
کەسمان ئاوڕمان لەوی دی نەدایەوەو
بەحوکمی قودرەتی قادر
ئەو بوو بەمن
من بووم .. بەئەو..!!

## خەیاڵەووردەکانی مەستێک

-1-

دڵێ ، سێوێکی لاسوورەی
خرۆخەپانی بریقەیاربوو
بۆنی عیشوەو نازی ڕازی لێ دەهات و
لەگەڵ هەرسروەبایەکی
ئێوارانی بەهاریشدا
ئەکەوتە سەربەزمی سەما
وەلێ کاتێ کرمی گومان
وەک میوانکی ناوەختە خۆی گەیانێ
ڕەونەقی رۆی ، لەسەما کەوت
بووبەبەردو.. بۆنی نەما !

-2-

گوڵێک ، هەرلەتافی مناڵیەوە
خەونی بەوڕۆژەوە ئەدی
دوا ساتەکانی تەمەنی
بەیەخەی دڵدارێکەوە گیان لەدەست دا
نەک لەنێوگوڵدانی ماتی
سەر مێزە شکۆدارەکەی
والیەکی ڕۆژهەڵاتی ..

-3-

ئەم شەو

ڕوخساری مانگ خڕەو جامی دڵم

بەشەرابی غوربەت پڕەو

دوو ڕیشۆڵەی چاوەکانم

بەسەرداوە قرچۆکەکەی

خەیاڵمەوە هەڵکورماون

هێندە بەبارانی حوزن و نزاو سکاڵا شۆراون

خۆشم بەگومانم لێیان

کە دوو چاون ..

-4-

دوورلەبیانووی

هزرێکی وەک گوێزی پوچەڵ

دوورلەنیازی دەروونێکی خۆپەرستی پیس و پۆخەڵ

دوورلەچاوی بە کلی ئیرەیی ڕشتوو

دوورلەخۆڵی نەریتێکی لەئەڵماسی جوانی نیشتوو

دوورلەگشت ئەمانە هەموو

لەلای من وا مەزەندەیە

کۆشکی خەیاڵی هەرنێری

بەبێ مێیەک .. کەلاوەیە.

-5-

گۆچانێکی
پشت چەماوەی هیلاکی پیر
بەمەحزوونی پاڵی دابوو
بەقەدی شۆڕەبیەکەوە ،
ئەویش هەرپیر
بیری ئەو ڕۆژانەی ئەکرد
چڵێکی هەرزە بوو هێشتا بەدارەوە
بەرلەوەی تەورێکی کۆیلە
هەڵیپاچێ و ببێتە دارعەسا بەدەست
پیرە کوێخایەکی بەدی
نالەباری بێ عارەوە ..!

-6-

ووتم دەست لادە ، ئاگرە
ووتی کێ ئەڵێ تەلیسمی
نوری روخساری خوا نیە
ووتم خۆت لادە تۆفانە
ووتی کێ ئەڵێ رووباری
بەهەشتی ئەو دنیا نیە
ووتم لەبەریا مەوەستە
هەناسەی بەدکارە ، ووتی
کێ ئەڵێ سروەی شەماڵی
نەوبەهاری سەفا نیە
ووتم ، ئەی دڵ خەتای خۆتە
خۆ پەپوولەش کەئەسوتێ
دیارە خۆی بێ عارە ، هەرگیز
هیچ گوناهی چرا نیە .

## نیشتمان

ئەی هەسارەی هەموو بوون
ئەی دورگەی خەونی بەتاڵ
تۆ مەنبەعی عەزابی
یان شانە هەنگی خەیاڵ
تۆ بەهەشتی ژیانی
یان دۆزەخی فەنابوون
ئەی بەربەیانی هات و
زەردەپەڕی بەسەرچوون
تۆ عیشوەی چاوی خۆری
یان زوڵفی تاری شەوگار
ئەی گوڵزاری ئەوین و
ئەی هەم دارستانی خار
تۆ هێلانەی مەلانی
یان دەواری ڕاوچیان
ئەی هەتوانی برین و
ژانی خەنجەری دەبان

تۆ سروەی پێکەنینی
یان گەردەلوولی گرین
ئەی رەحمی گەرمی دایک و
هەم ئاسمانی روح فڕین
تۆ دەرمانی خەمانی
یان دەردێکی بێ دەوا
ئەی ناخی پڕ گۆرانی و
قوڕگی مەنگی بێنەوا
هەرگیز لەتۆ تێناگەم
تۆ باوەڕی یان گومان
ئەی جوانترین نهێنی تۆ
ئەی خاکی نیشتمان

## ڤەلەنتاین

پێکەوە چووینەوە جێژوان
بۆ ژێر سێبەری هەمان دار
باکی مەرگمان نەبوو هیچمان
بەدەست والیەکی زۆردار
لەوەرزی وەیشومەی جەنگا
دوور لەداب و عورفی کوشتار
گوڵی سوورمان دا بەیەکتر
ئەوی سەرکەش ، منی لاسار
ووتیان یاساغە عیشق ئەمڕۆ
وەلێ ئێمە هەر نەترساین
ووتیان هەرکوفرە ئەم جورمە
وەلێ تانە تەفرەی نەداین
ووتیان سەختە سزای والی
لەجێی خۆمان هەر نەجولاین
لەو ڕۆژەوە .. ئیتر ئەو بوو
بەگوڵی سوور، من فەلەنتاین ..

## خورپەکانی شەوێک

دەرگای قەفەزی سنگم
بەکراوەیی جێ دەهێڵم
تا چۆلەکە هەڵفڕیوەکەی دڵم
بێتەوە ژووری
نەبا ئەمشەو، ڕق ببارێت .

.......................

دڵم ئەنێرم بۆ بەرات
ئەمشەو شەوی ڤەلەنتاینەو
بەشکو کچێکی هاوسێمان
نوقڵێکی عێشقی پێ بدات .

.........................

ئەمشەو دڵ قومات ئەکەم و
لەسوچێکی حەوشەکەیا
بەدزیەوە ئەیخەوێنم
نەبا مانگەشەو ئیرەیی
بەماڵی تەنیاییم بەرێت .

هەرشەوێ هەست بەکشانی
ئەستێرەکانی شیعرکەم
دەچمە بالکۆنەکەو لەوێ
سواری فەرشی ئەفسوناوی
دوکەڵی جگەرەیەک دەبم و دو ایان دەکەوم
ئاخر هەمیشە پێم وایە
ئەو بالکۆنە سیحری تیایە ..

----------------------

دوو تەیری نێرو مێم کڕی
بۆ کچۆڵە تاقانەکەم
تاهەست بەتەنیایی نەکا
ئێستاکە ئەو خەم بۆ تەنیایی خۆی ناخوا
بۆ ئەسیریی ئەوان ئەگری ..

کچۆڵەکەم
بەڕۆژ دەرگای قەفەزەکەی
تەیرەکانی دەکاتەوە تابێنەدەر
کەچی ئەوان بەدەنوکیان پێوەی ئەدەن
ڕەنگە ئەوان زیندانە گچکەکەی خۆیان
پڕعیشق تر بێتە بەرچاو
لەم جیهانە مەزنەی ئێمە ..

تەیرەکانی کچۆڵەکەم زۆر خۆشدەوێ
ئەوکاتەی خۆی لەماڵ نەبێ
بۆن بەئەوانەوە دەکەم
وا هەست دەکەم
شتێک هاوبەشە لەنێوان
ئەم و ئەوان
ئاخر ئەمیش کەئەترسێ
هەرپەنا بۆ قەفەزەکەی سینەم ئەبا ..

ئەمشەو یەکێ لەتەیرەکان
گیانی سپارد ، کچۆڵەکەم
وەک بنچکی شۆڕەبیەک شۆڕبۆتەوەو
شەونمی حوزنی لێ ئەتکێ
منیش لەداخی هەردووکیان
نەفرەت لەپەریی مەرگ ئەکەم
کەناوادەو بێ ڕوخسەت دێ ..

## <u>سەری ساڵ</u>

کەساڵ پیرو خەڕۆدەبێ
لەگەڵ دوا هەناسەکانیدا
لەگەڵ دوا چرپەکانیدا
لەگەڵ دو این
غەمزەکانی چاوە خومارەکانیدا
ئێمەیش گەڵایەکی تەمەن
دەبەخشین بەشنەی یادو
بەئومێدی ساڵێکی نوێ
پێکی نزا بۆتەمەنی
گەڵایەکی تر هەڵدەدەین ..

## ( لەساڵیادی ڕاپەڕینا )

.................

ئەو ڕۆژە هەموو لەوێ بووین
هەندێ ، هەر لەوێ بەجێمان
لەگەڵمانا نەگەڕانەوە بۆ ماڵ و
ئیتر نەمان بینینەوە
ئەگێڕنەوە ، ئەڵێن ئەوان
لەگەڵ هەندێ ئەستێرەیا
دەستیان تێکەڵ کردو کشان
هەندێکی تر، ئەوانەی دوا ساتەکانی
خەنەبەندانی خوێن هاتن ،
باوەجو بۆ چاوو نەفەس
لەپی دەستیان گرتە خەنەو
لەگشت زەماوەندەکانا
چۆپی کێشان نایەن بەکەس
ئەو ڕۆژە هەموو لەوێ بووین
وەلێ ئیتر لەو ڕۆژەوە
بووین بەدووکاروانی سەفەر
کاروانێکیان ، هەمیشە ڕوو..

لەبەرسیلە ترشەکانی نائومێدی و
سێوە کرمۆڵەکانی خەم
ئەوی تریان ، هەمیشە ڕوو
لەدەروازە پەلکەزێڕینیەکەی بەهەشت
ئەوبەهەشتەی پڕە لەهەنجیری بەخت و
هەنارە مێخۆشەکانی ڕیاکاری
زۆرینەمان .. لەکاروانی یەکەما بووین
تەنیا هەرئەوانە نەبێ
پاش خەنەبەندانی خوێن هاتن ..

## جاڵجاڵۆکە

بەدەستێ گوڵم پێ ئەدات
گوڵێ لەنایلۆنی ڕەق و ڕەنگی زەق و
بێ ڕەونەق و بۆن و بەرام
ئەوجا کەگەییشتە مەرام
ئیتر دەستەکانی تری ئەخاتەکار
یەکێ بۆ کیسە گچکەکەی بەرباخەڵم
تاکو نوقڵە سوێرەکانی عومرم بدزێ و
لەوەختی یاخی بوونیشما
یەکێ بۆ ڕاکێشانی گوێ و
یەکێ بۆ بەرهەردوو چاوم
هەتا چیتر بەبارانی ئومێدەوە خەونەبینم
یەکێ بۆ ژێر سێوی قوڕگی
لەخومی خەما خنکاوم ..

یەکێ بۆژێرپشتوێنەکەم
یەکێ بەرلەخەڵوەتی خەو
بۆپشکنینی شوێنەکەم
یەکێکی تربۆوەرینی
دەنکەکانی هەنارە پیرەکەی دڵم
ئاخرگوڵم
لەم عەیامەی فریشتەکانی سەرعەردا
ژیان .. لەجاڵجاڵۆکە ئەچێ ..

# خەیاڵ

زۆرحەز ئەکەم
بچمە حزوری میهرەبان
یان هیچ نەبێ
گوێم لەسۆلفێجی دەنگی بێ
ئاخر جۆرێک لەگوفتارهەن
بەمیلۆدی و ڕیتمی دووان
ماناکەیان ڕوون تر ئەبێ
لێم ببوورن
ئەمشەو خەیاڵم مەستێکە
هارو بەرباد
چونکە لەکۆنە دەفتەری نۆتەکانا
قریشکەکانی ئەنفالم .. هاتەوە یاد ..

## سروشت

کەمنداڵ بووین
هەربۆ ئەوەی نیشانی بەین
کەدەست ڕاستین
باوکە چۆلەکەمان ئەکوشت بەدارلاستیک
بەڵام ئێمەی دونیا نەدیو
بیرمان بۆ ئەوە نەئەچوو
چەن دایکە چۆلەکە ئەکەین بەبێوەژن
چەن زەڕنەقوتەش بەهەتیوو..

## یەکی نیسان

هەموو ساڵێ لەم ڕۆژەیا
سیاسەت بازەکانی دنیا
لەکازیوەی بەیانەوە تانیوەشەو بۆی ئەخەون ..
تاهیچ نەبێ و ئەگەرهەربۆ ڕۆژێکیش بێ
مۆڵەت بەمرۆڤە سادەکان بەن تێر درۆ کەن
بۆیە دەڵێم ڕەنگە و ابێ
یەکی نیسان تاکە ڕۆژی
ڕاستگۆیی هەموو دنیابێ ..

## لێم ببوورن

ئەو دەمەی گوێم لەدوا گمەی
کۆتری پێکراوی وەفایە
بەساچمەی ڕاوچیە عاشقێ
ئەو دەمەی دوا سەمای ماسیی
خولیایەکی گەلێک سادە
بەقولاپی ژەنگاویی عورفەوە ئەبینم
ئەو دەمەی بۆنکرۆزی روح دێ و
پەپوولەکانی متمانە
لەدۆزەخی فریودانا ئەبنە قەقنەس
لێم ببوورن
ئەو دەمانە وا هەست ئەکەم
هەندێ ئاژەڵ بەسۆزترن
لەهەندێ کەس ..

## چواردەی چوار

بیست و چوار ساڵە ، یەک نمەی خەندە
لەسەر هەندێ لێو هەرنەباریوە
هەندێ ئەگریجەش تەماسی نەرمی شانەی نەدیوە
بیست و چوار ساڵە
هەندێ شۆڕە ژن بەکلی ڕەشی
دیداری یاران چاوی کاڵ ئەڕژن
بیست و چوار ساڵە
سەدهەزار تابووت چاوەڕێی لاشەن
یاخود هیچ نەبێ .. مشتێ لەئێسک و چنگێ لەقژو
چەن مێووژێکی ڕەش و ووشکی چاو
پارچەیەک پەڕۆ ، چمکی سەرپۆشێ
مەمکەشوشەیەک یان جووتێ پێڵاو..

بیست و چوار ساڵە
پۆلی ڕیشۆڵەی ڕەشی قەترانی
بەسەر چڵێکی
پیرە درەختی چاوەڕوانیەوە
چاو لەڕێی باشوور،
کز هەڵکوڕماون ، ئەڵێی پەیکەرن
لەژێر زریانی حەسرەتی دەهرا
وەلێ تائەمڕۆش کرێوەی هەواڵ
باوەجوکۆڵی هەرپێ نەداون ..

## ئاشتبوونەوە

وەرە ئەی ژین ئاشت بینەوە
هەرچەندە من لەوەتەی هەم نێچیری تۆم
تۆش ڕاوچیەکی .. لاسار
هەرچەندە من دێوانەم و
تۆ شەمێکی تەواو عەیار
هەرچەندە من
کەشتیەکی تێکشکاوی بێ چارۆکەم
تۆ ، ئۆقیانووسێکی بێ بار
هەرچەندە من
گەڵایەکی زەردی وەریوم لەچڵی
درەختی نیشتمانێک و
تۆ ، ڕەشەبایەکی سرک و هار
تۆ بەسیحری بزەی لێوت
کەوەک هی مۆنالیز ایەو
من بەجووتێ چاوی پڕلەئەسرینەوە
وەرە ئەی ژین ئاشت بینەوە ..

<u>نەسلی با</u>

گەڵاکانی درەختە بەرزەکەی بەردەم
ماڵەکەمان ، سەما دەکەن
کەسروەبایەکی نەرمی
نەوبەهاری بەلایاندا دەگوزەرێ
دارهەنارە باریکەکەی گیانی منیش
لەم تەمەنە پاییزیەما
هەرگەڵایەکی قاوەیی پێوە ماوە ،
ئەویش دڵمەو
کەسروەبای هەناسەتی بەردەکەوێ
دەڵێی دەروێشە دێتە فێ .. !!
ئاخر تۆ هەرلەبا دەچی
دەمێ نەرمی وەکو سروە
کەلێو انلێوی عیشق ئەبی
دەمێ تورەی وەکو بارەش لەداخی منی شۆرەبی
ئەو دەمەی سەنگین و مەنگ و خەرامانی
ئەزانم ، خەڵوەتی کورتی پێش تۆفانی

## (نابینا)

مەرج نیە دیدە ڕوونەکان
هەمووکاتێ
زەفەربەدیداری مورغی ڕاستی بەرن
ئەوە هەرنابیناکانن ، بەدیدەی دڵ
بەدیدەی میهری بێ ڕتووش
بەدیدەی روحێکی پەیوەست
بەبەرامی گوڵەمێخەکی
باخچە هەڵواسراوەکانی ویژدانەوە
لەزەنگیانە ووردەکانی حەق ئەڕوانن
ئاخرزۆرجار
دیدە جامێکی سوتاوە ، بەئاخی دڵ

## مەڕوشوان

بەڕانە مەڕمان ئەزانن
شوانەکانی نیشتمان ، کەنگێ ویستیان
تێمان ئەخوڕن بەرەوکانی و
کەنگێ ویستیان
بەرمان ئەدەنە دەشت و دەر
بۆئەوان چ فەرقێ ئەکا
ئێمە کەنگێ تینوئەبین یاخوبرسی
هەرچەندە من بێگومانم
هیچمان نەلاڵین و نەکەڕ
وەلێ ، ڕەنگە بەدووزمانی جیا بدوێین
ئەوان بەزمانی شوان
ئێمەش .. بەمەڕ

## <u>ژووری عیشق</u>

کەهاتیتە ژووریَ ، گوڵم
گڵۆپەکان بکوژینەوەو
پەردە بەڕوی مانگەشەوا دادە ، گوڵم
لەم ژوورە دەیجورەی عیشقا
دوو ئەستێرەی چاوەکانت
لەمن سەروزیادە ، گوڵم

کەهاتیتە ژووریَ ، گوڵم
دەرگای ژیان بەکراوەیی جیَ بهێڵە
کەس شەرم لەئێمە ناکا
چیمان هەیە لەخەڵکی بشارینەوە
غەیری خەزنەیەکی پڕی
هەوری خەستی عیشق نەبیَ
دەلێگەڕیَ ، گوڵم ئەمشەو
ئەویش بەڕەهێڵە داکا

کەهاتیتە ژووریٚ ، گوڵم
خەمەکانت بەبزماری پشت دەرگاکەوە هەڵواسە
ئەمشەوتەنیا شەوی عیشقەو
ئەوی پێویستن بۆژیان
هەردووماچ و دووچرپەیەو دووهەناسە
کەهاتیتە ژووریٚ ، گوڵم
بەرلەهاتن پێویست ناکا لەدەرگا بەی
نەبا پەریەکانی عیشق هەڵدێن ،
پرسی دەنگ وڕەنگیش مەکە
لێرە لەم ژووری عیشقەیا
ڕەنگی عاشقان هەمان ڕەنگەو
هەربەیەک زمانیش ئەدوێن
کەهاتیتە ژووریٚ ، گوڵم ..
قەفەزی سنگ ئاوەڵاکە
با ڕەنگاڵەی دڵت بفڕیٚ ، ژوورئامانە
تفەنگ زاتی ئەوە ناکا بێتە ژووریٚ و
ئەوەی ئێرەی لیٚ یاساغە
نەسلی بەدی ڕاوچیانە
دەسا بێرە ژووریٚ ، گوڵم.

## <u>حەوت سەدو سی</u>

حەوت سەدو سی
چڵە لولاقی دەربەدەر
حەوت سەدو سی
هەناری دەنک هەڵوەریو لەکەللەسەر
حەوت سەدو سی تورەکەی شەوی بەراتی
پڕلەبادەمی ددان و مێووژی چاو
حەوت سەدو سی .. نزای لەبیابانا خنکاو
حەوت سەدو سی شوشە عەتری بەتاڵی روح
حەوت سەدو سی
تاکی جێماو لەکەشتی نوح
حەوت سەدو سی .. نامەی پاڕانەوە لەخوا
حەوت سەدو سی شەرواڵ و پشتوێن وکەوا
حەوت سەدو سی سندوقی بێ ناوو نیشان
ئەمڕۆ دیسان
گەڕانەوە بۆ نیشتمان ..

## من و شیعر

-1-

پێدەچێ من بەشەرابی تاڵی شیعر ئالوودە بم
دەنا بۆچی هەموو شەوێ ، هەناسەی خەو
فو لەچرای دیەم ناکا
تاچەند قومێ
لەپێکی روحی شاعیرێ نەخۆمەوە ؟

-2-

خانمەکەی من ئێرەیی بەهیچ ژنێ نابا
نەپەرچەم لوولی گەنم ڕەنگ
نەکەمێ گۆشتن ، کەمەرتەنگ
نەچاو دەریایی کەزی زەرد
نەلێو ئاڵی ڕومەت بێگەرد
ئەو ئێرەیی تەنیا بەو پەریانە ئەبا
کەشەوانێ ، درەنگانێ
چون میوانە ناوەختەکان دێن و دەڕۆن
لەنێو دەریای شیعرەکانا خۆیان ئەشۆن ..

-3-

کەداپیرە چاوکزەکەی یادەوەری

بەدەرزیلەکانی ئازار، ژێرکراسە دڕاوەکەی

ئەم روحە پارەپارەیەم ئەدورێتەوە

موحتاجی جورعەیەك شیعرم وەک ژان شکێن

کە قەلەڕەشەکانی خەمیش

پۆل پۆل لەسەر درەختە پیرە ڕووتەکەی

ئەم تەمەنەم هەڵئەکوڕمێن

وێڵی داهۆڵە شیعرێکم وەک خەمڕەوێن ..

-4-

مێردمناڵ بووم

ئەو ڕۆژانەی شیعرم ناسی

ئەو ڕۆژانە ، ئەو چیا بوو ،

من بن دەوەنێکی لاسار

ئەو ئاسمان بوو ، منیش پاساریەکی هار

وەلێ کاتێ ئەو گەورە بوو، بوو بەزەریا

چونکە منیش بێ ئەو ناژیم

بووم .. بەماسی !

## بێزاری

بەرخ بێزارە لەچەقۆی
دەستی قەساب
ماسی لەقولاپی ڕاوچی
چۆلەکەش لەدارلاستکی
دەستی منداڵێکی لاسار
گوڵ لەمقەستی باخەوان
منیش لەدەستی هەمیشە
بەرزەوەبووی .. پەڕلەمانتار

## بۆ نیشتمانێ ئەگەڕێم

بۆ نیشتمانێ ئەگەڕێم
بمکات بەهاوڕێی باڕەش و
هەورە گرژو مۆنەکانیشم خۆشبوێ
شیوەنی بارانەکەشی پەستم نەکا
بەپەیکەری ئێسکی مرۆڤەکانیشی نامۆنەبم
بۆ نیشتمانێ ئەگەڕێم
چیتر ، گوڵەسوورەکانی ڕەنگی خوێن و
چراکانیش بۆنکڕوزی باڵی پەپوولەکان نەگرن
نێشتمانێ ، زێدە ساکار
نەخارڕۆڵی گوڵ ببینێ و نەگوڵیش خار
بۆ نیشتمانێ ئەگەڕێم
پێکی ناخم سەرلێو نەکا لەبادەی خەم
خۆم لەقومی دورگەیەکی فەرامۆش و
بەخومی خومخانەیەکی ڕۆژهەڵاتی
خۆش کراوم
بەقومێ خەم بەدمەست ئەبم

بۆ نیشتمانێ ئەگەڕێم
هێندە ماڵیم بکا بەخۆی
تەنانەت گەرقەفەزیش بێ
بۆ مەشقی باڵەفڕکێ نەبێ جێی نەهێڵم
من مەلێکی زێدە ماندووم
لەقەدەری هەردەم فڕین

بۆ نیشتمانێ ئەگەڕێم ..
جانتای سەفەر
هەرلەمۆزەخانەکانیا دانرابێ
بەشانی مۆمیایەکەوە
وەک دوا نەوەی پەڕەندەیەکی کۆچەریی
عەیامی چاخە بەردینە
بۆ نیشتمانێ ئەگەڕێم
پڕبێ لەبۆنی گوڵ و نان ،
نانی گەرمی تازە برژاو
شووشە عەتری عیزەتیش پڕ
هەربەگەردنی یارانا بپرژێت و
دڵۆپێکی لێ نەڕژا بێتە ژێرپێڵاو

بۆ نیشتمانێ ئەگەڕێم
مانگەشەوی ، شاهیدی ڕازی یاران و
دەلیلی شەوڕەوی حەزبێ بەرەو جێ ژوان
نەک .. ڕەقیبێکی لەندەهوور
کێ نیشمانێکی وەها پێدەزانێ .. تاقیامەت
منەتباری ئەبم ئەگەر نێشانمدا
بەرلەوەی دوا قافڵەی تەمەن
بەم بیابانەی غوربەتا
بکا .. عبوور...

## گەنجێ لەپاییزی عومرا

ئێرەیی بەگوارە دەبەم
بەکامی دڵ ڕاز بەگوێتا دەچرپێنێ
بەملوانکەش ، دەسترازەیەو مناڵدوانەی
مەهدی سینەت ڕادەژێنێ
ئێرەیی بەتەوقە دەبەم
کەنگێ ویستی بەنێو قژتا دێت و دەچێ
بەموستیلەش کەوەک پاشا لەسەرعەرشی
پەنجەیەکت دادەنیشێ ..
ئێرەیی بەبازنگ دەبەم چون بەبێ فەرمانی حاکم
هەردوو باڵت دەستگیر دەکاو بەسوراویش
کەبێ ترسی حەددو فەتوا لەسەرلێوت
سورەتی ماچ تەفسیر دەکا
ئێرەیی بەپشتوێن دەبەم ، کەبێ ڕوخسەت
خۆی لەقەدت دەئاڵێنێ و جارجار ئەخزێ
بەئاوێنەش کەبێ سانسۆرلەدارهەنارە ڕووتەکەی
لەشولارت .. چاوی زەقی لەزەت ئەدزێ !

## جوانێ لەزستانی تەمەنا

لەژێر سەرپۆشی بەفری قژیدا
روخساری دەڵێی مانگە لەتەما
وەلێ ناوبەناو ڕووەوەردەگێڕێ
ڕەنگە پێی و ابێ ، زۆرە لەکەما

قەڵەمی ڕۆژگارلەسەرتەوێڵی
چواردێڕە شیعری لاری نووسیوە
لەگەڵای زەردی درەختێ دەچێ
ڕەگی لەجۆگەی خوماوی خەما

دووسێوی کوڵمی کەمێک لەشەرما
وەک ڕەنگی شەراب مەیلەوقرمزیین
مێشوولەکانی حەسرەتی عومریش
لەسەرڕەونەقیان کەوتوونە سەما

دوو چاوی نغرۆی لەژێر عەینەکا
خوماری بادەی تاڵی ژیانن
کزکز پریشکی سەرنج دەهاون
دەڵێی دوو پشکۆن لەجەهەنەما

دوو قاشە لیمۆی ترشی لچ و لێو
وشکو برینگ و چرچ و کرۆژراو
وەک شەقشەقەی دەست کۆرپە دەلەرزن
لەبەر بارەشی زەمی عالەما

قەیرە گوڵێکی جێماو لەبەهار
لاسک چەماوەی کەمێ ڕووژاکاو
یەخەم بەرنادا خەیاڵی سیمای
زیندە خەوێکە ، لەئەندێشەما

## دیسان خەیاڵ

-1-

جارجار دەڵێم

شوشەی چرا ئەنتیکەکەی

ئەم دڵە زۆر ساویلکەیەم

لەم شەوە تارەی ئەمەکاو

لەژێرپێی نامورادیا وردوخاشکەم

دەنگێ لەدوورەوە دێت و دەڵێ .. نەکەی

ئەی پەپوولە فرە بەنازەکانی روحت

بەتریفەی کام مانگەشەوی ئومێد

دەناسێنی و لەژێرکام پرژە بارانی

ئەستێرەکانی ئولفەتا خۆیان بشۆن

ئەی ئەم کۆچە بێ مروەتەی شەوی ژیان

پریشکێ دەلیلی نەبێ

چۆن دەگاتە کانیەکانی موحیبەت و

سفری سپێدەیەکی تر

-2-

بەخەم بڵێن

ئەمشەوکەمێ بەمروەت بێ لەگەڵما

لەبەرخی پیرئەچم ، بێ یار

بەکەڵکی سەربڕین نایەم

بەتەم بڵێن ئەوەندە داگیرم نەکا

جاجمی دووریی حەبیبە دام ئەپۆشێ و

دەرهەقیەتی دووهەتوانی برین نایەیەم

بەشەم بڵێن ، دێوانەیەک

دەڤی دڵی ژان ئەژەنێ

هێندە فەرامۆشی نەکا

زۆرئەترسم ، لەگەڵ بادا

بەسەرچێ بەرهەم و مایەم ..

-3-

نێوان قەفی پرچی شەوو

زوڵفی پەخش و خاوی بەیان

قردێلە باریکەلەکەی بومەلێڵە

نێوان سەراب و حەقیقەت ، غەمزەیەکی جاوی خومار

چرپەیەکی لێوی جورئەت

نێوان مردن وزیندەگیش پێ دزەی هەناسەیەکەو

دوا ژەنی دەفی دڵێکی جاویدانی

بەلام نێو انی من و تۆ ئەی حەبیبە

ڕووبەری گەردوونی عیشقە و

زەریایەکە لەفەنابوون لەنێو یەکدا

کیشوەرێکە مافی مانەوە ئەبەخشێ

بەهەرگوڵێکی بێ چڵ و هەرهەنگێکی لانەوازیش

بەدوی لانەیەکا .. وێڵە

-4-

ئەمشەو پشوو بەدڵ ئەدەم

تاپەنجەرە لەفریشتەی

هیچ خەیاڵێ نەکاتەوە

ئەڵێم بەشکو بەڕوخساری حەبیبەوە

خەوێکی قوڵتر لەمردن بمباتەوە

دوو هەفتەیە لەیەک دوورین ..

لێوی فیرا پێک بەپێکی

هەموو عومرم ئەخواتەوە

## دیسان .. سلێمانی

ئەوەندەی کێوێکی سەرکەش
حەسرەتی ئەو لەدڵمایا
خەمی ، پێدەشتێکە کاکی
ڕەگی ژانی ، دوایی نایە
من دێوانەی عیشقی ئەوم و
ئەو شەمێکی بێئاگایە
دەڵێن ڕەنجێ ئەگەر وابێ
بەلۆژیک ، پوشی دەم بایە
دەڵێم ئەی حیکمەتی عیشقی
پەپولەوگڕلەچی دایە
دەڵێن عەقڵت لەدەستداوە
دەڵێم وایە
عیشق کوا لۆژیکی تیایە ؟

**ژانی .. کۆچ**

نیو سەدەیە
من هەرلەگەڵ خۆما ئەدوێم
نەخۆم وەڵامی دامەوە
نەخاری ئازاری دڵیش
هێشتی لەگەڵ گوڵا بڕوێم

..............

من هەوارێ پێدەزانم
چوارو‌ەرزی ساڵ ، بەبێ وەستان
گەڵای کەسکی گەنجێتی لێ هەڵدەوەرێ
خەڵکی هەواریش پێی دەڵێن .. خەزانستان

.................

تاڵی ئاوریشمی تەحەمول ڕادەکێشم
بەشکو چەشنی داوی لاستیک
کەمێک بکشێت و بێتەوە
خەم دەڵێ ، بێ سودە هەوڵت
هەرهەتوانی زامە دیسان
بەفیراقێک .. دەکولێتەوە

دیسان تەنیایی فرسەرتی هێنا
ئاخر بەرانە کێویەکەی روحم ،
گەڕایەوە بۆ عومری کاریلەو بست بەستی کێو
دەگەڕێ بەشوێن یادی جارانا
وەلێ لەسایەی ڕێبوارێک ئەچم ،
وێڵ و سەرگەردان
عەودالی کانی .. لەبیابانا
....................
ئەمشەو بارانی غوربەتم
لێ ئەبارێ ، بەبێ وەستان
ئەمشەو دەفی دڵم تەنیا
خەم ئەژەنێ بۆ بەدمەستان
ئەمشەو سوژنی تەنیایی
پەڕۆی دڕاوی تەمەنم ئەدورێتەوە
ئەمشەو ، لاستیکی قەدەرێ
یادەکانم ئەسڕێتەوە
ئەمن پیربووم یان ئەوە زەمەنە پیرە
ئەمن تەنیام یان ئەوە چەرخی ڕۆژگارە
بەقوڕگیرە ..!؟

بووم بەشەقشەقە بەدەستی
مناڵی ڕۆژگارەوە
دەڵێی پەنجەیەکی تینوم
بەبەرۆکی خارەوە
گا بەدەست بێ میهری یارو
گا بەدەست پیلانی غەدری
میوانی .. ئەغیارەوە
.....................
بەرلەبیست جۆزەردانی تەمەن
لولەی تاپڕێکی ژەنگاوی و چاوی زەقی
ڕاوچیەکی یەکجاردەبەنگ
چۆلەکەی دڵمی تەرە کرد
لەئاسمانە شین پۆشەکەی دارستان و
فێرە بەزمی گەرمیان و کوێستانی کردم
وەلێ ئەمرۆ. ئەوەندەی مەرگ
لەنەریتی کۆچ بێزارم
سەمای مەلە کۆچەریەکان پەستم ئەکا

خەتای کێیە
ئەستێرە لەکۆچی کشان پەشیمانەو
پەڕەندەی پیر
لە هێزی شەقەی باڵ کەوتووە
ئەوە ئاسمانە وا لێڵە
یان بەیانی موحیببەتە بوومە لێڵە

دوای هەرگیان کێشانی کۆچێ
کەدێمەوە
بستێ لەبەژنی تەنیاییم
زیاتردەبێ وواهەست دەکەم
قەرەج تر.. بووم

گەیشتومەتە رۆخی سەبر
گەیشتومەتە ترۆپکی ئۆقرە لێبڕان
گەیشتومەتە
ئاخەرین وێستگەی بێزاری
بێزاری لەشاخ و دەریاو لەئاسمان و
لەگشت هێڵە تەریبەکان
گەیشتومەتە ئەو باوەڕەی
لەکۆچدا ، هیچی تر نیە
غەیری گەنج بوونەوەی زام و
پیربوونی چاو
لەبەر پەنجەرەی ژوان و
سپی بوونی پرچی ژیان
بەدیار تەرمی موسافیرێکی مەستەوە
ئاخ .. کەبێ مروەتی ئەی کۆچ

## <u>بیرم نایەت</u>

بیرم نایەت
لەساڵی چەندی کۆچیەوە
بەڕێوەم و چەند فرسەخیش
لەسفری دەستپێکەوە دوورم
بیرم نایەت
کەچەند خەڕەندو گاپێڵ و
هەورازو کەندەم دیوە
بیرم نایەت
لەچەند بەفری حوزنم داوەو
چەند ڕەهێڵەی شەرمەزاریش
پەڕەسوێلکەی ماخۆلانی ئەم دڵەمی
شۆردۆتەوە

بیرم نایەت
ئەگەرجارێ ، بەڕێکەوتیش
لەسەرکانیی ئولفەتێک و
لەژێردارتوی متمانەدا بەکات وشوێن
سەرخەوێکی دڵنیاییم شکاندبێ
هەرئەوەندەم لەبیرماوە
دایکم دەی ووت
ئەوڕۆژەی تۆلەدایک بووی
لەم شارەدا ، هاتن وچوون
قەدەغە بوو.. بۆیە دەڵێم
ڕەنگە تاکۆتایی تەمەن
قەدەرتۆڵەی ئەوڕۆژەم لێ بکاتەوە

بیرم نایەت
چەند پاییزم بەدیارهەڵوەرینی گەڵا
زەردەکانی فرسەتەوە ڕێ کردووەو
چەندێ نەعشی بەهاریشم
لەچاوەڕوانی هاتنەوەی
هەندێ شکۆفەی ئومێدا

بەکۆشی خاک سپاردووە
وەلێ ئەوزستانەم هەرگیزلەبیرناچێت
بەشەختەی کۆچی ناساندم
باوەجو بەچلەی هاوینیش .. هەڵدەلەرزێم .

بیرم نایەت
چەنێکە خۆم دەخۆمەوە
لەوانەیە روحم دڵۆپە ئاوێکی
تیانەمێنێ و ببمە هەڵم و
لەپەنجەرە نەفرەتیەکەی ئۆزۆنەوە
بفرم بەرەو بۆشایی بێ دوایی گەردوون
بۆ ئەوشوێنەی .. نەقوەی جەزبی تێدایەو
نەهەست بەقورسایی زەمەن
بیرم نایەت
لەساڵی چەندی کۆچییەوە
بەرێوەم و چەند فرسەخیش
لەسفری دەستپێکەوە دوورم
ئیترچیم داوە .. لەم کۆچە

## <u>ئەی پیاو</u>

کەمێ هۆشت هەبێ ئەی پیاو
گەردرەختێکی بەرزیش بی ، بیرت نەچێ
لەکانیاوی سنگی ژنێ ئاودراوی
کەمێ هۆشت هەبێ ئەی پیاو
ئاخر ئەم ژیانە بێ ژن چیتر نیە غەیری عەدەم
غەیری تونێلێکی دۆزەخ
غەیری خەیاڵێکی کرچی
ئەودیو یاڵەکانی سروشت
کەمێ هۆشت هەبێ ئەی پیاو
بوون .. فڕینە بەئاسمانی زیندەگیدا
ئەو مەلەی باڵێکی بشکێ
لەزیندانی قەفەزێکدا هەڵدەکوڕمێ و
دوا چریکەکانی تەمەنی بۆ خەونی ئازادی دەچڕێ
چ گەمژەیەتیەکە ئەی پیاو
باس لەهێزی یەک باڵ بکەی

کەمێ هۆشت هەبێ ئەی پیاو
کەخۆت دەرئەنجامی عیشقی
کەخۆت لەژوانی گوڵ وهەڵاڵەیەک ،
بووی بەمیوە
باخی گوڵان بۆ شەڵاڵی خوێن دەکەیت و
دەستی چڵکنی شەرەفت بەخوناوی
گوڵ ئەشۆری
کەمێ شەرمت هەبێ ئەی پیاو..!!

## سەردەم

هەڵکەنە گۆڕئەی گۆڕهەڵکەن
تەرمی دەعبایەکی بەدمەست بەڕێوەیە
پێکی ، سەرلێولەچڵکاوی خەستی درۆو
قاپی ، سیخناخ بەمەزەی قەوزەی گۆمێکی
بۆگەن و مەنگ
گەرنەشڵەقێ بەخڕکە سەنگ
سەرانسەری دونیا ئەکا بەگۆڕی تەنگ
هەڵکەنە گۆڕئەی گۆڕهەڵکەن
ئەودەعبایە ، بەتۆپیویش
چنگی هەرلەیەخەمان گیرەو
وا بۆگەنی کوێرمان ئەکا ..
وەلێ گوناهی خۆمانە
ئەویەکەمجار کۆچەرێ بوو ،
گەرەکی بووهەربەلامانا تێپەڕێ
ئێمە خۆمان
کلیلەکانی هزرمان دایە دەستی و
کردمان بەپاسەوانی گیان.

هزرمانی کرد بەزبڵدانی دەهرو
باخی نەستیش بەدڕکستانێکی دەگمەن
هەڵکەنە گۆڕئەی گۆڕهەڵکەن
ئیتر ساتێ نیە بۆدوان ... ئیتر جێیە نییە بۆژوان
ئەوەی هەیەونییە تەنیا
ڕاکردنە بەدوی ڕەنگی سایەکانا
ئەوسایانەی لەگیانە داڕزیوەکان
بێزارن ولەبێمروەتی ئەوانا
گەرەکیانە تەنیا بژین
وەک دەستەیەک قەشەی ڕەبەن ..
هەڵکەنە گۆڕئەی گۆڕهەڵکەن
ئیترلەسوخرەیت خانەی ئەم دەهرەیا
هیچ دەرفەتێک نەماوە تا
گوڵ دوگیان بێ بەهەڵاڵەو
یەک هەناری بەخت بگرێ ، داری وەتەن
هەتا لاکی ئەودەعبایەی بۆگۆڕنەبەن
هەڵکەنە گۆڕئەی گۆڕهەڵکەن ..

## بەرگە ناگرم

بەرگەی هەموو دەردێ دەگرم
تەنیا فیراقی تۆ نەبێ
ئاخر ژیان
چ حیکمەتێکی تیا دەبێ
ئەگەر تۆ بەقامکی میهر
سازی ڕازی دڵ نەژەنی
ئاخر بەیان
چ ڕەونەقێکی وای دەبێ
کەتۆ لەگەڵ هەموو بەیانی باشێکا
بەکامی دڵ .. پێنەکەنی

بەرگەی هەموو خەمێ دەگرم
خەمی لانەو خەمی نان و
خەمی شوناسی ئینسان و
خەمی ماندوبوونی دڵ و
خەمی هەڵوەرینی گوڵ و
خەمی دۆستی بێ پەیمان و
خەمی کۆستی نیشتمان و
خەمی کۆچ و خەمی دووری
خەمی بێدەنگیی مەجبووری
خەمی سەخت و خەمی سان و
خەمی دەهری بێ ئامان و
هەموو جۆرە خەمێکی تر
تەنیا هەر ئەو خەمە نەبێ
گوڵم ، تۆ خەمێکت هەبێ

بەرگەی هەمووژانێ دەگرم
ژانی زەمە کوێرەکانی
مرۆڤە بێ مروەتەکان
ژانی غەدری هاوڕێی سەفەر
لەپاییزی متمانەیاوژانی دیەم
بەبینینی قەباحەتەکانی ژیان
ژانی دوپشکی نەداری
لەجەنگەڵی ئاژەڵە دڕندەکانا
ژانی بەبا چوونی هەموو پووشی ڕەنجم
بەهەڵدانی پێکەژەهری پەشیمانی وئازاری پێم
لەپیاسەما بەسەردڕکی ناجاریا
لەگەڵ ژانی لەدەستدانی هەردوو چاوم
بەرگەی هەمووژانێ دەگرم
تەنیا هەرئەوژانە نەبێ
کەڕۆژێ بێ و
ئیترتۆ.. نەهێنی ناوم !

بەرگەی هەموو غەدرێ دەگرم
غەدری بەختی هەردەم نەیار
غەدری تەختی والیی زۆردار
غەدری ویژانە مردووەکان
غەدری هزرە بابردووەکان
غەدری دڕکی دامەنی گوڵ
غەدریماڵی کردنی ناخ بەعورفی سڵ
غەدری ئەو ڕەشەبایانەی
پەپولە لەخشتە دەبەن
غەدری ڕۆژگار.. غەدری تەمەن
بەرگەی هەموو غەدرێ دەگرم
تەنیا هەرئەوغەدرە نەبێ
تۆی لێ نەبی
ئەوساتە وەختەی کەدەمرم

## هەندێ خەیاڵ

دووپەرداخ
لەبادەی گەرم وتاڵی مەراق
دووکڵۆسەهۆڵی ئومێد
دوودڵۆپیش هەنگوینی بەخت
مشتێک جەرەسی بێزاری و
دووجگەرەی تا کەمەریش بەژن سوتاو
لەسەرمێزێکی لەخۆمان بێ تاقەت تر
لەسوچێکی مەیخانەکەی ئەم دەهرەیا
تا بەدمەستی ، دەخۆینەوە
من وژیان

لەسەفەرا ، لەهەورئەچم
لەبارینا ، بەسەردەشتە
نەزۆکەکانی فرسەتا لەباران و
لەهەڵچوونی بەبێ ماناوناوەختەشا

ڕیشۆڵەکان
لەگەڵ بەفرا دەرئەکەون
نێرگز ، لەپێشوازی بەهار
تەم لەکۆتایی پاییزدا ئەبێت بەمیوانی نشێو
ماسی ، دەمەوئێوارانێ ،
کاتێ کەخاو ئەبێتەوە
دەماری گرژی تورەیی ناخی ڕووبار
گەڵاش وەختێ دێتە سەما
کەسروەیەک تاری عیشقی بۆ ئەژەنێ
منیش .. هەموو بەربەیانێ
ئەڵێی پشکۆم ، دێمەوە جۆش
بەتەماسی هەناسەی یار

پڕم لەبێدەنگی حەسرەت ،
تێرم لەژاوەژاوی زەم
نغرۆم لەقاوەی بێ شەکری
ناچارییا ، وەڵێ چی بکەم !<
قژم بەفری غوربەتی گرت ..
دڵم تۆزی .. پەشیمانی
هەردوو دیدەم بوون بەمێووژ
لەزارییا ، وەڵێ چی بکەم !؟
دەچمەوە بۆ هەواری کۆن
هەواری ئەوەڵین هاوار
لەوێ لەنگەر ئەگرم لەبێ
دەوارییا ، وەڵێ چی بکەم !؟
ڕەنگە حوکمی بێ حیکمەت بێ
لەتارەوە بۆ تارتر چم
هێندە مردم .. بەر لەمردن
لەتارییا ، وەڵێ چی بکەم !؟

## شەراب

لەحیکمەتی ئەم شەرابە| تێناگەم .. من
پێکی یەکەم
لەیەکەم بارانی نەرمی پایزئەچێ و
چسپە لەبیابانی گەرووم هەڵئەسێنێ و ..
سەرم هەرقاڵ
پێکی دووەم
نەشئەیەک بەنیگا ئەدا تاکو بفڕێ
لەگەڵ پۆڕە کۆچەریەکان
بەرەو دورگەکانی خەیاڵ
پێکی سێیەم
ئەمکاتەوە بەمناڵ و دەمێ دارە دارە ئەکەم
دەمێ سەرگەرمی گڕوگاڵ
پێکی چوارەم
ئەمخاتەسەربەزمی سەما چەشنی شەماڵ
پێکی پێنجەم
لێوم کەڕو.. زمانم کوێر.. گوێچکەشم لاڵ
ئەوجا پڕئەبم لەشیعروشووشەش .. بەتاڵ .

## دایکم

دایکم دەریایە بوو دەریا
بۆیە منیش جۆگەیەکم
لەبێ دەربەستی بەرامبەر
ئەو مناڵە لاسارانەی
بەرد ئەگرنە کانیی دڵم
چ ساویلکەیە ئەم عیشقە
چ جاهیلێکم لەدەرسی
ڕق و کینەو تۆڵەیا ، من
....................
دایکم لەپاساری دەچوو
ئێمەش زەرنەقووتەی برسی
ڕۆژی سێ جار
دەممان بۆ دەنوکی مەمکی
دەکردەوەو دەمانگوشی
تا ئەبوو بەلیمۆیەکی گوشراو

دایکم پەپوولە بوو ، ئێمەش
بۆ ئەوەی بەخۆمان بزانین
دەمان سوتان .. پێمان وابوو
دابی عیشق دەبێ وابە ، ئێمەی ئاگر
.......................
بەفرو دایکم
زۆر شتی هاوبەشیان هەبوو
هەردوو نەرم و هەردوو بێگەرد
هەردوو سپی و هەناسە سارد
هەردووکیشیان بۆ ئەوەی ژین چەکەرەکا
دەتوانەوە
.......................
دایکم ، سەردەمانێکی زۆر
کۆترێکی نامەبەری
کوڕو کچە ڕەدوکەوتوەکانی شاخ بوو
ئەوانەی لەترسی ڕەقیب
ڕەدوکەوتوی قاسپەقاسپی کەوەکانی ئازادی بوون
بەڵام کەمرد .. کەسێ لەوان
ناوی مناڵێکی خۆیان نەنا ... فاتم.

هەر ئەو ڕۆژەی باوەشی دایکم لەدەستچوو
سەرانسەری گۆی زەویم لێ بوو بەمەنفاو
غوربەتی من دەستی پێکرد
لەو ڕۆژەوە ،
ئینتیمام بۆ هیچ نیشتمانێ .. نەماوە

..............................

عەبا ڕەشەکەی دایکم
چەند گەرم بوو ، هێندەش نەرم
سەرپۆشە سپیەکەی دایکم
کەشەڵاڵی عارەق دەبوو
بۆنی گوڵە مێخەکی روحی ئەوی لێدەهات
فەقیانە گرێدراوەکەی دایکم
گەنجینەکەی سڵێمان بوو
پڕ لەزێڕو زیوی نوقڵ و گوێزو بادەم
دەغیلەکەی سەری منیش تاهەنوکە
پڕە لەقریوەی مناڵی و
چڵە ریحانەکانی یادی ئەو

هەورئەگریاو

بەڕێژنە بارانی ئەڕشت

باکم نەبوو

وەلێ کەدایکم ئەگریا

وام ئەزانی

زریانی عەرشی یەزدانەو

ئەویش .. ئەگری

....................

ئەمشەو بەفرسەخی تەبعە

وەک دایکم و سلێمانی

بەهەرسێکیان

لەسەرتەختەی ڕەشی ناخم

وێنا ئەکەن ، بۆ چاوەزار

شێوەی جوانی ..

........................

دایکم ، هەمیشە دەی فەرموو ؛
ساتێ ڕەحمی منت جێهێشت
بەرلەوەی گوێم لەیەکەمین قریشکەت بێ
چاوەکانت هەردووزەق زەق
بڕی بووە چاوەکانم
وەك ئەوەی پێم بڵێی .. بۆچی
لە فیردەوسی ئەم جەستەیە دەرمدەکەی
کە گەورەبووم ، پێیان ووتم ..
ئەوساتەی تۆلەدایکبووی
ئەولەتۆ.. بەخوڕتر گریا
ئای دایە گیان ...
هەموو ساڵێ ، بەتایبەتی لەم ڕۆژەدا
دەزانی چەند بیرت ئەکەم ... !!؟؟

هەرهەمووباخچەکان گەڕام
وەلێ هیچیان
هێندەی لای گۆڕەکەی دایکم
بۆن خۆش تروپڕلەئارامی ترنەبوون
لەوێ ، نەشاهەنشای مەراق بەسەپان و
نەشێخی خەم بەموریدی خۆم دەزانم ،
لەوێ من سوڵتانی رەهای
عەرشی زەمین وئاسمانم .

بۆنی سەدان
جۆرە عەتری گرانبەهای
جیهانی وخۆماڵی لوتیان پڕپڕکردم
وەلێ تەنها ئارەقەی گەردنی دایکم
دەماخیان بۆسڕسڕکردم .

که برسی بووین
تۆ هەویری روحت ئەکرد بەنان ، بۆمان
کەتینو بووین
تۆ بارانی میهرەبانیت بەسەرمانا دا ئەباران
پەنجەیەکمان تای لێ ئەهات
هەموو گیانی تۆ داخ ئەبوو..
که گەڵای زەردی ئاخێکمان هەڵئەوەری
باخی ناخت بەگەڵای زەرد
سیخناخ ئەبوو..
نوکی دەرزی بەڕێکەوتیش بەلاماندا بهاتایە ،
هەموو گیانت .
وەك شۆڕەبیی بەرڕەشەبا هەڵدەلەرزی ..
هۆ دایە گیان ،
نەك بەتەنها تۆ میهرەبان ترین ژنی
تۆ فەخری عالەمی منی .. !

هەموو ساڵێ .. لەم ڕۆژەدا
نێڵەنێڵی چڵەداری وشکی دڵم
لەکورەی ئاگری کۆچی تۆیا دیسان
گوێچکەی ژیان دەوروژێنێ ..
دەزانی چەند بیرت دەکەم ،
هۆدایە گیان .. !؟
ئەمڕۆ بێ ویست و نیازی خۆم
تۆژێکی ئەستووری خەفەت
لەسەر دڵم پاڵکەوتبوو
نەم دەزانی کام ڕەشەبا
لەگەڵ خۆیدا هێنابووی بۆم
کەزانیم ساڵیادی خەمی کۆچی تۆیە
تێگەییم .. چەند
پیرە مناڵێکی شێت و تاهەنوکەش
دڵ عەواڵی عەباکەی تۆ !

لە ترۆپکی تەمەنمەوە ..
بەدووربینی بینایی یاد
ئەڕوانمە گاپێڵەکانی ڕابردوو ،تاکو بنار..
ئەوەی تا ئەودیوی سنوور
(سنووری لۆژیکی هەستم)
ڕەق وزەق دێتە بەرچاوم،
بەتەنها یەك مانا ئەدات
بەدرێژایی هەڵزنانا بەم کێوە وەهمەی ژیانا ..
چەند پڕوپووچە ئەوخەمەی لەبری چنگێ
چوالەی مزری تێگەیشتن لەژێردداني حیکمەتا ،
بەدەم ڕێوە .. دەمانکرتاند ..
ئاخ لەدەستی تۆ ، ئەی مردن !
چەند نزیکتری لەبۆنی هەناسەی خۆم .. !؟؟
بەتەنیا ، دانیشتوم ئەگریم
بۆئەرۆژەی کەدایکی یەکەمم ، تەنیا
بەجێ .. هێشتم !!

دایکم ، زۆرلەباران ئەچوو
زوبانیشی ، ڕوون و پاراو.. بەوێنەی ئاو
میهربێژ و سۆزڕژێن و
گوڵەکانیش بەپەیڤی ئەو
ڕۆژوی تینوێتیان ئەشکاند
پاك و شیرین و بێ گرێ ..
بۆیە کاتێ کە ئەو ئەدوا
هەموو گیانم ئەبوو بەگوێ ..
سەرپۆشە سپییەکەی دایکم
گەرچی تەنها ، ڕەنگێ بوو لەڕەنگی بەفرو
گەرچی تەنها ، قەفەسێ بوو
بۆ پڕشۆڵەکانی قژی ..
کەچی لای من
بەیداخێ بوو لەپەلکەزێڕینەی وەفا
بۆ نیشتمانێکی تژی
لەبەخشین و میهرەبانی ..

دەزانی چەند بیرت دەکەم ؟
بە بارتەقای ماسییەکی
ڕاوکراو لەچەمی عومری
نەوەستاوا .. بیرت دەکەم !
هێندەی کێشکەیەکی پیری
لە گۆمی خەما خنکاوا ، بیرت دەکەم ..
کێ بوو دەیگووت ،
هەمیشە گیا
لەسەر بنجی خۆی ناڕوێ ؟
ئەی ئەوەتا .. ئەوە نییە من
لە کانیاوی بڕبڕەی پشتی خەیاڵ و
نوتفی خۆبەخشیی تۆوە دێم ؟!
( باوکم )

## ڕۆژگار

**لەوە زیاتر چیم لێدەکەی**

**تۆ ئەی ڕۆژگاری نەفرەتی**

**دەشتی پڕ دڕکەزییت نەما**

**نەیکێڵم من ، بەپێی پەتی**

**درەختی ڕوتەڵت نەما**

**ئاوی نەدەم بە مەینەتی**

**ملەی کووڕی کێوت نەما**

**قامەتم نەکاتە گۆچان**

**ئاوی خوڕو مەنگت نەما**

**نەمکاتە نێچیری خنکان**

**وەرزی زەردی غەدرت نەما**

**نەمفڕێنێ ، لەگەڵ زریان**

**میری دیوەخانت نەما**

**لێی نەبینم ، بێمروەتی**

**بستێ نیشتمانیش نەما**

**نەمجنێ ، چەقۆی غوربەتی**

**لەوە زیاتر چیم لێدەکەی**

**تۆ ئەی ڕۆژگاری نەفرەتی .**

**<u>بۆ ئەو مناڵەی لەداچی مەرگی باوکی</u>**

**<u>مەلی روحی خۆیشی فڕی</u>**

دڵێکی پێویستە ، لە بەرد
بەرگەی ئەم ئازارە بگرێ
دوو چاویشی دەوێ ، شوشە
ڕێ لەم ئەشکە خارە بگرێ

هیچ مەکەن و هیچیش مەڵێن
ئەگەر خوداش بێتە خوارێ
لە کسپەی ئەم کۆستە ناگات
لەجێی باران .. ڕم بباریێ

ئاخر کەی بووەو چۆن دەبێ
پەپوولە ، تەقلیدی گوڵ کا
ئەودەمەی ئەو هەڵدەورێ
ئەمیش توند باوەش بەگڵ کا

## <u>پێشبینی</u>

شەوێکی قژزەردی پاییز
دوورلەچاوی حەسحەسی شار
ئەو دەمەی دەڕژێنە نێو یەك
جۆگەلەی سوێی جووتێ دڵدار

لە ژوورێکیماڵەکەمدا
خەڵتانی خوێن دەکرێم لەسەر
شیعرێکی یاخیی نیشتەجێم
لەکوخێکی تورەی چەپەر

چونکە هەربەدەستی ئەنقەست
شارە زەردەواڵەی ڕقم
بەرئەدەمە باخی والی
وەلێ مادام لەسەرحەقم

ئەوەندەی ( با ) بێ منەتم
ئەوەندەی ڕەهێڵەش بێ گوێم
بۆ هەرکوێ ویستم کۆچ دەکەم
لەهەرکوێ ویستیشم ، دەڕوێم

## بێ منەت

لە هەواری ڕەشابادا
سانە رۆژەکانی تەمەن
سەرهەڵگرن بەرەو نادیار
وەك پوشی دەم شەماڵی شەن

بەئەنقەست میمۆری یادم
دەرهێناوە ، مەپرسن بۆ
سەرت عەمبارێکی چۆڵە
من سنوقی دیرۆك نیم ، خۆ

بەویستی خۆم چەرخی یادم
دەوەستێنم لەسەمای سووڕ
چیت لەدەست دێ ئەتۆش بیکە
ئەی پەنگی ژیانی پشت کووڕ

## بێباك

مرۆڤێكم ، لەبێ باكی
لەسامی بێ ئاكامی ڕێ
لەپشتی كووڕی هەورازو
لەكوێربوونی چاوی گرێ
لەوەتەی هەم ، وام هێناوە
گا سەرەوژوورگا سەرەوخوار
هەزاران جاربەڕەوتی پێ
كەمێك جاریش بەڕێكەوت سوار
وەرزێكی دروێنە تێرو
دەیان وەرزی شەنیش برسی
وەلێ ئەلفێكی كڕنووشم
لەعەرشی زاتێ نەپرسی
بۆیە پێتان دەڵێم ، خاوە
ئەگریجەی لوولی خەیاڵتان
ئەگەرپێتان وابێ ، ڕۆژێ
بێمە سەرچۆك لەبەرماڵتان
دڵنیا بن .. تا ئێوە هەن
دڕكی جێ خەوتانم هەردەم
پەڕاوپەڕی ڕۆژبسێنن
شەوتان دەكەم ، بە جەهەنەم

## ڕێبوار

مەوەستە شۆفێر من دا نابەزم ..
ڕەنگە بەحوکمی تەمەن سەرخەوێ
هەندێ جاربۆلای خۆی بمباتەوە ..
وەلێ باوەجوو ئەبەد ناتوانێ
لەپێکی پڕی حەسرەتی منا
قومێ بەنەشئەی خەم بخواتەوە

مەوەستە شۆفێر دیارە نامناسی
فێرنیم لە نیوەی ڕێدا دابەزم ..
چەند دووربێ شاری ونی ئاواتم
ساتمەیەك دەكەم ، وەلێ نابەزم

خەرمانی نیوەی تەمەن لەدەست دەم
بەپەنجە توتەم ئارەقەی دەسڕم
لەكڵاو ڕۆژنەی ئومێدێكەوە
تیشكێ بەنرخی هەمووژیان بێ
موشتەریم بێ خەم گورزێكی دەكڕم

## خۆزگە

بریا چاوت هەڵۆ بووایە
تیژو بەرزەفڕو نەسرەوت
نەك شەمشەمە کوێرەیەکی
موعتاد بەبنمیچی ئەشکەوت

بریا زارت ڕووبار بووایە
ڕوون و ڕاشکاوو حەقبێژ
نەك لەبەرزاڵما کورت و
لەبەرمەزڵومانا ، درێژ

وەلێ هەرگیز هەوری گەواڵ
ڕێژنە بارانێ ڕۆناکا
شەتڵی بریاش لەنێو خاکی
ڕیاکارا .. چرۆ ناکا

بەرلەبەڵا .. بێرە دەنگ و
بێژە پێمان تۆ کێیت وچیت
هەرسێبەری گیانی خۆت بە
گەرخۆت نەبی هیچی ترنیت

## نیشتمان

بنووسە مێژوو بەرەنگێکی سور
لە رۆژهەڵاتا میلەتێ دەژی
لەسفری دەستپێکەوە لەرێیەو
هەگبەی سەفەری لەقەهرا تەژی

پەڕەی شوناسی ئەوەندە کۆنە
دەستی بەرکەوێ رەنگە بپروێ
کێوی ئازاری لەکۆشی هەورەو
ناڵەی بەئاستەم ئەگاتە بەرگوێ

پەڕەندەی روحی بەندی سنوورە
سەرلێوی خوێنە جامی جەستەکەی
چوارپەلی پچڕاو، دڵێکی لەت لەت
بەرد ئەبزوێنێ زامە خەستەکەی

لە بومەلێڵی کاڵی دەهرەوە
بەگژکرێوەی با دەچینەوە
تێرین لەهاواربۆ سەدا برسی
نوچیش بدەین هەررا دەبینەوە

بڕوانە ، مێژوو لەم هەوارەدا
ئێمە بەپشکۆی چەند خەم دەسوتێین
جارێ بەپشکۆی کورەی هاوزمان
جارێ قەقنەسی کورەی دراوسێین

دەمێ بەکۆتی شوناس گیرۆدەین
لەجیهانێکی بێباکی مەنگا
دەمێ بۆ خەمی گشت بێدارەکان
چاو لەگزنگین لەشەوزەنگا

گوێ بگرە مێژوو پیری ریش چەرموو
ئەم چەمی خوێنە مەحاڵە هەروا
بێباک وەبەرپێی لەخاک چەقیوی
داری ئومێدی ... ئێمەدا بڕوا

وەرزی دەرفەتەو رۆژی بەرخودان
هەستە کوڕی لاو هەستە گوڵی مێ
چاوی نیشتمان لەسەر ئێوەیەو
هاواری شەهید لەخاک هەڵدەسێ

## <u>گلەیی</u>

قاوەی حەقیقەت .. تاڵە ئەزیزم
بەقەندی پاساوقەت شیرین نابێ
لەوەردی خەون و خەیاڵی وشکا
دیارە نەمامی خۆزگە شین نابێ

ئەوندەمان وت .. زمانمان سوا
ئەوەندەمان بیست گوێمان بووبەبەرد
پەڕەی کرداریش ئەوندە پاکە
گەڵێك جوانترە لەبەفری بێگەرد

پێدەچێ ئێمەی هەواری قەیران
ئێمەی خۆش کەلام باوەجوبێ ڕەوت
هەربەقودرەتی قادری تەنیا
نەسلێکی نوێ بین لەئەهلی ئەشکەوت

## سلێمانی

لەلوتکەی شاری جوانەوە
چ پشکۆیەکی خامۆشە
ئەمشەو دڵی سلێمانی
لەژێر ساجی ڕەشی شەودا
پڕلە ئازاری پەنهانی
لەئاسمانەوە دەڕوانم
بەجەستەی ڕاکشاویدا
لێڵە مەودای چاوەکانم
لەبەرنازی ڕژاویدا
نەقرچەی ئاگری ناخی
نەسرتەی ڕازێکی پەخشان
نەکسپەی ماچێکی یاخی
نیگارێکی جوانی نەخشان
چ خەونێ بوو ئەم دیدارە
چ ئەفسوناوی بوو خەیاڵ
وتم خۆڕەنگە ئەم شارە
هەسارەیەک بێ لەمەحاڵ

وێڕای هەموو خەمەکانیش
ڕۆژبەڕۆژ تۆ جوانتر ئەبی
تابەژنی عومرت هەڵکشێ
هێندە میهرەبانتر ئەبی

بۆن و بەرامەی مناڵیت
هەنوکەش هەر بەرنەداوە
ئەڵێی شوشە عەتری دنیا
لەبەر پێی تۆیا شکاوە

ئەوکەسانەی بەتەوسەوە
باسی شێواویی تۆ ئەکەن
سیا ناخ و بەد مەبەستن
دڵنیا بە ...... درۆ ئەکەن

دەستم دا لە هەنیی گوێژە ، تای هەبوو
دڵمی برژاند بەجۆرێ تای وای هەبوو
دەڵێی سەقەرلەدڵیا دا گیرساوە
ماری بەڵا لە گەردنی ئاڵاوە
نەکەی قەدەرنەکەی ئەوموبتەلاکەی
لەعومری من بئاڵێنی .. بەڵاکەی
ئێمە بۆ ئەودەشتی دێمی بەرینین
گەڵای وشکی پاییزی هەڵوەرینین
قەدەر، قەزای دەردوبەڵای لەمن نێ
گوێ لەنزای خەڵکی بگرە ، تۆلەکوێی ؟!

............................

من ، لەعیشقی تۆتێرنابم
ئەگەرزیندانی گیانیش بی و
دڵم تامەرگ .. دێوانە بێ
کافییە بۆمەلی روحم ، سلێمانی
چڵی درەختێکی گردی
سەیوانەکەت .. هێلانە بێ

## خۆم

حەزدەکەم .وەك خۆم دەرکەوم
نەکەم ترو نەزۆرتریش
نەکاڵ ترو نەبۆرتریش
نەگەنج ترو نەپیرترو
نەناسك تر، نەجیڕترو
نەگەمژەتر، نەزاناتر
نەبێ تواناو بەتواناتر
نەپاڵەوانێکی تازەی سینەمایی
نەناودارێکی لوتبەرزی لەخۆبایی
نەعاشقێکی بێ هاوتاو
نەدۆنجوانێکی فەوتاو
نەقۆزترو ناشرین تر
نەلەش ساغ وبێ برین تر

نەساف ولوس ، بێ عەیب وعار
نەدەوڵەمەند ، نەزۆرنەدار
حەزدەکەم وەك خۆم دەرکەوم
تا ، لەئاوێنەدا .. بینیم
بڵێم بەڵێ .. خۆییم ئەوم
وەلێ ، دڵنیابە گوڵم
دوورلەلوتکەی بەفرپۆشم.
دوورترلەخەیاڵی خۆشم
ئەمێستاکەش بەشنەبایەك
دێتەوە جۆش ، پشکۆی دڵم
وەلێ ، دڵنیابە گوڵم
حەزدەکەم..وەک خۆم دەرکەوم !!

## من کێم ؟

خواوەندەکانی کات و شوێن .. لێم دەپرسن دەڵێن تۆ کێی
سەربەکام  هەزارەی دەهری .. لەکام هەسارەوە تۆ دێی

گەرەکتە هەم هەوربگری و.. هەم ڕەشمەی نەهەنگی دەریاش
هەم عەرشی خوا بلەرزێنی و.. هەم تەختی سوڵتانی ڕەهاش

دەڵێم بڕۆن بەداربڵێن .. بە بەرد بێ زارو بێ هۆش
بەکیشوەری سەهۆڵبەندان .. بە گڕکانی دەروون پڕ جۆش

بپرسن لەچەکوش و ئاسن  .. بپرسن لەبێڵ و گاسن
لەکازیوەی دیرۆکەوە .. لەمن زیاتر کێ دەناسن

لەکازیوەی دیرۆکەوە .. ڕێبواری ڕێی شاری خۆرم
ژیان فێری سەما دەکەم .. ئەشکەوت بەگوڵزار دەگۆڕم

ئەی دەمەکانی شەوەزەنگ .. فووم لێدەکەن ، بکوژێمەوە
بە گەردەلوولیش نامرم .. دیسان دا دەگیرسێمەوە

هەموو ساڵێ ئەوەڵی مەی .. دەبین بە شەپۆلی یاخی
لە نەهەنگەکانی دەریای .. بەرژەوەندی و بێ دەماخی

هەموو ساڵێ ئەوڵی مەی .. کە دەستەکان دەبنە یەك دەست
کە قرمژنی هاوارەکان .. دەبنە یەك کۆڕاڵ و یەك هەست

کام کەلەبچە لەمەچەکدا .. بەرگە دەگرێ نەپچڕێت و
کام بەربەستی پۆڵاو ئاسن .. دەتوانێ نەبێ بەسوتو

( شیعرە بێ ناونیشانەکان )

.........................................

گوڵەکان بدەنە دادگا
دڵەکان دستگیرکەن ، هەموو
لێوەکان مینرێژکەن بەدڕك
چاوەکان پڕکەن لە ڕەژوو..
گەرگەرەکتانە ئاژاوەی
عیشق نەگاتە ڕۆخی دێ
گەرگەرەکتانە کۆرپەلەی
سپێدەیەك لە شەونەزێ ..
( پێم بڵێن ، کێ دەتوانێ ، کێ )

..............................

یەکێ ، خەونی نیشتمانم پێ دەفرشێ ، بە نرخی نان
یەکێ ، نانم پێ دەفرۆشێ بە نرخی خەونی نیشتمان
کەس باسی کڕینی پوشی ڕەنجی عومرم لەگەڵ ناکا
لەم بازاڕە بێ ڕەحمەدا ، مردن هەرزانترە لە ژیان

گشت جوانیەکانی لێمان شاردەوە
قوڕی بێباکیی لەچاومان هەڵسوو
ئەو دەمەی سەنگی بێدادی خستە
سەریەکێ لەدوو تاکەی تەرازوو
دەستە پیسەکەی غەدرێکی دووسەر
هەم غەدری نان و هەم هی نیشتمان
لەو ڕۆژەوەی هەر، بەدووربینی دڵ
دەڕوانینە خاك ... دەڕوانینە مان
..............................
لەلایەك وەلوەلەی شینەو
لەلایەك هەلهەلەی شادی
ئەو چاوەڕێی سوبحی مژدەو
ئەم ، غروبی نامورادی
ئیدی وایە .. ئەم ژیانە
بێ ڕتووش و بێ مەرایی
ئەم لە ئەو دەرکەی دەکاتە
سفری ڕوتی پوچگەرایی !

**ماڵتان بەقسڵ و قوڕگیرێ**

**لەزارتان قەت نەبڕێ لیرێ**

**هێندە درۆتان هەڵڕژاند**

**گوێ نەما نەی پێکێ تیرێ**

........................

**گەربە هەزاران شەمشەمەکوێرەش**

**سروودی هێزی تاریکی بچڕن ..**

**گەربەهەزاران پەڵە هەوری بۆر**

**بەربە ئاسمانی بینایی بگرن ..**

**ڕێی خۆتکە ڕێبوار، بێ گۆڵەوگرێ**

**دوای کۆچی شەوگارسپێدە هەردێ .**

...........................

**هەتا سەدای پڕئازاری قریشکەی نەدارێ هەبێ**

**هەتا قرچەی نێڵە نێڵی هەناوی هەژارێ هەبێ**

**لەم هەوارە بێ بەهارەی هەردەڵێی تابووتی خەمە**

**زەریایە تف لەتەوێڵی (هەندێ) بکرێ هێشتا کەمە**

گوریسێك لە ملی خۆرکەن
با هەرلە سەحەرا بڕوێت !
مانگ بە سەرپۆشێ داپۆشن
دونیا هەرشەوە ، با بنوێت !
لمۆزی سەگەکان بدروون
تازە وەڕین بەچی ئەچێت !
دەنوکی چۆلەکەش داخەن
چ ڕێبوارێ بۆ ئێرە دێت !
هێندە ئاسمان بێزارمەکەن
نزا باڵی نییە ، بفڕێت !
ژیان لێرە ، مەسیحێکەو
هەموو ڕۆژێ لەخاچ ئەدرێت !
بەنەفرەت بێ ، ئەوەی ڕەنگی
بزەی لێوی مناڵ ئەسڕێت ..
بەنەفرەت بێ ، ئەوەی سکڵی
کزی هیوا ، لە چاو ئەدزێت ..

هەرسەرێك و جۆرێ كڵاوی بۆ دەبێ
تەنها سەری هەڵتۆقاوی ئێمە نەبێ
لە مێژەوە هێندە كڵاو دەوری داوە
هەردەڵێی بۆ كڵاو كڵاوێن كراوە
نازانم ، تاوانی سەرە یاخود كڵاو
باوەجو لەبەردیدەما ڕوونە وەك ئاو
هەتا پشتی كووڕو گەروی بێدەنگ مابێ
گۆمی مەنگی ئەم دێیە بێ نەهەنگ نابێ

..........................

تۆ دێی بۆ لای من یان من بێم بۆ لات ؟
هەرهەمان ڕێیەو بە یەك جێ ئەگات ..
تۆ پێش من دەڕۆی یان من پێش كەوم ؟
بۆ من هەردوكیان هەمان شت ئەكات ..
تۆ پێش من ئەدوێی یان من یەكەم جار؟
هەركامێكیان بێ ، یەك مانا ئەدات ..
( گفتوگۆی نێوان .. ژیان و مردن )
ئەمیان هەرنەچوو ، ئەویان هەرنەهات !

بەمن چی نوری مێژووی تۆ، بەمن چی
لەکن من هەرسەرابە خۆ، بەمن چی
کە تۆ بەری هەتاویش لە من بگری
نسێ هەرڕوولەمن بێ بۆ، بەمن چی

.............................

هەتا بەردێ نەگریتە سێبەری ناوی کاکی شوان
باش تێناگەی ، چ مێگەلستانێکە ئەم نیشتمانە !
تا میزاج و خەڵوەتی شێخیش تێك نەدەی بەچرپەی زەم
ئەگریجەی شۆڕی ئەوهەموودەروێشە کوێرە نابینی
چلۆن لەگەڵ دەفی زیکرا ، بەڕاست و چەپدا پەخشانە !

............................

گرێکوێرەی شوان وگۆچان
لەدیرۆکی هەندێ مێگەل
بە نینۆك وکەڵبەی گورگیش
ناکرێتەوە تاکو ئەزەل

باخ ، ئەگەرئاوی نەدەی .. لەخارزیاترناگریٚ
دڵ ، ئەگەرتاوی نەدەی .. مەشقی عیشق ناکریٚ
پیٚ لە هەنگاوبترسیٚ .. جەستە دەبیٚ بە داهۆڵ
مەرجی بیٚ چەندوچۆنە .. حەق ئەسێندریٚ ، نادریٚ

........................

کاکەی شوان لەلای وایە ئێمە بەرخ ومەڕی ڕانین
فێرە نەغمەی باعە باع وپڕمە ، کاوێژ، خۆخورانین
بۆیە هەرکە بانگی کردین گەرەکیەتی هەمووڕاکەین
بەرەوئامێزی پیرۆزی وخەمی دنیا گشت بەباکەین

........................

چی لەبێستانی دڵ دەرچیٚ ڕەنگە چرۆی ڕازنەبیٚ
با لەسازی سۆزیش هەستیٚ ، پیٚدەچیٚ ئاوازنەبیٚ
هەمووبەردی نێوچەمێکیش دەشیٚ بەردەبازنەبیٚ
(( هەرکەسیٚ هات ووتی من عاشقم بڕوا نەکەی
تا لەسەرگۆنای نیشانەی زەخمی مارانگازنەبیٚ ))

.............................

بولبولی ئازادی شەیدای سەمای فڕینی ئاسمانە
مەرجی فڕین بەئازادییش دووباڵی بەهێزوجوانە
دیارە خۆی کەیفی بەکۆتە ئەومەلەی شێتی زیندانە
بەدەستی خۆت کەجامت خستە سەرلێوت غەشیمانە
ئەگەرژەهریشی تێدابووگوناهی خۆتە بیزانە !

ژانی کۆچت جەرگ و دڵمی دایەبەر
نوکی دڕکی بێ قەراری دواسەفەر
وەك یەکن هاواری نەی ، زەنگی قەدەر
(نابێ قەت ناڵەی جودایی بێ ئەسەر
جا چ نەی بیکا چ پیاوی دەربەدەر)

......................................

گەرچی ناخم خۆی بەخۆی خەمزادەیە
ئەم فوغانەم .. بێ سنوور، بێ ڕادەیە
بۆ ئەزیزێکە ، خەم ئەمڕۆ.. وادەیە
(چۆن نەناڵێ ، ئەو دڵە تەنگاوتەیە ..؟!
بەرد لە بەردی بێتەوە دەنگی هەیە)

.......................

دەستی هێنا ماچیکەم .. رومەتی چەپم دایە
عەجایب سەیری کردم .. وتم تەبعی من وایە
بەرگی کۆیلە بۆبەژنی .. هەموو مرۆڤێ نابێ
کەیفم بەسەری شۆڕو.. بەگەردنی کەچ نایە

.....................

گەرمەڕت دی بەدەستی خۆی
چەقۆبداتە دەست قەساب ..
گەرگوڵت دی ، خۆبەخشانە
ڕەدوی ڕەشەبا بکەویٚ ..
ڕامەچڵەکیٚ و.. وا تێنەگەی
ئەوە تەنها تراویلکەی چاوی خۆتە
نا نا نەخێر.. هەرخۆیەتی
مەملەکەتی .. پەترپۆتە .
..................................
تۆئەی هاوڕێی بەوەفا ..
چەند بەسۆزی لەگەڵما
ئەڵێی سێبەری گیانی ..
لەگەرمان و لەسەرما
نەدەرسی سیحرت خوێندو..
نەحەزئەکەی لەنیفاق
ئەی هاوسەفەری عومری ..
تاوەکو ئەمڕۆم ، مەراق
..........................

من لە چاوەڕوانیی تۆیا
شۆڕەبیەکی کەنەفت و ئوفتادەتەنم
ئەی وەرزی بێ بارانی خوێن دەدەرکەوە ..
ئەی سایەقەی ئاسمانی شینی وەتەنم

......................

قەتارەی بەست ، ڕیزی یاقوتی فرمێسك
دەڵێن ژانی زامی دڵ کەوتە سەرئێسك
عەیامێکە ، دەستی ڕاست و چەپی من
پەنجەکانی یەك ئەشکێنن ... بۆ دوژمن
گەرچی هەردوو بەیەك بازنگی حەسرەت
شەتەك دراون ، لە گێلێتی ...... نەفرەت

......................

دەستی لێمەدە ، ئازیز.. خۆی لەت لەتە خەیاڵم
با لەوە زیاتر، چیدی .. پەخش و پەرێشان نەبێ
هەرلەتێکی ، مەراقێ .. کرێ نشینە .. تێیدا
با حاڵی ئەویش وەکو.. حاڵی نیشتمان نەبێ

......................

وەك شتێکم ون کرد بێ یان چاوەڕێی ڕیبوارێ بم
دێم و دەچم لە ژوورێکا وەك ئەوەی قاڵی کارێ بم
دڵم ئۆقرەی لێ بڕاوەن چاوم دەفڕێ ڕوو لەنادیار
لە بەینی روح و جەستەیا نازانم ، کامیانە ، بیمار

دوورکەوە دوورتا ئەتوانی
بەتۆچی ، خوێنی ڕژاوم
بەتۆچی ، دڵی کوژراوم
بەمن چی ، چەند پەشیمانی
دوورکەوە دوورتائەتوانی
تۆ مناڵێکی دڵڕەق بووی
منیش .. چۆلەکەیەکی گێژ
تۆ بەنیازی گەمە ، بەردی
عیشقت ئەگرتە دڵی من
نەت ئەزانی ،
کەمن هەربەراستی ئەمرم ؟؟
تۆ بەژەهری فەرامۆشی منت ئاودا
نەت ئەزانی ، .
منێش هەرخاری خەم ئەگرم ؟؟
دوورکەوە دوورتائەتوانی
بەمن چی ، چەند پەشیمانی ..!!

وایدەزانی بۆ ئەو ناژیم
بێ ئەو چاوم ناچێتە خەو

نەیدەزانی .. من دەمێکە
چاوم لەخەو تۆراوە، شەو

وایدەزانی خۆی بەتەنیا
شاژنی عەرشی دنیایە

نەیدەزانی ، هەرسەرابە
ئەوەی لەعەقڵی ئەودایە

وای دەزانی گشت بەیانێ
بۆ چاوی ئەو خۆر بێکارە

نەیدەزانی ڕەنگی چاوی
خۆی لەڕەنگی شەوی تارە

بە ڕاشكاوی .. بێ پلارو پل
بێ قسەی گەورەی بە مانا گزگل
زۆری لێ نەدزن بەشی گشت ئەكا
بەشی ئەم خێڵە .. پشتاو پشت ئەكا
بەشی زیندەی گۆڕ، مردەی بان شەقام
زانای بێ كورسی ، كورسیی ژێر نەفام

بەشی بێ كارو بەكارو كردار
كاروان و بارو ڕێبواری بێ بار
بەشی خاوەن ماڵ ، میوانی بێ ماڵ
بەشی حەقیقەت هەم خەون و خەیاڵ
راست و ڕێك و ڕون كورتو پوختو پاك
گەرچی ناخی خاك جیایە لە خاشاك !
زۆری لێ نەدزن بەشی گشت ئەكا
بەشی ئەم خێڵە .. پشتاو پشت ئەكا

ئەمن قەومێك پێدەزانم .. هەندێ زاتی
دەڵێی دۆڵابی ئەنتیکە ، خەیاڵاتی

ترراویلکەی خۆشتردەوێ لە چاوی گەش
تاتەشۆری خۆشتردەوێ لە تەختەی ڕەش

گۆمی مەنگی خۆشتردەوێ لە بەردەباز
کەڕووی کینەی خۆشتردەوێ لەفەرشی ڕاز

دەستی تەوری خۆشتردەوێ لە قۆڵ و مل
خۆڵەمێشی خۆشتردەوێ ، بۆ چاو لەکل

داڵ و هەڵۆی خۆشتردەوێ لە پاساری
چەوسێنەری خۆشتردەوێ لە هاوزاری

شەوەزەنگی خۆشتردەوێ لە ڕووناکی
داگیرکەری خۆشتردەوێ لە هاوخاکی

له چاوەڕو انیی به مرۆڤ بوونا
بووین به پەیکەره دارێکی ڕامان
تەنانەت داڵه کەرخۆرەکانیش
مەیلی نیشتنەوە ناکەن لەسەرمان

.........................

یان ئێوه بڕۆن، یان ئێمه دەڕۆین!
هەر دەبێ ڕۆژێ ، بڕیارێ بدرێ
ئاخر، بۆ دەبێ .. ئەم نیشتمانه
بەرگەی دوو بەڵای ناگەهان بگرێ ؟

....................

تۆ چەند بێ غیرەتی ، مردن
تا یەخەی خارێ پیر دەگری
هەڵاڵەی سەد چرۆی جو انی
ئەدەیته دەستی .. با بردن !

..................................

ئەوەندەت دڵ گوشین ئەی ژین
هێزی زارو چاومان نەما ..
بۆیه بەمەرگ دەڵێین هەنگوین
بەنێڵه نێڵی تۆش ، سەما .. !

( بۆ ڕەوف حەسەن )

لەحەسرەت ڕۆژگاری ڕەش چەم
مەیلی چاوی ڕەشیش ناکەم
لە کڵپەی ئاتەشی ناخیش
سڵ لەوەی دۆزەخیش ناکەم !
ڕۆیشتنی کەس ئەوەندەی تۆ
نەیخستمە سەرکەڵکەڵەی چوون
بوونی کەسیش بەقەد بوونت
بۆی شرۆڤە نەکردم ، بوون
ئیدی لەم کەین و بەینەدا
نە لەمانای بوون تێدەگەم
نە بێ .. دیرۆکەکانی تۆ
دەزانم .. لە کەنگێوە هەم
دەڵێن گوایە لەئەم دەڕواو
دەچێتە ئەو ، رۆحی ڕەوان
نەك بەحوکمی ڕێسای گەردون
دیارە دۆناو دۆنە ، قوربان !

( بۆ سلێمانی )

دەیسوتێنن ..
کوڵمی ئاڵی گەش تر دەبێ
دەیڕوخێنن ..
بەژن و باڵای بەرزترو
عیززەتی ، سەرکەش تر دەبێ
سەگی تانەی تێبەردەدەن ،
ئەو پڵینگیش .. ماڵی دەکا
بەردی بوختانی تێدەگرن ..
گابەردی بێ نوتقی چیاش
حاڵی دەکا ..
خۆزگە دەمزانی ، بۆ هێندە
میهرەبانی .. !؟
قەزات لەدوا تکەی خوێنم
سلێمانێ ..

حەزم لەسەیران وکۆچ و
ڕەوی دوورە ..
بۆ بینینی ئۆقیانووسیش
مەودای حەزم بێ سنوورە ..
حەزلەگەشتی نوێ خاك ئەكەم
ساڵی جارێ ..
خەونی فڕێن بۆ ئاسمانیش لەبیرناكەم
تەورببارێ ..
كەچی بۆ هەركوێەك ئەڕۆم
دوورلەویست و مورادی خۆم
بێ ئەوەی هانم بدا .. كەس
وەك مەلێكی
موعتاد بەزیندانی قەفەس
موعتاد بەخاك وئاسمانی
دێمەوە بۆ.. سلێمانی .

گشت شارەکانم خۆشدەوێ
وەلێ هەربەحوکمی خەیاڵ ..
هەربەحوکمی دوا نیشتنەوەی
مەلێکی کۆچەریی بێ باڵ ..
گەرنیشتمان بریتی بێ ،
لەکونجیلەی یادەوەریی مناڵێتی و
لەباوەشی گەرم و نەرمی دڵنیایی و
لەهەستکردن بەفڕینی
هەموو گەردیلەیەکی روح
بەئاسمانی بێ پایانی پەرستنداو..
گەرنیشتمان بریتی بێ ،
لەعیشق و خەمی هۆگربوون ..
لەهەزاران هەزارئەفسونی پەنهانی ..
وا هەست دەکەن ..
هەرتۆ نیشتمانی منی .. سلێمانی !

سوپای بەفر، بەهاوپشتی
هێزی ئاسمانیی رەشەباو
بەتالیۆنی ئەژنۆشکێنی کڕیوە
بەنیازە شاردادگیربکات
وەلێ .... هەیهات
ئەم خەوەی بۆنایەتی دی
کێ ئەتوانێ
چۆک بە سلێمانی دایات !؟

لەپاش هەررێژنە بارانێ ،
کەخۆی دەشوات
دەڵێی بوکەوهەرهەنوکە
لەگەرماو.. هاتۆتەوە
کوڵمەکانی سوورسووردەبن
لێوی ئاڵ و
نیگای چاوەکانی گەش گەش
چون بڵێی ساتە وەختێکە
رەشەبای .. بیرچۆتەوە

شەکری .. بزە
لەلێوی نابڕێ ، گەرچی
هەموو شەوێ ..
پیاڵەیەك چا بەکەوچکێ
ژهری مەراقێکی نوێوە
فڕنەدا ، ناتوانێ بنوێ
سلێمانی ..

## ( بۆ منداڵە خنکاوەکانی ئیجە )

بەبە .. بەبە .. بچکۆلە .. بنوو.. بنوو.. بەرخۆلە
دایەش وەك تۆ خنکاوە .. تۆ لای خودا داناوە
خوداش دیارە سەرقاڵە .. بێ ئاگایە لەم حاڵە
دەنا خەمی دەخواردی .. فریشتەی بۆ دەناردی
هانێ مورو ها خرخاڵ .. ها بابەتی خەوی تاڵ
بەبە .. دەبخەوە ژیر بە .. بەس چاوەڕێی تەفسیر بە
نە فریشتەو نە ئینسان .. تۆیان نەدی .. بەبە گیان
خوداش باڵی پێنەدای .. تاکو زوو.. بگەیتە لای
دەریا بەکۆشی ، دواجار.. تۆی ڕاسپارد بەکەنار
گەورە نابێ بەبە گیان .. تا ببینی .. نیشتمان
بەدەست میرو ئاغاوە .. چۆن دەبێ بەکەلاوە
بنوو بەبە گیان بنوو.. تاخەم لێت نەبێ بەخوو
ئەم ژینە بێ مانایە .. بەکەڵکی ئێوە نایە
بەبە بەبە بچکۆلە .. بنوو بنوو بەرخۆلە

( جەنگ و شەهید)

..............................

میتۆدێکی گەلێ سەیرە

میتۆدی جەنگ

دزو جەردەکانی دنیا دایدەڕێژن

کەچی دزی لێکراوکان پیادەی دەکەن

..............................

لە دیرۆکی چەنگەکانا

نامەی مەمێ ناخوێنیەوە باسی نازی زینی تیابێ

پەروانەیەک نابینیەوە

بەئاگری رازی شەمێ چکێ لەباڵی سوتابێ

سیامەندێ نییە لەجێ

حەیرانێ بچڕێ بۆ خەجێ ..

لاسێ لەگۆڕێدا نییە

بەتیری موژگانی خەزاڵ پێ کرابێ

فەرهادەکان ،

لەکۆشی تفەنگەکانا شەوبەش دەکەن

شیرینەکانیش بەباroووت

چاوڕەش دەکەن ..

تاسەرئێسقان

رقم لەدەنگی ناڵەیە ، ناڵەی زامدار

ناڵەی بۆمب و

تەنانەت ناڵەی ئاسمانیش

تاسەرئێسقان

قێزم لەبۆنی بارووت و لاشە بەجێماوەکانی

گۆڕەپانی جەنگ .. دێتەوە

تاسەرئێسقانیش ئارەزووی

نیشتنەوەی کۆترە ماندووەکەی

ئاشتی دەکەم

وەلێ حەیفێ .. خێڵی ڕاوچی

بەفیکەی نەرمی دیالۆگ

بە ڕەهەێڵەی ئەشکی گەرمی نێچیرەکان

بە کزەبای ئاهی بێچوە کۆترەکان

تاپڕەکانیان .... فرێ نادەن.

لە تاقیکردنەوەکەی جەنگا
یەک جۆرلە پرسیار دێتەوە
ئەویش تەنها پڕکردنەوەی بۆشاییە
وەلێ هەندێ بەگیان پڕی دەکەنەوەو
هەندێکیش .. دەیکەن بەگیرفان ,
بۆشاییەکان ..

کە زوڕنای جەنگ دێتە ژەنین
پەڕەسێلکەکانی جوانی
لانەی شیعر جێدەهێڵن
گوڵەکانیش هێندە دەگرین ،
تا وشک ئەکەن
پەپولەیەک نییە ، بێتە ژوانی سەما
دڵیش دەبێت ، بەخڕکە بەردێکی پڕ چنگ
لەودەمەیدا
شیعردەبێ بەنوکی رم ، تیغی شمشێر
شاعیریش بە پەیکەرێکی
بێ گیان وکوێر.

بەرانبەریەک رادەوەستین
چاوی چەپ لەیەک دادەگرین
چاوی ڕاستی هەریەکەشمان
لە قەرەوڵی تفەنگەوە
زەق زەق دەبڕینە سنگی یەک
بە خوێنی دڵی یەکتریش
لێوی سنووری متمانە سووردەکەین و
یەکێکمان جەنگ دەباتەوەو
میهرەبانی.. دەدۆڕێنێ ، یەکێکیشمان
پۆکاڵی جەنگ دەدۆڕێنێ و رقێکی رەق دەباتەوە
بزانە جەنگ .. چ کەرنەڤاڵێکە ، مرۆڤ

کاتێ ، تفەنگەکان دەدوێن
چاوە شینەکانی دەریاو
روخساری خاک .. سورسوردەبن
ئەویان لەزۆری گریان و
ئەمیان لەبەر.. رومەت ڕنین
هەناسەکانی ئاسمانیش
بۆنی دڵە برژاوەکانی دەگرێ بەگڕی
دۆزەخی .. قین.

کاتێ کەتفەنگەکان دەدوێن
کۆترەکان دەفڕن بۆ سەرمانگ
چەقەڵەکان دەترەکێن و
لێرەولەوێش .. چەند رێویەک
دەبنە ئەنجومەنی باڵای
سولح و... فەتوا
ئالێرەداو منیش بە نوێترین گەردبین
! دەگەڕێم بۆ.. بێ دەنگیی خوا !

کاتێ تفەنگەکان دەدوێن
گوێ ، گفتوگۆی خۆشەویستی
بۆ ماوەیەک .. لەبیردەکاو
هەربەخرمەی گوللە ڕادێ
وەک سەگەکەی .. مام بافیلۆڤ

کاتێ زاری تفەنگ ئەپژێ ..
هەموو دەبێ بێدەنگ بین و
هەرخۆی بدوێ
ئـاخ .. ئەزیزان
لەسەروەختی جەنگەکانا
چەن زمان درێژە تفەنگ ،
چەنیش بێ گوێ .. !!

گەرنەکوژران ..
دوای ئەوەی جەنگ کۆتایی دێ
دەبێ ، تکا لەخاوەن ماڵەکان بکەین
کرێ لانەی ئەم چەند مانگەی
جەنگەکەیان
بۆبکەن بەقەرزی نەرم و
درێژخایەن ،
ئەوە تەنها گەمژەکانن .. وا دەزانن
خاکی وەتەن ..
لەسەرنەکوژراوەکانی دۆزەخی جەنگ
تاپۆ.. دەکەن !!

لەوەرزی وەیشومەی جەنگا
هەورەکان خوێن دەبارێنن ..
کۆرپەلە بارانی بەهارلەباردەچێ
منالْدانی ژیان ، ئەمڕۆ
دەبێ کورتاجی بۆبکرێ
ئەگەرنا .. ئایندە ، نەزۆك
ئەگەرنا .. چنگی خوێناویی
تا لێوارەکانی زەمەن
وەها سان بەرنادا بەرۆك .. !!

تفەنگەکان .. گشتیان بەیەك زمان ئەدوێن
زمانی .. خوێن !!
لایان گرنگ نییە ، ئەوان
چاوی سەرقەڕەوڵەکان وشانی پشت قۆناغەکان و
دەست و مەچەکی ژێرلوولەو
پەنجەی سەرپەلەپتیکەکان
کێن وبەکام زمان ئەدوێن !!
تفەنگەکان .. گشتیان بەیەك زمان ئەدوێن
زمانی .. خوێن !!

**بریا لولەی تفەنگەکان**

**شەرمیان لەگوڵ بکردایە ،**

**وەلێ .. ئاخر**

**ئەوەی سەربە نەسلی شەڕبێ**

**غەیری قریشکەکانی تفەنگ**

**لەهیچ هاوارێکی کە ناگا..**

**ئاخ ، تۆچ بێ میهری تفەنگ .. !**

**هەم دەبیتە ، دارشەقی بن باڵی هەرچی**

**لاق فرپوی ئاسمانی شانازی هەیەو**

**هەم ، چی پیاوی گرگن هەنە ..**

**خۆیان بەتۆوە ، بادەدەن !!**

ئەوەی لەجەنگ جێدەمێنێ و
لە فەنابوون قوتاردەبێ ، کینەیەکە ،
تادەرفەتێکی تری جەنگ
بەلاپەڕە خوێناویەکانی تۆڵە دا دەچێتەوە
ئەوەی لەدەستپێکی هەموو جەنگێکیشدا ،
شەهید دەکرێ
عیشقە ... عیشقیش کە فەنابوو
وادەی سەد بەهەشتی پێدەی
.. مەحاڵە زیندوو بێتەوە

بەدەست من بێ ، شمشێرەکان
دیسان لەکوورەی ئاگرا دەتوێنمەوەو
هەریەکەیان
دەکەم بەقاچێکی دەستکرد
بۆ ئەوانەی لەچێژی پیاسە بێ بەشن .. !!
وەلێ ئەی چی
لەبەردی دڵی ئەمان کەم
لەجێی بەردێ ...
کەهەزاران بەردی ڕەشن ؟؟

بەدەست من بێ لولەی تفەنگ
ئەکەم بەکەمەی گۆچانێ ..
تا لەپاییزی تەمەنا
یاوەری دەستی ماندووبێ
لەبۆپیاسەی ئێوارانێ
وەلێ ، ئەی چی
لەخۆڵدانی عەقڵی ئەوکەم
کەوا غەیری زوبانی خوێن
زوبانێکی کە نازانێ !؟

وێڕای دڕکەزییەکانی جەنگ
وێڕای وڕێنەکانی تفەنگ
لەژێرسێبەری دێوەزمەی مۆنی مەرگا
گوڵم ، کاتێ کەروخسارت
دێتەوە بەرچاوی خەیاڵ ..
تام لێ دێت وگڕۆزانە بیرت ئەکەم
لەوکاتەدا ،
تۆجوانترین بوکەشوشەی
منیش .. هەژارترین مناڵ

رشانەوەی مەستێکی نێو
خەراباتی دنیایە .. جەنگ
کاتێ دەڕژێ ،
گەڕانەوەی ئەستەمەو.. نەنگ
تا ئەتوانی دووربە لێمان
ئەی جەنگ فرۆش
ئێمە- خۆمان
لەمێژەوە بەبۆن کەوتووین
لاکەوە تۆش

بۆمبهاوێژەکان ، کەڕدەبن
زرێپۆشەکانیش لاڵ دەبن و
فڕۆکە نەفرەتیەکانیش ،
دەچنەوە هێلانەی خۆیان
تفەنگەکان ، ئیترزمان
لەیەکتری دەرناهێنن ..
ئەودەمەی کە نەهەنگەکان ،
لەسەربەشکردنی زەریا
ڕێك ... دەکەون !

، ئەم سەری ڕێ
شوشەی وردوخاشی دڵە شکاوەکان و
.. ئەو سەری ڕێ
، مین ڕێژ، بەدڕکی چاوە زەقەکانی ڕەقیب
.. ئێمەش هەمووومان ، پێی پەتی
ئاخر ئەم خاکە سەرلێوە
.. بە گوڵە سوورەکانی شەهید
هەربۆیە کەسمان جورئەتی ئەوە ناکەین
،جارێکی تر
پۆستاڵی جەنگی خۆکوژی لەپێکەین و
لەسەرڕیتمی تفەنگەکان
.. دووبارە بۆ.. جەنگ سەماکەین
هێی ئەزیزم .. چەند سیایە
ناخی ئەم قەدەرەی ئێمە .. !؟

.. زۆرجۆری جەنگەکانمان کرد
! جەنگ لەگەڵ فریشتەکانی
عەرشی یەزدان
چەنگ ، لەسەرگروپی خوێن و
.. ڕەنگی قژو.. دژبەدەنگە نەشازەکان
.. جەنگی دونیاش بۆدولبەرێ
، تەنانەت جەنگی نیوانی
پەنجەکانیش
. جەنگی نێوان کورسیە پیروگەنجەکانیش
، وەڵێ هەرجەنگێکمان نەکرد
.. کەدەبوایە ئێمەی تاساوبەهەق بیکەین
جەنگێ بۆبەخشینی مانا
.. بە ژیان و... خودی ئینسان
، جەنگی هاوتایی پێکەنین ، لەگەڵ گریان

، کەجەنگەکان هەڵدەگیرسێن
.. تاکو بیرم نەچێتەوە ، کەمرۆڤم
دەچم ئاوی گوڵەکان ئەدەم
. دان ئەدەم بەچۆلەکەکان
پێم ناڵێی ئەمجارە سەرەی
کام شارو ، کام کوچەو ماڵ و
کام قریوەو گرِوگاڵ و
کام مەلی روحە ، ئەی قەدەر؟؟
پێم ناڵیی ، ئێمە تا مردن ..
دەبێ چەند جاری تر بمرین .. !؟

.. گەورەم شەهید
میرخاسەکان ، بەبارانی
هەوری گەواڵی زامی تۆو
ئارەقەی دزراوی من و
شیری مناڵەکانیشمان
، داری ئازادی ئاو ئەدەن .
داوای هەنجیرێکیش بکەین ،
ئەڵێن .. خەوشە
نیشتمان سەرقاڵی جەنگەو
فرە بەرتەنگە ، ئەم ڕەوشە
.. گەورەم شەهید
دیارە ئێمەی شەکەت ، ئاوی
.. هەنجیری دڕکاوی ئەدەین

گوڵەکان ، بێزارن لەوەی
، ئیدی سیمبولی جوانی بن
مۆمەکان ، بێزارن لەوەی
، ئیدی بکوژی تاریکی بن
سروەبا ، بێزارە لەوەی
ئیدی پۆستەچی نێوانی دڵداران و
ئاو ، بێزارە لەوەی ئیدی
.. پێی بڵێن ، خالقی ژیان
دڵیش هەربێزارە لەوەی
.. قاسەی ئەوهەمووخەمە بێ
شتگەلەکان بێزارن لەناوی خۆیان
منیش ، بێزارم لەکورتیی دەستی شیعر
.. لەوەرزی بێ هەستەکانا
دەترسم تۆش زۆربێزاری بی لەناوەکەت
! گەورەم .. شەهید

وا بایەقوشێك دەخوێنێ ..
.. بە لولەی تفەنگێکەوە ..
باسی یادی سەرێك دەكات ،
پێش پژانی
پڕبوو لەشەبەنگی عیشق و
.. خەیاڵیشی
هەرلای کۆترەکانی ماڵ بوو
،کەچی کورسییەکی بێ عار
بەنیازە دارشەقێ بکات بەلاقی خۆی
کەلەوسەربازە بەجێما و ،
گەردەلوولی کوێری مینێك
.. هەنگاوەکانی لێفڕاند
گوڵم ئەمشەو ، بێ ویستی خۆم
.. بۆنی بارانی خوێن دەکەم

گەورەم .. شەهید
ئەی پیرۆزتر لەباران و
لەدەشتی گەنم و لەهەتاو
ڕەنگی رووومان .. خوێنی تۆیە
لەسەربەرزیت .. هەزار سڵاو
ئەی پەڕەی شانازیی دیرۆک
تەنها شکۆی تۆیە ، جێگەی شانازیە..
لەبەردەمیا بێمە سەرچۆك

لەو ڕۆژەوەی
باخە پاییزیەکەی ئێمە
گەڵاڕێز انی گیانێتی و..
وەلێ .. ئاواش
دەست لەخەونی
سەوز بوونەوە هەڵناگرێ ..
گەورەم شەهید .. ئێوارەت باش

گەورەم .. شەهید ،،
بەتەنها تۆی ..
جورئەتی ئەوکۆچە دەکەی
باوەشی ئازیزەکانت جێ بهێڵی
بۆخاتری باوەشی خاك
ئەی بێ منەت ، لەکورتی باڵای تەمەن و
ئەی لەبەرزیی بەژنی ئازارەکان بێباك
ئەی گوایە خۆت نەتدەزانی
بۆزامی هەموونیشتمان
دەبیت .. بەماك !؟

دەیانەوێ .. بیکەن بەکلیلێکی جۆکەر
بۆکردنەوەی دەرکی قاسەو
دەرکی ژوورەکانی بەخت و،دەرکی هەموو
کۆگەوبانك وبازاڕەکان ..
ناوی ( شەهید).. ماکی قوڵی
هەمیشە سەوزوشێداری
هەموزام وئازارەکان .. !!

گەورەم .. شەهید
ئەی پەیامنێری ئازاری ئەو میللەتەی
عەیامێکە ، بەلافاوی خوێن خۆی ئەشوا
گەربەرێکەوت چوویتە لای خوا
پێی بڵێ ، ئەی
کەس لێ نەبووی لەکەس نەبوو..
بەسەرلاشەی مێژوومانا
غەدری ئەنفالێ .. بەس نەبوو !!

جەنگ .. پاساوی
چەرچییە دۆڕاوەکانە
لەبازاڕی نەرم و نیانی ئازادا
بۆ قەرەبووی .. زەرەرەکان
کەچی هەرکڕیارەکانی
حەسرەت و مەراقی تێدا
شەهید .. ئەبن !!

سەرکردەیەك ..
دەتكات بەپاسەوانی وڵات
شاعیرێك دەتكات بەشیعرو
موزیك ژەنێك .. بەسروودو
نیگارکێشێکیش .. بەکەڤاڵ
ڕەنگە ئەوان ، ناودار بن و خەڵات بکرێن
تۆش لەخەمی مشتێ شەکریت
بۆژیانێك .. چیتر نییە لەفڕدانی
فنجانێکی گچکەلانە
لەقاوەی تاڵ .. !
ئەی .. پێش .. مەرگە

بدوێ ، ئەزیزەکەم بدوێ
لەکڵاوە جێماوەکانی سەربازە کوژراوەکانا
جگە لەخاری بێدەنگی ..
چرۆی هاوار ناپشکوێ !!
بدوێ ، ئەزیزەکەم بدوێ
پڕبەتوونی پەنگی گەرووت هاوارکە .. نا
تاوەکو گوێی بەرد کەڕدەبێ !!

، ئەزدەترسێم
دوای کۆتایی هاتنی جەنگ
باخێك نەمابێ بۆ ئاشتی و
گوڵێک نەمابێ بۆ سنگی خۆشەویستی و
.. تفەنگەکەم بکرێ بەخاچ
منی بەڕێکەوت جێماویش
، لەڕەشەباکانی مردن
لەدەشتی گەنمی میرێکا
، بکرێم بەداهۆڵە مەسیح
بۆترساندنی چۆلەکە برسیەکانی
.. هەوارێکی بەبیابان بوو

ئێمە چیمان دابوو لەجەنگ !
گا پیر ، ئاسان
لاپاڵەکەی بۆ دەکێڵاین ..
بۆرە ، پاسی
مەڕەکانی خاس دەکردو
کەرشەل ، باری
بە هەوای شان دەبرد بۆ ئاش .
ئەو دەمانە ..
نەکەس برسی بوو ، نەکەسیش
تینوو بەخوێنی ئەوی تر ،.. !
وەلێ کاتێ هەرکەجەنگ هات ،
گا پیر ، بە مینی ڕق کوژراو
بۆرە ، بوو بەهاوڕێی گورگ و
کەرشەلیش ، لەقوڕی خەستی
خیانەتا ، چەقی .. بێ دەنگ
ئێمە چیمان دابوو لەجەنگ .. !

تاکو ئەمڕۆش ..
ئەو شمشاڵە نەفرەتییە
کەدەست دەکا بەناڵە ناڵ ..
روحی منیش
پڕ دەکا لەهەوری خەیاڵ
گەواڵ .. گەواڵ
بەیادی ئەو ڕۆژانەوە ،
هاوکات لەگەڵ ناڵەی ئەوا
ژیاننامەی شەهیدێکیان
دەکرد بەدەستپێکی هەواڵ !

جوانن ئەوانەی لەشاخەوە
فڕین بۆئاسمانی بیرەوەری
گەرتا ئەمڕۆ لێرە بوونایە
کێ گرەنتی مانەوەیانی ئەدا
بەجوانی .. !؟
گەورەم شەهید ، لێم ببوورە !
شار.. میزاجی
زۆرلەهاوڕێکانتی گۆڕیوە ..
وا باشترە ، شەهیدەکان
*( هیچ هەفتەیەك نەگەڕێنەوە ) !!

باسی چیم بۆدەکەی ، لالۆ!
کام .. ڕا پەڕین ؟
ئەوەی ، سەرکردە مەزنەکان
بە (بێ تەل) نوکتەیان بۆیەکتردەکردو
کوڕە وشکەکانی ئێمەش ، بە پێی خۆیان
ڕایان دەکردە نێوئاگر.. ؟!

.

كامە یادو لەکێ پیرۆز!
یادی یەکەم ، گاڵتە بەخەونی پیرێکی
نابینا ، بەچاوی ساغ و
لە حەکیمە ساختەکانی ، نەخۆشخانەی
ئەم ئەشکەوتی نیشتمانە ؟!
یان لەوڕەوە کوللە هارەی
لەیەکەم ڕۆژەوە ، دایان
بەسەردەشتی سەوزی خەوناو
هەموومانیان .. نابینا کرد ؟!

بروسکەیەك ،
لەزمناکۆوە بۆ ئازاد ..
برادەران ئاگادارکەوە ، لەگۆڕا !
لەدوای ئاهەنگی حەوتی سێی ئەوساڵەوە ،
دەهۆڵ کوت هەرهەمان کەسەو
سەرچۆپیکێش ، هەرهەمانەو
شایەرهەرهەمان شایەرەو
کۆرسی چەپڵەش هەرهەمانن ..
ئەوەی سەمای سوخرییەتیشی پێدەکرێ
هەرهەمانن ..
مەستەکانی خەراباتی نیشتمانن ..
سوپاس بۆخوا .. هیچ نەگۆڕا !!

لەکورتە فیلمەکەی جەنگا ..

پاڵەوانە ڕۆمانسییەکان ،

ڕۆڵی شەهیدیان پێ دەدەن ..

بازرگانە ترسنۆکەکان ،

وەك قەشمەرێکی کۆمیدی

تا کۆتایی فیلمەکە هیچیان لێنایەت !

درۆزنێکی جامبازیش

دەبێ بەحیکایەت خوان و

بێدەنگە بێباکەکانیش

بینەرو گوێگری بەڕێز !!

جەنگ بەدوی جەنگ ،
لەدەرکی ماڵی (بوون) ئەدەن ..
جەنگی هۆش و هەست و نەست و
جەنگی .. بەدەن !
ماڵی بوونیش ، چۆڵ و خامۆش
لەچۆلەکەی پیکەنین و
سیخناخ بەسێبەری داڵی
ترس وگومان ..
ترس .. لە نەمان
گومان لەبوونێ ، بەتامی خۆ فریودان .. !
درۆیە .. نا
چارەنووسی کەس لەتەختی
نێوچەوانیا نە نووسراوە ..
بەختی مێگەل بە گۆچانی
دەستی شوانەوە ، لکاوە ..
تا ئەو دەمەی ، چاوی ئاسۆ
هەرلەخەونا ڕوولەهەل بێ .
تا ئەو دەمەی ،
گەل ... مێگەل بێ !!

جەنگ .. هەڵگیرسا
کارخانەکانی چەك ، غەمزەی
غەزەلیان دەگرتە یەکتر..
برسێتی .. هات
ئەمبارە گرڑو مۆنەکان
بریسکەی سمێڵیان دەهات ..
پەتا ، دای لەشەقی باڵ و
دەرمانفرۆش ،
چاوی لەشەپۆلی دەریای
بازاڕی دراوە ، هەڵچێ !
(مارکس) بەڕیشی پانەوە
لە دوتوێی کتێبێکەوە ،
کەتۆزی سەدساڵ زیاتری
لێ نیشتووە .. هاواردەکا
ئەم (گا)یە شێتە پەت نەکەن
سەرزەمین سەروخواردەکا !
وەلێ .. حەیفێ !!

( دیسان .. ئەنفال )

من دڵنیام .. ئەو مناڵەی
لە ڕۆژی حەشری ئەنفالا
بەحوکمی قودرەتی (شەیتان)
ڕزگاری بوو.. !
ئەمڕۆ ، لێوی پەشیمانی
بە ددانی
(کلۆری ژیری) دەگەزێ و
دەڵێ .. خۆزگە
ئێسك و پروسكی منیشتان
لەنێو تابوتێکی چۆڵا
(ڕادەستی) خاك دەکردەوە !
بە نەفرەت بی ، ئەی فریشتەی
بەخشینی تەمەن درێژی ..
گەرەکتە ، لەگەڵ چەند خەمی
تری شەرما .. من بنێژی ؟!

بەرانبەریەك ڕاوەستاون ،
پەنجە لەسەر
پەلەپیتکەی مەرگ وتفەنگ ..
بەیەك بژمەی سەنگەرێکیان ،
ڕەنگە هەڵکات ، باڕەشی جەنگ ..
کەچی ، لەباڕینی بۆمبی
قەلەڕەشکەکانی دوژمن ،
هەردوو.. گوێیان کەڕەو هەردوو
چاوی زەقیان کوێرەو هەردوو
سەگی زاریان سەمەندۆك و
مات و بێ دەنگ ..
شۆڕە سوارەکانی ئێمەی
چەك لەکەمەر.. بۆ دۆخی تەنگ !!

**تفەنگەکەت دانێ برا ..**

**ئەوەی بەنیازی بێ پێکی**

**باوکێکی بێداری ترەو**

**لە شەوگاری تاری ئەم نیشتمانەیەدا ،**

**جگەرگۆشەکانی .. وەك تۆ**

**جێ هێشتووە .. بەبێ چرا !**

**تفەنگەکەت دانێ برا .. !!**

## هەڵبژاردن

.......................

بەم بەهارە ،
ئەم هەوارە بیابانەو
پڕە لەتراویلکەی درۆی
عەواڵ و سوێر..
ئاسمانیشی
تەنراو ، بە هەوری هەمەڕەنگ
باوەجوگەواڵ و بێ خێر.. !

گوێیە گرانەکان ، سوك بوون ..
چاوە کزەکانیش ، دیسان
بوونەوە بەچاوی هەڵۆ..
بەستەڵکی زمانە سرەکان شکاو
بێدەنگیەکان تو انەوەو
بوونەوە بەلافاوای درۆ
بۆقەکان بوون بەکەناری
کیسەڵەکان ، بەئاسك و
قەلەڕەشکەش .. بەپەپوولە
دووپشکەکان بوون بەتاووس
کوللەکان بوون بەکۆترو
پیرە گورگان ، بوون بەتوولە
هەرهەمووشیان ،
چاویان لەدستی ئێوەیە ..
دیارە وادەی .. گێمێکی کەی
(کەڵ .. بژاردن) .. بەڕێوەیە !!

پەنجەمان کرد
بەشوشەی حیبری دەنگدانا
نەمانزانی ،
بیابان و دەریا ، هەردوو
بەهەمان پەت ئەتخنکێنن ..
ئەمیان وشك و
ئەویشیان .. سوێر !

پەنجەمان کرد
بەشوشەی حیبری دەنگدانا
وەلێ شاری زەردەواڵەی
هاری بێ خێروبێر دەرچوو !
خێرە ، دیسان هەمان ژانی
پێوەدان تاقیکەینەوە !؟

ئەم سندوقانە ، ئەگەرچی
ئێوە دەستیان لێ دەخشێنن
وەلێ وەك قۆریەکەی دەستی عەلائەدین ..
ئەو دێو انەی لێیانەوە دێنەدەری ،
دڵنیابن ..
دەبنە نۆکەری میر انی نێو کۆشکەکان
لە خزمەت ئێوەدا نابن ،، !!

کە دەنگ و ڕەنگ
کۆدەبنەوەو
دەچنەسەر جێخەوی ئەڤین ،
کات پڕ دەبێ لەڕەنگاڵەو
شوێن پڕ دەبێ
لەزەڕنەقوتەی پێکەنین ..
وەلێ هەر ئەو جارە نەبێ ، کە پێکەوەو
بۆ بەڵێنستانی درۆی هەڵبژاردن
دەبنە .. پەرژین !

چوارساڵ جارێ ..
چی بەفری درۆی شیرینە ،
چی مەرهەمی نوێی برینە ،
چی گورگە بۆپاسی مەڕان ،
چی بەڵێنی نەبیستراوە ،
چی خەونی قەت نەبینراوە ،
بۆنابینایان وکەڕان ..
چی گۆچانە بۆپشتی کوور..
چی ماینچەقەڵی بەختە ، لەبازنەی سوور..
چی شەونمی گریانیشە ، بەسەرگەڵای
زەردی ئومێدا دەبارێ
چی گەزۆی شازی بەختیشە
بەسەرهەندێ
قارچکی نوێ هەڵتۆقیوا دێتەخوارێ ..
چوارساڵ .. جارێ !!